# زانـــایان

ژماره ( ٩٥ )
شەوال / ١٤٣٤
خەرمانان/ ٢٧١٣
ئـــاب/ ٢٠١٣

گۆڤارێکی رۆشنبیری ئایینیی، مانگانەیە، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات



خاوەنی ئیمتیاز
**مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی**
amalazada@gmail.com

سەرنووسەر
**مەلا جەعفەر گوانی**
cefergwani@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
**مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**
Sherkaway83@gmail.com
07504632715

راوێژکارانی فەتوا
**مامۆستا مەلا موحەممەد وەرتی**
**مامۆستا مەلا ئەحمەدی شافیعی**
**مامۆستا مەلا عومەری سوێری**

راوێژکاران
**مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی**
**شێخ عەبدولباسیت بالیسانی**
**شێخ بەهائەدین نەقشبەندی**

ستافی نووسین
**مەلا تەیب زیارەتی**
**مەلا هەندرێن بالیسانی- ابن الشهیدین**
فۆتۆ
**تەها شەمسەدین**




مەلا مژدە شوانی:

## راگەیاندکاری سەرکەوتوو دەبێت چۆن بێت؟



ئاوات شێخ محمود نەقشبەندی:

## چۆنیەتی میژەرە ( مەندیل )



هێمن عومەر خۆشناو:

## ئەو زانستەی دەبێتە بەلا


ناونیشان: هەولێر– شەقامی شەست مەتری سێڕیانی ڕێگای موسڵ – بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان

# یەکێتی زانایان ساڵیادی ڕابیتەی ئیسلامی پیرۆز دەکات




ڕۆژی سێشەمە (٢٠١٣/٨/٢٠) مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی زانایان بەشداری کرد لە ئاهەنگی ساڵیادی ڕابیتەی ئیسلامی کورد، کە لە هەولێر لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا ڕێکخرا.

سەرۆکی زانایان وێڕای پیرۆزباییکردن لە دکتۆر عەلی قەرەداغی سەرۆکی ڕابیتەی ئیسلامی کوردو تەواوی ئەوانەی لەم ڕێکخراوە خێرخوازیە کار دەکەن، هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ خواستنو، هیوادار بوو ڕابیتەی ئیسلامی کورد لە کارە خێرخوازیەکانی بەردەوام بێتو خوای مەزن پشتو پەنای کارە جوانو چاکەکانیان بێت.

# سەرۆکی زانایان داوا لە مورشیدانی حەج دەکات هەڵگری جوانترین پەیام بن

ڕۆژی سێشەمە (٢٠١٣/٨/٢٠) لە هۆڵی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی زانایان بەشداری کرد لە خولێکی تایبەت بە مورشیدانی ئایینی حەجی ئەمساڵ.

لە مەراسیمەکەدا سەرۆکی زانایان وتەیەکی پێشکەش بە مورشیدانی ئایینی ئەمساڵی حەج کرد.

لە وتەکەیدا وێڕای باسکردنی چەند لایەنێکی پەیوەست بە حەجکردن، داوای لە مامۆستایانی ئایینی بەڕێز کرد هەموو هەوڵی خۆیان بخەنە کار بۆ خزمەتکردنی حاجیانی کوردستانو، هەمیشە لەگەڵیان دابن، هەروەك داوای لێکردن پەیامێکی جوانی موسڵمانانەو نەتەوەیانە لەگەڵ خۆیان ببەن بۆ گەیاندنی پەیامی ئیسلامی پیرۆزو نەتەوەی کورد.

لەلایەکی دیکەوە سەرۆکی زانایان هیوای خواست مامۆستایان لەوێ باشترین ڕێگە هەڵبژێرن بۆ ئەوەی حاجیانمان هەست بە خۆشیو ئارامی بکەنو، خۆیان لە بابەتو مەسەلە خیلافیەکان دوور بگرن.



# پەیامی زانایانی ئایینی بۆ هاریکاریکردنی کوردانی ڕۆژئاوا




بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

(خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا)

سەرەتا لە ناخی دڵمانەوە هاوخەمی خۆمان بۆ تەواوی ئەو کوردانە دەردەبڕین، کە لە ڕۆژئاوای کوردستان ئاوارە کراونو، ماڵو حاڵی خۆیان بەجێهێشتووە، ئەمەش بەشێکە لە زنجیرەی ئەو نەهامەتیو تراژیدیایانەی لە ئەنجامی دیکتاتۆریو نا یەکسانی بەسەر گەلی کورددا دێن.

هەر بەم بۆنەوە بە پێویستی دەزانین دەستخۆشیەکی گەرم لەسەرجەمی هاووڵاتیانی کوردستان بکەین، ئەوانەی بە هەر شێوازێك بێت دەستی هاوکاریو یارمەتیان بۆ ئەم ئاوارانە درێژ کردووە، هەروەها دەستخۆشیەکی گەرم لە تەواوی ئەو ڕاگەیاندنو کۆمەڵەو ڕێکخراوو پارتو لایەنەکان دەکەین، کە خۆنەویستانە خەریکی هاندانو پشتیوانیکردنی ئەم ئاوارەنەن، ئەمەش ئەخلاقو ڕەوشتی گەلی کوردە، کە هەمیشە بە پیر هەژارو کەمدەرامەتو لێقەوماوانەوە دەچنو، لە پەیامی پیرۆزی ئیسلامەوە فێری مرۆڤدۆستیو بە پیرەوەچوونو ویژدان جوڵانەوە دەبن، کە ئەمەش بۆتە بەشێك لە کلتووری نەتەوەییمان.

وەك پێشتریش چەندین جار ڕامانگەیاندووە داوا لە سەرجەم لایەنەکانو هاووڵاتیە بەڕێزەکان دەکەین کەمتەرخەمی نەکەنو ئەم خێرو حەسەناتەی بۆمان هەڵکەوتووە لە دەست خۆمانی نەدەین، بەتایبەتی کە مامۆستایانی ئایینی بەڕێز وەك هەمیشە لەم ڕێبازە پیرۆزە زیاتر خەڵکی وشیار دەکەنەوە.

**مەکتەبی تەنفیزی**

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

**٢٠١٣/٨/١٩**

# یەکێتی زانایان: پێویستە هەموومان پشتگیری کۆنگرەی نەتەوەیی بکەین

لە سەروبەندی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە پەیامێکیدا داوا دەکات هەموو لایەك پشتیوانی سەرکەوتنی کۆنگرەی نەتەوەیی بن.

ئەمەی خوارەوە دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

(وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعاً وَلاَ تَفَرَّقُوا)

لە سەروبەندی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی هەموو پارچە لێك دابڕێندراوەکانی کوردستان، وێڕای ئەوەی وەکو مەلاو زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پشتیوانی لە هەر هەوڵێك دەکەین، کە ببێتە مایەی لێکنزیکخستنەوەی نێو ماڵی کوردو، بەهێزکردنی پەیوەندی کوردەکانی هەموو جیهان بەتایبەتی کوردانی هەر چوار پارچە بە غەدر لێکدابڕێندراوەکان، لە هەمان کاتدا پشتگیری تەواوی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەکەینو، بە پشتیوانی خوای مەزنو، پاشان لە سایەی حیکمەتو لێزانیو گەلویستی ڕێبەرانی کورد، ئێمەو تەواوی کورد بە ئومێدێکی زۆرەوە دەڕوانینە ئەم کۆنگرەیەو، دەخوازین لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەوە بێت، چونکە ئەگەر خۆ بەخۆ دەنگمان بخەینە پاڵ دەنگی یەكو، نێو ماڵی کورد قایمتر بکەین، کەسانی دیکەش زیاتر ملکەچی ئیرادەی کوردو بە پیر مافە زەوتکراوەکانی گەلەکەمانەوە دێن.

دووبارە هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکە دەخوازین بەرەو ئاییندەیەکی گەش بۆ هەموو پارچەکانی کوردستانو یەکبوونی یەکجارەکی ماڵی گەورەی کورد.

**مەکتەبی تەنفیزی**

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

**٢٠١٣/٨/٥**

# یەکێتی زانایان: ڕۆیشتنی گە نجان بۆ سوریا ناشەرعییە




سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ڕایدەگەیەنێ ڕۆیشتنی گەنجان بۆ سوریا ناشەرعییەو هیچ بنەمایەکی جیهادی تیادا نابینرێ، ئاماژە بەوەش دەدات ئەوانەی گەنجان بۆ سوریا دەنێرن خۆیان لەناو ماڵەکانی خۆیان دانیشتوون و خۆیان ئامادەی ئەو بەناو جیهادە نین.

مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: ڕۆیشتنی گەنجان بۆ سوریا ناشەرعییەو هیچ بنەمایەکی جیهادکردنیشی تیادا نییە، گوتیشی "ئەوانەی گەنجان بۆ سوریا ڕەوانە دەکەن خۆیان لە ماڵەکانی خۆیان دانیشتوون و لەناو ماڵ و خێزانی خۆیانن، ئەگەر جیهادە ئەی بۆ خۆیان ناڕۆن بۆ ئەو جیهادەو گەنجان هاندەدەن و ژیان لە خانەوادەکانیان تێك دەدەن".

سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ئاماژەی بەوەش دا بۆ گەنجانی هەرێمی کوردستان جیهاد لەناو وڵاتەکەی خۆیاندا هەیە و هەرێمی کوردستان پێویستی بە تواناو ماندووبونی ئەوان هەیە تاوەکو ئاوەدانتری بکەنەوە.

# یەکێتی زانایان: کەس مافی حەلاڵکردنی خوێنوماڵی کوردی نییە




بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

ماوەی چەند رۆژێکە، بەتایبەتی دوای ئەو گۆڕانکارییانەی لە کوردستانی رۆژئاوا دروست بوونە، هەواڵو دەنگۆی ئەوە بڵاوکراوەتەوە، کە بەرەی نوسرە (جبهة النّصرة) لە سوریا فەتوای حەڵاڵکردنی خوێنو ماڵی کوردیان داوە، ئەمەش وەك هەنگاوێك بۆ ئاڵۆزکردنی رەوشی سوریا بە گشتیو کوردستانی سوریا بەتایبەتی.

ئێمە بە توندی دژی ئەم جۆرە فەتوایانە دەوەستینەوە، – ئەگەر راست بێت – نانەوەی گەورەترین فیتنەی ئایینیو ئاشووبو هەوڵێکە بۆ رشتنی خوێنی مرۆڤەکان بە گشتیو گەلی کورد بەتایبەتیو تێکدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان پێکهاتەکانی ئەم وڵاتەیە، کە ئەمەش بەر لەوەی زیان بە کورد بگەیەنێت، گەورەترین زیان بە ئاینی پیرۆزی ئسیلام دەگەیەنێت، چونکە ئیسلام دەکەنە ئامرازێکی کوشتنی گەلی کوردی موسڵمانو نانەوەی فیتنە، هەروەك پێچەوانەی دەقەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیشە، کە خوێنی مرۆڤەکان حەرام دەکات، بەتایبەتی رشتنی خوێنی موسڵمانان بە دەستی خۆیانەوە، کە چەندەها دەقی پیرۆزی ئیسلامیمان هەیە رێگە لەم کارانە دەگرێت، وەك خوای گەورە چوار سزای داناون بۆ ئەوانەی باوەڕدارێك بە ئەنقەست دەکوژن، کە پاداشتەکەی دۆزەخەو، یەکجاری تێیدا دەبێتو، دەکەوێتە بەر غەزەبو توورەیی خوای مەزنو، سزایەکی گەورەشی بۆ ئامادە کراوە، ئەمانەش بەڵگەی حەرامیو خراپی کوشتنن، وەك دەفەرموێت: (وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا)، هەروەها پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت چەندان فەرموودەی هەیە جەغت لەسەر هەمان شت دەکەنەوە، وەك دەفەرمووێت: (كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرْضُهُ) رواە مسلم، واتە: خوێنو ماڵو نامووسی موسڵمان لەسەر موسڵمان حەرامو قەدەغەیە.

بۆیە ئەم جۆرە فەتوایانە پشت بە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی نابەستێتو، دەرەنجامیش تەنها شەرمەزاریو بێهیواییان بۆ دەهێڵێتەوەو، پێویستە هەموو تاکێکی هەر تائیفەو نەتەوەیەکیش بە ئەرکی خۆی بزانێت رێگیری لەم جۆرە هەوڵانە بکات، کە ئەنجامدەرانیان فتوای بە ناهەق دەدەن، هەروەك تەنها مایەپووچیان بۆ دەمێنێتەوە، لە مێژووی کوردیشدا زۆر جار لەلایەن دوژمنانییەوە هەوڵدراوە بە کافرکردنو خوێن حەڵاڵکردنو ماڵ تاڵانکردنو هەڵگەڕاوە تۆمەتبار بکرێنو شەری بە ناهەقیان پێ بفرۆشرێت، بەتایبەتی لەلایەن رژێمە دیکتاتۆرەکانی عێراقەوە، بەڵام سەرەنجام تەنها شەرمەزاریان بۆ ماوەتەوە، مەگەر کەسێکی لە خوانەترسی بێ زانیاری، ئەگینا هیچ زانایەکی ئیسلامی لە مێژوودا رێگەی ئەم جۆرە کارانەی بە خۆی نەداوە.

بۆیە پێویستە ئەنجامدەرانی ئەم جۆرە فەتوایانە بەخۆیان دابچنەوەو داوای لێبووردن لە خوای گەورەو پاشان گەلی کورد بکەن، کە ویستوویانە خوێنی بە ناهەق حەڵاڵ بکەنو سیمای ئیسلامی پێ ناشیرین بکەن.

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

**٢٠١٣/٧/٢٥**

# مامۆستایانی ئایینی ئاگاتان لە رۆژئاوای کوردستان بێت

ماوەیەکە بە ناڕەواو دوور لە هەستی مرۆڤانە، کۆمەڵە گرووپێك بەناوی (ئیسلامەوە) کێشەی شەرفرۆشتن بە کوردانی رۆژئاوای کوردستانیان دروست کردووە، بەمەش وێڕای ئەوەی بەرەی جەنگی حکومەتی سوریایان بۆ دژی کوردەکان گواستۆتەوەو، ئەو ئارامییە رێژەییەی لەم بەشەی سوریا هەبوو دەیشێوێننو، کوشتنو فڕاندنی خەڵکی کوردیان حەڵاڵ کردووە، ئەمە لە کاتێکدا کوردەکانی ئەم ناوچەیە هیچ گرفتو کێشەیەکیان بۆ ئەوان دروست نەکردبوو، لەوەش زیاتر خەڵکێکی کورد رێگەی بەخۆی بدات بچێتە ریزی ئەوانەوە بەناوی (جیهاد) بەشداری لە کوردکوژی بکات.

مەلا عەبدولا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی لە لێدوانێکیدا بۆ پەیامی زانایان پێی وایە: ئەمانە هەمووی پێچەوانەی دەقەکانی ئیسلامەو، جگە لە تێکدانی ئارامی، ناشیرینکردنی وێنەی دروستی ئیسلامیشە، پێشتریش وەکو یەکێتی زانایان وەڵامی ئەم جۆرە فەتواوو بیرکردنەوانەمان داوەتەوە.

لێرەوە وێڕای پشتگیریکردنمان لە هەر هەنگاوێکی دروست بۆ پێشوەچوونی دۆزی رەوای کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، داوا لە مامۆستایانی ئایینی بەرێزمان دەکەین وەك ئەرکێکی مرۆییو ئایینیو نیشتیمانی لە مانگی رەمەزانو شەوانی قەدرو پەیامی جەژنو وتارو کۆڕەکانی ئامۆژگاریکردن تیشك بخەنە سەر ئەم لایەنەو، دوعای خێریش بۆ لاچوونی ئاشووب لەسەر گەلی سوریا بە گشتیو گەلی کورد بەتایبەتی بکەن، گەنجانیش وشیار بکەنەوە لەسەر ئەوەی بەم جۆرە لێدوانو وتارانە فریو نەخۆنو، دەست بۆ خوێنی برا کوردەکانیان نەبەن، هەروەك داوامان لە راگەیاندنەکانە بە جوانترین شێوە دەنگی مامۆستایانی ئایینی بگوازنەوە بۆ ئەوەی زۆرترین وشیاری لە ناو گەنجو لاوەکانمان بڵاوبکرێتەوە.

# تکایە مزگەوتو دروشمە ئاینیەکان مەخەنە ناو ریکلامی هەڵبژاردنەوە

لە سەرووبەندی هاتنی وادەی ریکلامکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان نزیك دەبینەوە، بەمەش کۆمەڵە رێوشوێنێك یان پێگەیەك هەیە پێویستە پارێزگاریان لێ بکرێتو نەخرێنە ناو پروپاگەندەی هەڵبژاردنەوە، بەتایبەتی ئێمە وەك یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان داوا لە هەموو لایەنە سیاسیەکان دەکەین مزگەوتو شوێنە ئایینیەکانو پیرۆزیو دروشمە ئایینیەکان وەك کەرەستەی هەڵبژاردن بەکارنەهێندرینو، دەست بە سەربەخۆیی ئەم شوێنانەوە بگیرێت، چونکە ئەمانە شوێنی گشتیو پیرۆزن، خزاندنیان بۆ نێو ریکلامی هەڵبژاردن زیانگەیاندنە بەم پێگانەو بچووکردنەوەی ئەم شوێنە پیرۆزانەن، لە بری ئەوە چاکتر وایە کێبڕکێ لەسەر پرۆژەی خزمەتگوزاریو ئاوەدانکردنەوەو گوزەرانی خەڵك بکرێت، دەخوازین کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژلردنەکان و وەزارەتی ئەوقافیش ئیجرائاتی خۆیان هەبێت لە هەر سەرپێچییەك ئەنجام بدرێت.



# سەرۆکی زانایان: بۆ کۆمەڵەی پەرەپێدان بە تواناکانی لاوانی کەمئەندامی کوردستان، دەبێت ڕێزێکی تەواو لە ئێوە بگیرێت




ڕۆژی ٤/ ٨/٢٠١٣ بەرێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بە یاوەری مامۆستا تەیب زیارەتی بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی زانایان لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی پێشوازی کرد لە کۆمەڵەی پەرەپێدان بە تواناکانی لاوانی کەمئەندامی کوردستان، کە پێکهاتبوون لە هەر یەك لە بەرێزان:

سەرکەوت نانەکەلی سەرۆکی کۆمەلەکەو د. یاسین عزیز کارگێرو بەرپرسی داراییو قاسم عمر بەرپرسی رۆشەنبیریو هونەری.

ئەمەو لە دانیشتنێکدا نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند، لە سەرەتادا بەرێز سەرکەوت نانەکەلی سەرۆکی کۆمەلە بەناوی کۆمەلەی پەرە پیدان بە تواناکانی لاوانی کەم ئەندامی کوردستان لەوتەیەکدا باسی لە کۆنگرەی کۆمەڵەکە کرد کە ماوەیەك لەمەوبەر ئەنجامیان دابوو گووتی: سوپاس بۆ خودای گەورە کە توانیمان بەسەرکەوتویی کۆنگرەکەمان تەواو بکەین دواتر باسی لە لیهاتوویی ئەو ستافە کرد کە لە کۆنگرەکە متمانەیان پێدراوە، ئینجا باسی لە کۆمەلێك کارو چالاکی کۆمەلەکە کردو سوپاسی خۆی لە ڕێگەی یەکێتی زانایان گەیاندە گشت مامۆستایانی ئاینی کە بەردەوام لە خزمەت خاوەن پیداوستیە تایبەتاکانو کە بەردەوام لە وتارەکانیان باسی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەن، دواتر دەست خۆشیەکی زۆری لە سەرۆکی یەکیتی زانایان کرد، کە هەردەم لەپشت خاوەن پیداویستیە تایبەتەکانە، هەروەك دەست خۆشیەکی گەرمی لە ستافی رادیۆی زانایان کرد کە بەرنامەی تایبەتیان هەیە لەسەر ئەم چینە.

لە پاشان سەرۆکی یەکێتی زانایان لە وتەیەکدا گووتی: پێویستە هەموو لایەکمان بەرێزەوە مامەلە لەگەل چینی خاوەن پیداویستیە تایبەتەکان بکەینو دەبێت سود لە بەهرەو توانای ئەوانیش وەر بگیرێت، هەروەك بەرێزیان گووتی: لە ریکخرای یەکیتی زایانایان چەندیت مامۆستای ئاینیمان هەیە کە خاوەن پیداویستی تایبەتن کە هەریەکەو کارێکی لە ئەستۆیە دەتوانم بلێم لەوانی تر بە جوانترو باشتر کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن، هەر لە درێژەی قسەکانیدا سەرۆکی زانایان کووتی: لەو ماوەیش بە پشتیوانی خوای گەورە کەناڵی زانایان دەکەوێتە کارو بەرنامەیك تایبەت دەبێت بە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکانو هەردەم لە خزمەتیان دادەبین، لە دوا وتەشیدا سەرۆکی زانایان گووتی: یەکێتی زانایان ماڵی ئیوەیە حەز دەکەم ئێوەش بە ماڵی خۆتان بزانن، بە هاتنی ئیوە گەورە بووین، لە کۆتایدا وتەکانی سەرۆکی یەکیتی زانایان زیاتر دڵی دەستەی کۆمەڵەکەی خۆشکردو هەردوولا دوپاتیان کردەوە کە هەماهەنگیەکی باشیان لە نیواندا دەبیت. ئینجا بەرێزەوە بەرێخران

# لە شاری کەرکوك ڕێز لە گەورە زانایانی فەتوا دەنرێ




بە بۆنەی هاتنی مانگی رەمەزانی پیرۆزەوە لە ژێر ناونیشانی (پێشوازیکردن لە مانگی پڕ خێرو پێزانینی چاکەی موسڵمانان) ڕۆژی چوارشەممە بەرواری ٢٠١٣/٧/٣ لقی کەرکوکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان هەڵستا بە گێڕانی ئاهەنگێك لە هۆڵی (گەورە زانایان) وەك پێشوازیکردنێك لەو مانگە پیرۆزەو ڕێزگرتنێکیش لە ژمارەیەك لە گەورە زانایانی پارێزگای کەرکوك، بەتایبەتی لەو زانا بەڕێزانەی کە بۆ ماوەیەکی زۆرە دەورێکی باڵایان هەبووە لە دەرکردنی فەتوا بۆ خزمەتکردنی خەڵکی شارەکە، ئەوانیش بریتی بوون لە: مامۆستا حەمید غەفور بەرپرسی لیژنەی فەتوای شارەکەو، مامۆستا جەلال ئەحمەد بەرزنجیو، مامۆستا حسێن تاهیر یەحیا.

سەرەتای ئاهەنگەکە بە چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد، پاشان مامۆستا ئازاد خورشید فەقێ بەرپرسی لقی کەرکوکی یەکێتی زانایان وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد، دواتر وتەی مامۆستا محمد فاتح تالەبانی جێگری بەرپرسی لق پێشکەش کرا.

لە دواییدا هەر سێ مامۆستا بەڕێزەکەی لیژنەی فەتوا چوونە سەر سەکۆی قسەکردن تاکو باس لە کارو چالاکیەکانی خۆیان بکەن لە بواری فەتواو لە بەدەستهێنانی زانستو کورتەیەك لە ژیانی خۆیان باس بکەن، لە پاش وتەی مامۆستاکان ڕێزلێنانی یەکێتی زانایان لەلایەن بەرپرسی لقو ئەحمەد جەمیل بەرێوەبەری وەقفی سوننی لە کەرکوكو مامۆستا سامی زایر نوێنەری قوتابخانە ئاینیەکانی کەرکوك بەخشرایە هەر سێ زانا بەڕێزەکە،

ئەو ئاهەنگە وەك دەربڕینی سوپاس گوزاریەك بوو لە لایەن ڕۆڵەکانی شاری کەرکوك بۆ ئەو سێ زانا پایەبەرزەی شارەکەیان، چونکە زۆربەی ژیانی خۆیان تەرخان کردوە لە خزمەت کردنی خەڵکی شارەکەیانو، بوونەتە هۆکارێکی چاکەکاریو چاکە خوازی لە نێوان خەڵكو یەکریزیو یەکدەنگی موسڵمانان.

# یەکێتی زانایان داوا لە وەزارەتی ئەوقاف دەکات فەرمانبەری کارگێڕیو ئیمامی مزگەوتەکان لێك جیابکرێنەوە



بەهۆی ئەوەی فەرمانبەرەکان لە تەمەنی (٦٣) ساڵی خانەنشین دەکرێنو، وتارخوێنان لە تەمەنی (٧٠) ساڵی، ماوەیەکە کۆمەڵە فەرمانبەرێك بەتایبەتی لە دائیرەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف ناونیشیانی خۆیان بۆ ئیمام یان ئیمامو خەتیب دەگۆڕن، لە کاتێکدا هەر کاری کارگێڕی دەکەنو بە کاری پێشنوێژی هیچ مزگەوتێك هەڵناستن، بۆیە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بە نووسراوێکی داوای لە وەزارەتی ئەوقاف کردووە سنوورێك بۆ ئەم کارانە دابنێت، ئەویش بەوەی رێگە نەدرێت ئەم یاسایە بۆ کاری ناشیاو بەکار بهێندرێت، بەڵکو ئەوانەی دەیانەوێت ناونیشانیان بگۆڕن، ئەگەر شیاوی ئیمامو وتارخوێندن، ئەوە بۆیان بکرێت، بەڵام ئەوانیش بچنە سەر کارەکەو لە مزگەوت پێشنوێژی یان وتارخوێنی بکەن، نەك ناونشیانیان بگۆڕنو هەر کاری کارگێڕیش بکەن، نووسراوەکە ئەم دوو خاڵەی لە خۆ گرتووە:

یەکەم: چیتر رێگا نەدەن کە فەرمانبەرانی کارگێڕی ناونیشانەکانیان بگۆڕن بۆ (پێشنوێژو وتارخوێن)، بەڵکو تەنها کەسانی شایستە ببن بە هەڵگری ئەم ناونیشانە.

دووەم: ئەو فەرمانبەرە کارگێڕیانەی کە ناونیشانەکانیان گۆڕیوە بۆ پێشنوێژو وتارخوێن، پێویستە بچن لە مزگەوتەکان خزمەت بکەنو، چ جۆرە ناونیشانێکیان هەیە بە پێی ناونیشانەکانیان ئەرکەکانیان ئەنجام بدەنو، ئەو کات سوودمەند بن لە مافو ئیمتیازەکان.

# رێد بووڵ لەبازاڕەکان هەرێم دەفرۆشرێو بە پێی زانیاریە فەرمیەکانیش کحولی تێدایە




ماوەیەکە لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان فرۆشتنی وزەبەخشەکان روویان لە زیاد بوون کردووەو، بە پێی زانیاریەکانیش بەشێکی ئەو خواردنەوە وزەبەخشانە مادەی کحولیان تێدایە.

رێد بووڵ ئەو خواردنەوە وزەبەخشەیە کە ئێستا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە زۆربەی دوکانو سوپەرمارکێتەکانی هەرێمی کوردستان دەفرۆشرێو بەشێکی زۆریش لە خەڵکی وەکو وزە بەخش دەیخۆنەوە بێ ئەوەی هیچ زانیاریەکیان لەبارەیەوە هەبێت.

ئەو رێد بووڵە لە زۆربەی وڵاتان قەدەغەیە، بەتایبەتی لە وڵاتی بەریتانیاو فەرەنساو ئوستراڵیاو تەنانەت لە وڵاتێکی وەك لاتڤیا پەرلەمان بە پێی یاسا قەدەغەی کردووە، ئەوەش لەبەر زۆری زیانەکانی لەو خورادنەوە وزە بەخشە بوونیان هەیە.

بە پێی راپۆرتێکی رۆژنامەی رووداو ژمارە ٢٥٨ لە بەرواری ٢٠١٣/٣٤/٢٩ ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەو رێد بووڵە وزە بەخشە کحولی تێدایە، ئەو هەواڵەشی پشت راست کردۆتەوە بە نوسراوێکی وەزارەتی تەندروستی عیراقی، کە بەپێی نوسراوی فەرمی ژمارە (٢٨٩٩) لە بەرواری ٢٠١٣/٣/١٨ دەری کردووەو تێیدا رایگەیاندووە: ئەو رێدبووڵەی لە بەشێکی ناوچەکانی عیراق دەفرۆشرێ ٢٤.٪ی ماددەی کحولی تێدایە.

بۆیە چاوەڕوانین لە لێژنەی باڵای فەتواوە سەبارەت بەو مەشروبە وزەبەخشەو لە هەرێمی کوردستان فەتوایەك دەربکەنو روونکردنەوە لەبارەیەوە بۆ خەڵکی بدەن.

# زانایانی ئایینیو خۆپارێزی لە ململانێی سیاسی

## ئەزهەری شەریف وەك نموونە

مەلا جەعفەر گوانی

رووداوەکانی میسرو لەکارلادانی محەمەد مورسیو ئیخوان موسلمین لەسەر دەسەڵات جۆرەها لێکدانەوەو تێڕوانینی جیاوازی بۆ دەکرێت، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەو هەڵوێستەیە کە ئەزهەر لەم کاتەدا نواندی، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئەم حاڵەتە دەکرێ بۆ مامۆستایانی ئایینیو دەزگا ئیسلامیەکان پەندێکی مەزنو گەورە بێت، ئەویش بەو پێیەی هەموومان دەزانین ئەزهەری شەریف پێگەیەکی گەورەی لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی سوننە مەزبەکان هەیەو، وەك مەرجەعێکی سەرەکی تەماشا دەکرێت.

لە کاتی رووداوەکانی لاچوونی حوسنی موبارەکی سەرۆکی پێشووتری میسر لەسەر دەسەڵات ئەزهەر خۆی لە هەر جولەو خۆتێوەردانێك لەم رووداوانە دوور گرت، ئەمەش وای کرد بە هێزەوە پارێزگاری لە پێگەی خۆی بکات، تا دوای ئەوە چەندین بەیاننامەو دەستپێشخەری خستە روو، هەموویان زۆر بە چاکی جێگەی خۆیان گرت.

ئەم خۆپارێزییەی ئەزهەر لە کاتی لادانی محەمەد مورسی شکا، ئەوە بوو شێخی ئەزهەر بەشداری ئەو کۆبوونەوەی کرد، کە تێیدا بڕیاری لەکارخستنی محەمەد مورسی دراو، شێخی ئەزهەریش وتارێکی خوێندەوە، ئا لێرەدا بۆچوونەکان بەرامبەر ئەزهەر گۆڕانیان بەسەر داهات، چونکە هەموو ئەوانەی هاوسۆزیان لەگەڵ ئیخوان موسلمینو محەمەد مورسی هەبوو شێخی ئەزهەریان بە بەشێك لە (کودەتاکە) دەزانی، کە لەگەڵ کوژرانی خەڵكو زیاتر پەرەسەندنی پشێوییەکە بەرەی دژە ئەزهەر زیادی کرد.

ئەم هەنگاوەی ئەزهەر، دەشێ بە نیازێکی خراپیان نەبووبێتو، پاش کۆبوونەوەیان لەگەڵ سوپاو بەرەی ئۆپۆزسیۆنی مورسی گەیشتبنە ئەو بڕوایەی، کە دەسەڵاتی ئیخوان کۆتایی پێدەهێندرێتو، ئەوان ئامانجی بەشداریکردنیان بۆ ئەوە بووبێت، تا لە ڕێگەی کاریگەری ئەزهەرەوە بتوانن پێش لە تێکچوونی ڕەوشی ئارامیو ئاشتی کۆمەڵایەتی هاوولاتیانی میسر بگرن، بەڵام ئەنجامەکەی بە پێچەوانەوە هاتەوە، لەلایەن ئەوانەی هاوسۆزی سەرۆکی لەکارلادراوی میسر بوون، زۆر بە روونی بە هوتافاتی گەورەو لە ڕێگەی گۆڕەپانەکانی رابیعەو نەهزەوە، بە توندی دژی ئەزهەر دەدوان.

تا ئێستا بابەتەکە جگە لە هەندێك کاردانەوە، ئەوەی دی بە ئاسایی تێدەپەڕی، بەڵام دوای ئەوەی کێشە دروست بوو، ڕەوشی میسر بەرەو ئاڵۆزی رۆییشتو، خوێنی مرۆڤەکان ڕژا، ئا لێرەدا کاریگەری بەشداری ئەزهەر لەم دانیشتنەی لادانی مورسی بەدەر کەوت، چونکە ئەزهەر چەند بەیاننامەیەکی دەرکرد، لە بەیاننامەکاندا داوای ئاشتبوونەوەو



پێکەوەدانیشتنو گفتوگۆی دەکرد، بەڵام ئەم داواکاریانەی ئەزهەر نەك هەر وەڵامی بە چاکە نەدرایەوەو پێشوازی لێنەکرا، بەڵکو زۆر بە توندی لەلایەن پشتیوانانی محەمەد مورسییەوە وەڵامدرایەوە، ئەم ڕەتدانەوەیەش پێش خوێنرشتنو پەرتکردنی گردبوونەوەکانی رابیعەو دوای ئەویش هات.

دوای ئەوەی ئەزهەر بەم شێوازە وەڵامی درایەوەو، بە بەشێك لە گرووپی (کودەتاچی) وەسف کراو، هەموو ئەو ناوبژیوانیانەی خستیە روو ڕەتکرانەوە، ئیدی پەیامەکە بۆ ئەزهەر روونتر بوویەوە، بۆیە کۆمەڵێك هەنگاویان هاوێشت تا بە خەڵکی رابگەیەنن، کە ئەوان مەبەستیان لێدانی مورسیو ئیخوان موسلمین نەبووەو، ئەوان لەم مەسەلانەدا لایەنگیری هیچ لایەك ناکەن، بۆیە چەند بەیاننامەیەکیان دەرکرد دژی بە زۆربڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەرانو، پاشان داوایان دەکرد، بە هیچ شێوەیەك ئەزهەر نەخەنە ناو ململانێ سیاسیەکانو، ئەو کێشانەی هەن ئەوان پەیوەندیان پێیەوە نییە، بێ ئاگایی خۆشیان لە بەهێزبڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران دەربڕی، بەڵام هەموو ئەوانە هیچ سوودی بۆ ئەزهەر نەبوو لەلایەن پشتیوانانی ئیخوان موسلمینو بەرەی پشتیوانی لە محەمەد مورسی، بە پێچەوانەوە هەنگاوەکانی ئەزهەر لەلایەن ڕۆشنبیرو راگەیاندنکارەکانی بەرەی دژە مورسی زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکراو، پێیان وابوو بەم هەنگاوەی، ئەزهەر گەڕایەوە سەر بنەمای دروستی خۆییو، وەرگرتنەوەی رۆڵی راستەقینەی خۆیەتی.

لە بەرامبەر ئەمانەشدا یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان، هەر لەسەرەتاوە زۆر بە توندی پشتیوانی لە دکتۆر محەمەد مورسی دەکردو، پێیان وابوو بەم کارە دیفاع لە شەرعیەت دەکەن، چونکە محەمەد مورسی سەر بە ئیخوان موسلمینەو، ئیخوانیش زیاتر لە هەشتا ساڵە لەلایەن دەسەڵاتی میسری بە توندترین شێوە دەچەوسێندرێنەوە، ئێستاش بە دەنگی میللەت هاتوونەتە سەر دەسەڵات، بۆیە دیفاعکردن لە محەمەد مورسی، دیفاعکردنە لە شەرعیەتو دەنگی خەڵكو دیموکراسیەت، ئەوە بوو دواجار دکتۆر یوسف قەرەزاوی سەرۆکی یەکێتیەکە داوای لە خەڵکی کرد لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوەو بڕیاری سوپا بشکێنن.

ئەم هەڵوێستەی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان، لەوانەیە بە هەستێکی دیندارانەو دیفاعکردن لە ستەملێکراوان ئەنجامیان دابێت، بەڵام دواجار کە نەیانتوانی هاوسەنگی رابگرن، رۆڵی خۆی پێنەدیترا.

لەوانەیە کەسانێك پێیان وابێت ئەم هەڵوێستەی یەکێتی جیهانی هەنگاوی مرۆوانەو، هەڵوێستی جوامێرانە بوونە، چۆن نەیارانی ئیخوانیش هەنگاوەکانی ئەزهەریان بە جوامێرانە دەزانی، بەڵام لە کۆتاییدا خۆیەکلاکردنەوەی هەر دەزگایەك، بەتایبەتی



دەزگا ئایینیەکانو، نەهێشتنی هیچ هاوسەنگیەك لەم نێوەدا ڕۆڵی دەزگایەکە لاواز دەکات، بۆیە چۆن ناوبژیوانی ئەزهەر لەلایەن هەوادارانی مورسی ڕەتکرایەوە، بە هەمان شێوە ناوبژیوانی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان لەلایەن سوپاو بەرەی نەیاری ئیخوان ڕەتکرایەوە، چونکە بە هاندەری دژی خۆیان دەزانی. ئەمەش لە قسەکانی بەڕێز دکتۆر عەلی قەرەداغی ئەمینداری گشتی یەکێتیەکە بە روونی دیار بوو، لەو کاتەی لە شاری هەولێر لە خۆپیشاندانەکەی شاری هەولێر بۆ پشتگیری لە شەرعیەتی مورسی باسی کرد، بەوەی ڕێکخراوەکەیان هەوڵی ناوبژیوانیدا بەڵام ڕەتکرایەوە.

لێرەدا حەز دەکەم ئەم شتانە بە شێوەی سۆزو عاتیفە نەخوێندرێنەوە، چونکە لێتانی ناشارمەوە، وەکو خۆم دنیایەك پێم ناخۆش بوو ئەم ئاریشەیە لە میسر ڕوویدا، کە ئەگەر —وەکو دەڵێن— هەڵەشی هەبووبێت، بەڵام هەر لە بنەڕەتدا دژی ئیخوان موسلمین بوونو، هاتنە سەر دەسەڵاتی ئەوانیان قبوڵ نەدەکرد، ئەمەش مێژوویێکی دووری هەشتا ساڵەیە کە دژی ئیخوانو کوچەو زیندانەکانیان پێ پڕ دەکەنەوەو ئەوەی ویژدانیشی هەبێت دڵی دەسووتیت لە هەمبەر ئەم سیاسەتی پاکتاوکردنە.

بەڵام ئەم باسەی ئێمە پەیوەندی بەم شتانەوە نییە، بەڵکو باسمان لە ڕۆڵی زانایانی ئایینیو دەزگا ئایینیەکانە، بەوەی هەمیشە وریاو بە ئاگا بن، بۆ ئەوەی هیچ کاتێك نەبنە بەشێك لە ململانێکانو، هەر هەنگاوێکیان دەرفەتی ئەوەی تێدا بهێڵنەوە، کە بتوانن ڕۆڵی هێورکردنەوەو، نانەوەی ئاشتیو برایەتیو پێکەوەژیان ببینن، لە هەر هەڵوێستێکیشدا دەتوانن وەکو تاك ئەو ڕۆڵەی دەیانەوێت بیبینن، دەتوانن وەکو تاك پێی هەڵبستن، بەڵام تێهەڵقورتان لە ململانێی سیاسی، بەتایبەتی ئەگەر ناوخۆیی بێت، ڕۆڵی دەزگاکەو کۆمەڵە مامۆستایەکان دەکوژێت، بەڵکو ئەگەر بیانەوێت وەکو دەزگا هەڵوێستیان هەبێت، ئەوا دەتوانن ئیدانەی کارە ناشیرینەکان بکەنو، پشتیوانی ستەملێکراوان بن، بەڵام دەرفەتی ئەوەشیان بهێڵنەوە، کە ڕۆڵی ناوبگیری ببینن، بەڵام سەد دەر سەد دابەش بوون، ئەوە پێگەی دەزگاکە لاواز دەکات. مەبەستمە بڵێم پێویستە لەململانێ ناوخۆییەکان دابەش نەبنو هەر لەسەرەتاوە بێلایەنی خۆیان لەدەست نەدەن، تا خوانەخواستە چێشتەکە دەگات هێدی هێدی ڕۆڵ ببینن، بۆ باسەکانی دەرەوەش کە گەیشتە زوڵمێکی وەك سوریاو لێدانی کوردان ئەوە بابەتێکی دیکەیە.

یەك لە نموونە دیارەکان، کە خۆم لە ناوی بووم هەڵوێستی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بوو لە خۆپیشاندانەکانی (١٧)ی شوباتی سلێمانیو پشێویەکانی شاری زاخۆ.

لە خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی، کۆمەڵە مامۆستایەکی ئایینی بەشداریان کردو، وتاری هەینیان لە بەردەرکی سەرا (سەرای ئازادی) خوێندەوە، بگرە یەکەمین وتاربێژی سەرا مامۆستا مەلا محەمەد نەسروڵا ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایان بوو، بەڵام وەکو تاك بەشداری کردبوو نەك وەکو دەزگا، دواتر چەند مامۆستایەکی دیکەش بەشدار بوون.

لێرەدا یەکێتی زانایان بە هیچ شێوەیەك نەبووە بەشێك لە ململانێیەکە، بەڵکو بە شێوەی مەیدانی سەردانی هەموو لایەکیان کرد، بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکەو لێك نزیکخستنەوەی هەموو لایەك، پاشان بە توندی ئیدانەی توندو تیژیەکانیان کرد، بە توندیش دژی هەر هەوڵێك وەستانەوە، کە سوکایەتی بە مامۆستایانی ئایینی یان هاوولاتیان یان هەر لایەنێك وەستانەوە، کە ئاگری فیتنە خۆش بکاتو، ململانێکە قوڵتر ببێتەوە، لەوەشدا وێڕای ئەوەی توانی ڕۆڵێکی ئیجابی باش ببینێت لەم نێوەدا، بە باشترین شێوەش دیفاعیان لە مامۆستایانی ئایینی کرد، بگرە هەندێك لەو مامۆستایانەی دەستگیر کران، من لە نزیکەوە ئاگادارم بە هەوڵی یەکەمی یەکێتی زانایان ئازاد کران، نەك هەر لە سلێمانی، هەتا ئەوانەش کە لە شوێنەکانی دیکە دەستگیر کران، بە هەوڵی یەکێتی زانایان ئازاد کران، بگرە چەندین هەڵوێستی دیکە.

بە کورتی یەکێتی زانایان هەڵوێستەکانی بە توندی پشتگیریکردن بوو لە زانایانی ئایینی، تا ئەوەی ئەوانەی هەواداری حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بوون، زۆر بە توندی قسەیان دژی یەکێتی زانایان دەکردو، وایان دەزانی پشتگیری لە ئۆپۆزسیۆن دەکات، بەڵام یەکێتی زانایان خۆی نەکردە تەرەفو، خۆی لە ململانێی سیاسی هەڵنەقورتاند، بەڵکو دەرفەتی ئەوەی هێشتەوە، کە بتوانن ڕۆڵی لێکنزیکخستنەوەو، پشتگیریکردنی مامۆستایانی ئایینی هێشتەوە. بۆیە وێڕای پارێزگاریکردن لە پێگەی خۆی، توانیان پشتیوانی مامۆستایانی ئایینی بنو ڕۆڵی نەتەوەییو مرۆیانە ببینن.

بۆیە هیوادارم ئەم نموونانە ببنە پەندێکی گەورە بۆ دامو دەزگا ئایینەکان، بۆ ئەوەی ڕۆڵو هەڵوێستیان بمێنێت، لە هەمان کاتیشدا پێگەی خۆیان بپارێزنو، بتوانن هاوسەنگی ڕابگرن.



# زەروەتی خوێندنەوەی (فیقهی واقیع) لە فەتوادا

محمد مەلا محمود تاوگۆزی*

وەك ئاشكرایە فەتوا و فەتوادان یەكێكە لە ئەركە هەرە مەزن وهەستیارەكان، هەر بۆیە تا چەندە لێی ووردبینەوەو هەموو لایەن و ڕەهەندە جیاوازەكانی لەبەرچاوبگرین حەقیەتی وزیاد نییە، چونكە فتوادان قسەكردنە بەناوی خواوە –هەروەك ئەمە وتەی بەشێك لە زانایانە–. جا یەكێك لە بنەما سەرەكییەكانی فەتوادان لەبەرچاوگرتنی ئەو زەمین وزەمان و ژینگەیەیە كە داواكاری فەتواكەی تێدایە، بۆیە زۆر زەرورە هەموو ئەم لایەنانە لەبەرچاو بگیرێت وهەرگیز فەرامۆش نەكرێت، چونكە بە لەبەرچاونەگرنتیان بەرەو فەتوای هەڵدێر ونادروست وناواقیعی هەنگاودەنێین، بۆیە لەم دەرفەتەدا ئاوڕێك لەم بوارە دەدەینەوە و گرنگی باسەكە دەخەینەڕوو...

## پێناسەی ( فیقهی واقیع ):

مەبەستمان بە (فیقهی واقیع) ڕەچاوكردن‌و لەبەرچاوگرتنی ئەو كات و شوێن و ڕۆژو ڕۆژگار وبارودۆخەیە كە كەسی فەتوادەرو فتوابۆدراو تێیدا دەژین. واتە تێگەییشتن لە بارودۆخ و هەلومەرجی كات وشوێنی فەتوا، كە ئەمەش زەرورەتێكە دەبێت لە فەتوادا لەبەرچاو بگیرێت‌و حسابی بۆ بكرێت. وەگەرنا بەپێچەوانەوە زانای فەتوادەر فەتواكەی بە ئاقارێكی نادروست وناڕاستدا دەبات، وە لە بری ئەوەی خێری دەست بكەوێت سزابار دەبێت و لەجیاتی چاك خراپ دەكات.

(فیقهی واقیع) بەم چەشنە پێناسەكراوە: (هو علم يبحث في فقه الأحوال المعاصرة، من العوامل المؤثرة في المجتمعات، والقوى المهيمنة على الدول، والأفكار الموجهة لزعزعة العقيدة، والسبل المشروعة لحماية الأمة ورقيها في الحاضر والمستقبل)[1]. واتە: (فیقهی واقیع) زانستێكە لە تێگەییشتنی بارودۆخە هاوچەرخەكان وهۆكارە كاریگەرەكانی ناو كۆمەڵگە وهێزە زاڵبووەكان وڕێگە شەرعییەكان وهێزە ئاراستەكراوەكان دەكۆڵێتەوە، ئەمەش لەپێناو شكۆمەنی‌و پاراستنی مسوڵمانان لە ئێستا ولە داهاتوودا.

تێگەییشتن لە زانستی (واقیعی) پێویستی بە دوو بنەمای گرنگ هەیە، هەروەك نوسەری كتێبی (فقه الواقع) دەڵێ: (أما علم فقه الواقع فيحتاج إلى شيئين مهمين:

أ– سعة الإطلاع: نظرا لتشعب هذا العلم وشموله، فيحتاج المتخصص فيه إلى كثير من الفنون، سواء العلوم الشرعية كالعقيدة والفقه، أو العلوم الاجتماعية كالتاريخ، أو العلوم المعاصرة كالسياسية والإعلام، وهلم جرا. وإذا قصر في أي علم من هذه العلوم أو غيرها مما يحتاج إليه، فسينعكس ذلك سلبا على قدرته على فقه الواقع، وتقويم الأحداث، والحكم عليها.

ب– التجدد والإستمرار: فهذا العلم يحتاج إلى قدرة فائقة على المتابعة، والبحث في كل جديد، فهو يختلف عن كثير من العلوم، لذا يلزم المتخصص أن يكون لديه دأب لا يكل في متابعة الأحداث، ودراسة أحوال الأمم والشعوب، فلو انقطع عنه فترة من الزمن أثر على تحصيله، وقدرته في فهم مجريات الأحداث وتقويمها. فهو أشبه بالطبيب الذي يلزمه أن يتابع كل جديد في مهنته، فلو أن طبيبا تخرج في الجامعة منذ عشر سنوات، بقي يعالج الناس من خلال دراسته الماضية، دون النظر لما استجد من مخترعات في وسائل العلاج، وما اكتشف من أدوية، لأصبح طبيبا متخلفا عن الركب، فجديد اليوم يصبح قديما في الغد وهكذا)[2]. بەكورتی واتە: زانستی تێگەییشتن لە واقیع دوو مەرجی سەرەكی پێویستە:

١– ئاگاهییەكی زۆر وبەرفراوان لەسەرجەم زانستە جیاوزەكان، وكەمتەرخەم نەبوون لە ئاست هیچ زانیستێكدا.

٢– هەبوونی توانایەكی زۆر وئاستێكی بەرز لە بەدواداچون و لێكۆڵینەوەی بابەتە نوێیەكان، وهەڵسەنگاندنی ڕوداوەكان.

چەند نمونەیەك لە هەڵوێستی پێغەمبەر ( a ) كە ڕەچاوی واقیعی ڕۆژ و كەسە جیاوازەكانی تێداكردووە:

خۆشەویستمان حەزرەتی (محمد( a )) زۆر ڕەچاوی لایەنی ژینگە و واقیعی ئەو ڕۆژەی دەكرد كە تێیدا دەژیا، ئەمانەی خوارەوە چەند نمونەیەكی بەرجەستەیین لە ژیانیدا:

١– وەك ئاشكرایە لە (كەعبە)دا قورەیشیەكان هەر بنەماڵەو درگایەكی تایبەت بە خۆی هەبوو، ئەمەش وایكردبوو شانازی كردن و خۆ هەڵكێشان بە قەرەباڵغی درگاكان،و هەروەها دروستبوونی تەفرەقە پەیدابێ، بۆیە پێغەمبەریش( a ) ویستی دیوارەكەی بڕوخێنێت و هەموو درگاكان بگرێت، و تەنها دوو درگا بهێڵێتەوە، درگایەك بۆ چونە ژورەوەو درگایەكیش بۆ چونە دەرەوە، بەڵام كە زانی واقیعی ئەو ڕۆژە گونجاو نییە بۆ ئەنجامدانی ئەو كارە، دواجار نیەتەكەی بەئەنجام نەگەیاند، هەرچەندە كارەكە گەورەو پڕ خزمەتیش بوو، وەك خۆی دەفەرموێت: ((يَا عَائِشَةُ لَوْلاَ أَنَّ قَوْمَك حَدِيثُو عَهْدٍ بِشرْكٍ لَهَدَمْتُ اَلْكَعْبَةَ فَأَلْزَقْتُهَا بِالأَرْض وَجَعَلْتُ لَهَا بَابَيْنِ بَابًا شَرْقِيًّا وَبَابًا غَرْبِيًّا وَزِدْتُ فِيهَا سِتَّةَ أَذْرُعٍ مِنَ الْحِجْرِ فَإِنَّ قُرَيْشًا اقْتَصَرَتْهَا حَيْثُ بَنَتِ الْكَعْبَةَ))[3]. واتە: ئەی (عائیشە) ئەگەر خزمەكانت سەرەتای مسوڵمانبونیان نەبوایە، هەموو درگاكانی كەعبەم دەڕوخاند وتەنها دوو درگام بۆ دەهێشتەوە، درگایەك لە ڕۆژهەڵات ودرگایەكیش لە ڕۆژئاواوە.

٢– ((عن أبي موسى قال: كان اليهود يتعاطسون عند النبي( a )، رجاء أن يقول لهم: يرحمكم الله فكان يقول: يهديكم الله ويصلح بالكم))[4]. (ئەبوموسا) دەفەرموێت: (جووەكان لەكاتی پژمیندا دەهاتنە لای پێغەمبەر( a )، بۆ ئەوەی پێغەمبەر لە وەڵامی پژمەكەیاندا بڵێ: خودا ڕەحمتان پێ بكات –دیارە جووەكانیش بڕوایان بەوە هەبووە كە پێغەمبەر دوعای گیرایەو ڕەت نابێتەوە، بۆیە ویستوویانە وەبەر ئەو دوعا خێرەی پێغەمبەر بكەون و خودا ڕەحمیان پێ بكات–، بەڵام پێغەمبەر لەوەڵامی پژمەكەیاندا دەیفەرموو: خوا هیدایەتتان بدات‌و دڵتان خاوێن بكاتەوە. لەم فەرمودەیەشەوە بۆمان دەردەكەوێت كە خۆشەویستمان( a ) وتە و هەڵوێستە و فەتواكانی لە كەسێكەوە بۆ كەسێكیتر جیاوازبووە. چونكە بۆ پژمەی موسڵمانان دەیفەرموو: (یرحمكم الله)، بەڵام بۆ ناموسڵمانان دەیفەرموو: (یهدیكم الله ویصلح بالكم).

ئەم دوو فەرمودەیەی سەرەوەش هەرچەندە لە باسی فەتوا وفەتوادان نییە، بەڵام ئەوە ڕوون دەكەنەوە كە پێغەمبەر ( a ) حەكیمانە لەسەر بنەمای (لكلّ مقام مقال)و (لكلّ حادث حديث) هەڵوێست و بڕیارەكانی دەربڕیوە.

٣– (ئەبوهورەیرە "خوای لێ ڕازی بێت") دەفەرموێت: ((أن رجلا سأل النبيّ( a ) عن المباشرة للصائم، فرخّص له، وآتاه آخر فسأله فنهاه، فإذا الذي رخّص له شيخ والذي نهاه شابّ))[5]. واتە: پیاوێكی بەتەمەن هاتە خزمەت پێغەمبەر( a )و لێی پرسی ئایا دروستە ڕۆژووەوان یاری و دەستبازی لەگەڵ خێزانیدا بكات؟ ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی: بەڵێ، لە پاشان گەنجێك هات و هەمان پرسیاری لە پێغەمبەر( a ) كرد، لەوەڵامی ئەمیاندا فەرمووی: بۆ تۆ نەخێر دروست نییە.




لە شەرحی ئەم فەرمودەیەدا شێخ (مەنصور عەلی ناصف) دەفەرموێت: (فرخص النبي ( a ) في المباشرة للشيخ أي كبير السنّ، لأنه يقدر على ضبط نفسه، ومنع الشاب لأنه في عنفوان الشباب فلايقدر على نفسه، فإذا عانق إمرأته وقبلها وقع في الجماع، أو على الأقل أنزل فبطل صومه)[٦]. واتە: پێغەمبەر( a ) ڕێگەیدا بەو پیاوە بەتەمەنە کە یاری و دەستبازی لەگەڵ خێزانیدا بکات، چونکە دەیتوانی بەسەر خۆیدا زاڵ ببێت. بەڵام ڕێگەی بە گەنجەکە نەدا، چونکە ئەو لە هەرەتی گەنجیدابوو، نەیدەتوانی خۆی کۆنترۆڵ بکات، چونکە کاتێك دەستی کردە ملی خێزانی و ماچی کرد، ئەو کات تووشی جیماع دەبێت، یان لانی کەم ئاوی دێتەوەو ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەندێك فەتوا جیاوازی هەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە.

**چەند نمونەیەکی لەبەرچاوگرتنی واقیعی کەس و کات وشوێنی جیاواز لە فەتوادا لەلای هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێبێت):**

١- (روي عن "ابن عباس" رضى الله عنهما أنه سئل عن توبة القاتل فقال: لا توبة له. وسأله آخر فقال: له توبة. ثم قال: أما الأول فرأيت في عينه إرادة القتل فمنعته، و أما الثاني فجاء مستكينا قد قتل فَلَمْ أُقَنِّطْهُ)[٧]. واتە: پیاوێك پرسیاری لە (ئیبن عەباس) کرد ئاخۆ پیاوکوژ تەوبە بکات تەوبەکەی لێ وەردەگیرێت؟ لە وەڵامدا فەرمووی: نەخێر. پیاوێکیتر هەمان پرسیاری لێکرد، لە وەڵامدا فەرمووی: بەڵێ تەوبەت قبوڵە. پاشان فەرمووی: پرسیارکەری یەکەم لەناوچاویدا پیاوکوشتنم دەخوێندەوە بۆیە بەو فەتوایە ڕێگریم کرد لە خەڵك کوشتن، کەسی دووەمیش پێشتر پیاوی کوشتبوو، بەڵام بە ئارامی ودڵنیاییەوە هات پرسیارەکەی کرد، بۆیە منیش بێ هیوام نەکرد و پێموت: تەوبەت وەردەگیرێت.

٢- کاتێك تەڵاقخواردن بوو بەشتێکی باوو بەربڵاو، خەڵکی زۆرێکیان دەستیان دابویە تەڵاقخواردن، ئیمامی (عومەر)یش کارەکەی لەسەر قورس کردن، و تەڵاقی سێ بەسێی لە یەك مەجلیسدا پێدەخست و بە (بائنة الكبرى)ی دادەنا، و فەرمووی: ((فَلَوْ أَمْضَيْنَاهُ عَلَيْهِمْ، فَأَمْضَاهُ عَلَيْهِمْ))[٨]. هەروەها لە ساڵانی گرانی و قات و قڕیدا حوکمی دەستبڕینی دەستی وەستاند، چونکە لەو ڕۆژگارەدا دزیکردن بە مەبەستی پاراستنی ژیان بوو، دیارە ژیان پاراستن لە جێبەجێکردنی حەدو حوکمی شەرعی لە پێشترە -لەکاتی ناچاریدا-، بۆیە لەم حاڵەتانەدا حوکمەکەی گۆڕی، چونکە زروف وزەمانەش گۆڕابوو.

٣- (ابن شهاب الزهري) دەفەرموێت: ((كَانَتْ ضِوَالُّ الإِبِلِ فِي زَمَانِ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ إِبِلاً مُؤَبَّلَةً، تَنَاتَجُ لاَ يَمَسُّهَا أَحَدٌ، حَتَّى إِذَا كَانَ زَمَانُ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ أَمَرَ بِتَعْرِيفِهَا، ثُمَّ تُبَاعُ، فَإِذَا جَاءَ صَاحِبُهَا أُعْطِيَ ثَمَنَهَا))[٩]. واتە: لە سەردەمی ئیمامی (عومەر)دا حوشتری ونبوو زۆربوو، کەس حەقی بەسەرەوە نەبوو، بێچویان دەبوو کەس دەستی بۆ نەدەبردن، بەڵام لەسەردەمی پێشەوا (عوسمان "خوای لێ ڕازی بێت") کاتێك زانی هەڵگرتنی حوشترە وونبووەکان باشترە لە بەرەڵاکردنیان، چونکە ئەگەر حوشترە ونبووەکان ڕانەگیرێن دار ودرەخت وباخەکان دەخۆن وسەرچاوە ئاوییەکانیش پیس دەکەن، وە ترسا لەوەی ماڵی خەڵك بفەوتێتو خەڵك بیبات، بۆیە بە چاکی دانا کە حوشتریش وەك سەرجەم شتە وونبووەکانیتر هەڵبگیرێتەوەو بانگەوازی بۆ بکرێت.

٤- کاتێك پێشەوا (عەلی "خوای لێ ڕازی بێت") کاتێك زانی خەڵکی گوێ بە قەرزدانەوەو ماڵی خەڵك خواردن نادەن، بڕیاریدا کە خەڵکی ببنە زامنی یەکتری.

## بۆچونی چەند زانایەك لەسەر ئەم باسە:

(قازی تقی الدین السبکی) دەڵێت: (على المفتي أن يعتبر ما يسأل عنه، وأحوال تلك الواقعة، ويكون جوابه عليها، فإنه يخبر أن حكم الله في هذه الواقعة كذا)[١٠]. واتە: لەسەر موفتی پێویستە ووردبببێتەوە لەو پرسیارەی کە ئاراستەی دەکرێت و ئەو واقیعە لەبەرچاو بگرێت کە تێیدایە، وەڵامەکەیشی لەسەر بنەمای واقیعەکە بێت، پاشان موفتیەکە بە کابرای پرسیارکەر ڕابگەیەنێت کە حوکمی خودا لەسەر ئەم بابەتە ئەوەیە.

(ئیبن قەیمی جەوزی)ش جەخت لەسەر زەرورەتی تێگەیشتنی واقیع دەکاتەوە و دەڵێ: (ولا يتمكن المفتي ولا الحاكم من الفتوى والحكم بالحق إلا بنوعين من الفهم أحدهما فهم الواقع والفقه فيه واستنباط علم حقيقة ما وقع بالقرائن والأمارات والعلامات حتى يحيط به علما، والنوع الثاني فهم الواجب في الواقع هو فهم حكم الله الذي حكم به في كتابه أو على لسان رسوله في هذا الواقع ثم يطبق أحدهما على الآخر فمن بذل جهده واستفرغ وسعه في ذلك لم يعدم أجرين أو أجر فالعالم من يتوصل بمعرفة الواقع والتفقه فيه إلى معرفة حكم الله ورسوله)[١١]. کورتەی مەبەستەکەی ئەمەیە کە: فەتوادان دەبێت بەگوێرەی کەسی پرسیارکەر وبارودۆخەکەی بێت، بۆیە زانای فەتوادەر دەبێت ئاگاداری تایبەتمەندی کەسی پرسیارکەر بێت، ئنجا فەتواکەی بۆ بدات.

(علی بن نایف الشحود)یش دەڵێ: (الفتوى يجب أن تصدر من فقه النص مع فقه الواقع ثم إنزال النص على الواقع)[١٢]. واتە: دەبێت فەتوا بەپێی تێگەیشتن لە دەقە شەرعییەکان و تێگەشتنی واقیعی ڕۆژگار بێت ئنجا دەقە شەرعییەکە بەسەر واقیعدا بەرجەستە بکرێت.

هەروەها (مجمعی فیقهی ئیسلامی/ کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی) ئامۆژگاری هەموو فەتوادەران دەکات بە چەند خاڵێك کە یاسا وڕێسای فەتوادانن، لەنێوانیاندا ئەم خاڵەش هاتووە: (مراعاة فقه الواقع والأعراف ومتغيرات البيئات والظروف الزمانية التي لا تصادم أصلا شرعيا)[١٣]. واتە: دەبێت موفتیەکان ئاگاداری فیقهی واقیع و نەریت و گۆڕاو (متغیرات)ەکانی کات وشوێنبن بۆ ئەوەی فەتواکە لەگەڵ بنەماکانی شەریعەتدا تێك نەگیرێن.

## چەند نمونەیەکی واقیعی لە گۆڕانی فەتوا بەگوێرەی کات وشوێن وکەس:

فوقەها کۆنەکان لەسەر بنەمای (عورف/ نەریت) چەندین ئیجتیهادیان بنیاتنابوو،- کە بێگومان ئەگەر (عورف) گۆڕا دەبێت حوکمەکەش بە گۆڕینی عورفەکە بگۆڕێت و کار بە عورفە نوێیەکە بکرێت، و بەرژەوەندی گشتی لە مامەڵە کردندا بکرێتە پێوەر-، (ئیمامی شافیعی) چەندین ئیجتیهاداتی فیقهی هەبوو کە لە (عێراق)دا لەسەر بنەمای عورف بنیاتی نابوو، بەڵام کە چووە (میصر) و بینی

عـورف و نـەریتی ئـەوێ وعێـراق لێكجیـاوازن، دووبارە بە ئیجتیهادەكەی پێشوویدا ڕۆشـتەوە وحوكمەكانی بە گوێرەی عورفی نوێی (میصر) گـۆڕی. هـەروەها هـەر كاتێـك بڕیـاری فیقهـی نـاكۆك وجیـاواز بـوو لەگـەڵ بەرژەوەنـدی و واقیعـــدا و بەرژەوەندییەكـــەش لـــە ڕووی شـــەرعەوە بەرژەوەندییـــەكی دانپێـــدانراو وموعتەبـــەر بـــوو، وە ڕەچـــاوی مەبەســـتە زەرورییەكانی خوای مەزنی تێدا هاتبووبە جـێ، كە بریتین لە پاراستنی: (ئـایین، ژیـان، ژیـری، سـامان و دارایـی، منـداڵ و وەچـە) ئـەوا نوێكردنەوە (تەجدید) دەبێتە شتێكی پێویست ودەبێـت بـەپێی بەرژەوەنـدی وئاسـانی ولێبـووردەیی بێـت، كـە شـەریعەتی ئیسلامی لەسەر بەندە[١٤].

هەروەها بەشێك لـە زانایـانی چینی دوایـی (خەلـەف) نـرخ دانانیـان لەسـەر كاڵاكـان بـە دروست دانـاوە، ئەمـەش لەبـەر بەرژەوەنـدی گشتی و گۆڕانی بارودۆخی خەڵكی، بە جیاواز لە سەردەمی پێغەمبەر( ﷺ ) كە ڕێگری كرد نـرخ لەسـەر كاڵاكـان دابنرێـت[١٥]. هـەروەها لەسـەردەمی ئیمـام (ئەبوحەنیفـە)دا ڕەنگـی ڕەش بە عەیبە ونەنگی دادەنرا، بۆیە ئەگـەر كەسێك جل وبـەرگێكی داگیربكردایە یـاخود بیدزیایە و ڕەنگـی ڕەشـی بكردایـە ئـەوا ئـەو پۆشـاكە بـــە عەیبـــدار دەژمێــررا، بـــەڵام بەگوێرەی باردۆخی ژیان ئەم نەریتە گـۆڕا، و ئێستا لە بری ئەوەی ڕەنگی ڕەش عەیبە بێت زیادە نرخێكە دەچێتە سەر كاڵاكە.

نمونەی زۆر لەمبارەیەوە هەیە، بـەم چـەند نمونەیە ئیكتیفا دەكەین، چونكە لای هەموان ئاشكرایە كـە تەنانـەت دابـەزینی ئایەتـەكانی قورئـانی پیرۆزیـش بـە پێـی پێویـستی و داخوازی كات وشوێن ورۆژگار بوون، ڕوونترین بەڵگـەش جیـاوازی نێـوان ئایەتـە (مـەكی و مـەدەنی)ەكـان وهـەبوونی ئایـەتی (ناسیخ و مەنـسوخ)ە. هـــەروەك ئەمـــە بنەمایـــەكی ئوصـولییە (لاینكـر تغـیير الأحكام بتغـیير الزمان).

وە ڕەنگە مەبەستیش بە فـەرمودەی: ((إن الله يبعث لهذه الأمة على رأس كلّ مأة سنة من يجدد لها أمر دينها))[١٦]. واتە: خوای گـەورە لـەناو ئـەم ئومەتەدا لە سەرەتای هـەموو سـەدەیەكدا (سـەد ساڵ جارێك) كەسێك دەنێرێت بۆ نوێكردنـەوەی ئایینەكـەیان. تێگەییـشتنی زانـا نوێكـەرەوە (موجەدید)ەكان بێت لـەو واقیعـەی كـە خـۆی و موسڵمانانی تێدا دەژی.

هـــەروەك (د. عبـــدالله جبـــوری) دەڵێـــت: (هەركەس فیقهی هاوەڵان وتابیعین بخوێنێتـەوە دەزانێت كە ئەوان فەقیهترین و تێگەیشتووترین چین بوون لە ئامانج و ناوەڕۆكی شـەریعەت وبـە تەواویش پابەند بوون بە شەرعی خواوە، لەگـەڵ ئەمەشدا لەسـەر ڕووداوەكـانی ڕۆژ بـە ڕۆحێكی فراوانـــەوە ئیجیهادیـــان كـــردووە، خـــەڵكیش ئـەوەیان لا ڕوونـە كـە شـەرعی خـودا لەبـەر بەرژەوەنـدی بەنـدەكانی هـاتووە وكارئاسـانی بۆیـان دەوێتو بارگرانیشیان لەسـەر لادەبات، هەروەها هاوەڵان مەنهەجی ناوەندییان پـەیڕەو كـردووە كـە یەكێكـە لـە تایبەتمەندییـەكانی شـــەریعەتی ئیـــسلامی، كەواتـــە مـــادام نوێكردنەوەی ئایین بەشێوەیەكی گشتی هەیـە وجـێگیرە، ئـەوا فیقهـی ئیـسلامی لەپێـشتر وگونجاوترە بە نوێكردنەوە، چونكە پێداویستی ڕۆژانـەو ڕووداوەكـان داخـوازی بڕیـارو فـەتواو ڕوونكردنەوەی تازەن)[١٧].

هەروەك (شێخ ئەبوئەعلای مـەودودی)یـش لایەنە جیاوازەكانی نوێكاری بـە شـێوەیەكی دوورو درێـژ ڕوونكردووەتـەوە،و بـە فراوانـی باسی كردووە، كە ئەمانەن:

١– دەستنیـــــشانكردنێكی دروســـــتی نەخۆشییەكانی ئەو ژینگەیەی كە كەسی نوێكار (موجەدیـد)ی تێـدا دەژیو ورد بوونـەوە لـەو بارودۆخو سەردەمە،و هەڵوەستە كردن لەسـەر ئەو شوێنانەی كـە هاوڵاتیـان تێیدا لـە سنوورە شەرعییەكان دەرچوون، پاشانیش دەرخستنی هەڵوێـستی شـەریعەت دەربـارەی ئـەو سـنور بەزاندنە.

٢– پلانـدانان بـۆ چاكـسازی كـردن، بـە چارەســەركردنی نەخۆشـی و نارێكییـەكانی نـاو كۆمەڵگـە، بـۆ ئـەوەی ئیـسلام بـچێتە نێـو واقیعـی ژیـانی كۆمەڵایەتییەوە.

٣– كەسی نوێكار (موجەدید) دەبێت تواناو سنووری كارەكانی خـۆی دیـاری بكـات وئـەو لایەنانەش دەست نیشان بكات كـە ئـەو توانـای چـاككردن وچاكسازی تێداكردنی هەیە.

٤– ســـــــەرلەنوێ زیندووكردنەوەی ژیاری ئیسلامی پوخت، وگۆڕینی بیركردنـەوەی خـەڵك وڕەنـگ ڕێـژ كردنـی بیروباوەڕ و هەست و ڕەووشتیان بە ڕەنگی ئیسلام.



٥– هەسـتان بـە چاكسازییەكی كردەیی: ئەمـــەش بـــە پووچـــەڵكردنەوەی نەریتـــە خراپـــەكانی كۆمەڵگـــە وخاوێنكردنـــەوەی ڕەووشـــتیان، ودووبـــارە تێركردنـــی دڵ و دەروونیـان بـە خۆشویـستنی شـەریعەت، و دەستنیشان كردن وهەڵبژاردنی پیاوانێك كـە چاكساز وچاكخوازبن وئـەوان ببنـە پێشەوا و كاربەدەست لە دامێنی ئیسلامەوە.

٦– ئیجتیهـا كـردن لـە دینـدا: واتـە كەسـی نوێكار دەبێ بـە شـێوەیەكی گشتی لـە ئـایین تێبگات و ئاراستەكانی بـارودۆخی شارستانیو بەرەو پێشچوونی سـەردەمی خـۆی بزانێـت، و نەخـشە ڕێگـای گۆڕانكـاری وهـەمواركردن (تەعدیل) بكێشێت بـە پێـی مەنهـەج وڕێبـازی ئیسلام، بەجۆرێك كـە ڕۆحـی شـەریعەت تێیـدا سەلامەت بێت وئامانجەكانیشی بەدی بهێنێت.

٧– ڕووبەڕوو بونەوە ودژوەستان بەرامبـەر هـەر هـەوڵێك كـە بیـەوێت هێـزی ئیـسلام بـشكێنێتو لـەناوی بـەرێت بـۆ ئـەوەی ئامادەسازی هـەبێت بـۆ ئـەوەی بـە ئیـسلام ڕاپەڕین بكرێت.

٨– زیندووكردنەوەی سیستەمی ئیسلامیو بەرجەستەكردنیشی لەناو ئـەو وڵاتانـەی كـە موسڵمانان تێیدا نیشتەجێن، وبڵاوكردنـەوەی بانگەوازی چاكسازی ئیسلامی لەسەرتاسـەری ئـەم زەوییەدا[١٨].

هیـوادارم بـەم نوسـینە بەرچـاوڕوونیەك و بیرخـــستنەوەیەكم بـــە خـــۆم وئێـــوەش بەخـشیبێت، وصـلى الله وسـلم وبـارك علـى سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

١– فقه الواقع، ناصر بن سليمان العمر: ٥.
٢– فقه الواقع: ١٥ ـ ١٦.
٣– رواه مسلم: ٣٣٠٨.
٤– رواه الحاكم فى مستدركه: ٧٦٩٩، والبخاري فى الأدب: ٩٤٠، والترمذي: ٢٧٣٩، وغيرهم.
٥– رواه أبـوداود: ٢٣٨٩، والبيهقـي فـى الكـبرى: ٧٨٧٢، وصححه.
٦– غاية المأمول شرح التاج الجامع للأصول: ٧٠/٢.
٧– المجمـوع، للنـووي: ٥٠/١، روضـة الطـالبين وعمدة المفتين، النووي: ٤/ ١١٥.
٨– رواه مسلم: ٣٧٤٦.
٩– الموطأ، وفق رواية يحيى الليثي: ١٤٤٩.
١٠– فتاوى السبكي: ١٢٢/٢ ـ ١٢٣.
١١– إعلام الموقعين: ١ / ٨٨.
١٢– الخلاصة في فقه الأقليات، علي بن نـايف الشحود: ١/ ١١٧.
١٣– الحادي عشر بالمنامة في مملكة البحرين، من ٢٥–٣٠ رجب ١٤١٩هـ، الموافق ١٤–١٩ تشرين الأول (نوفمبر) ١٩٩٨م. قرار رقم: (١٠٤) ١١/٧، مؤتمره مجلة المجمع ( العدد الحادي عشر ج ٢، ص٢٨١ ).
١٤– الفقه الإسلامي بين الأصالة والتجديد: ٩٩ـ ١٠٠.
١٥– الفقه الإسلامي بين الأصالة والتجديد: ١٠٩.
١٦– رواه الحـاكم فـى المـستدرك: ٨٥٩٢، وأبوداود: ٤٢٩٣، والبيهقي في المعرفة: ٩٨.
١٧– الفقه الإسلامي بين الأصالة والتجديد: أ. د. عبدالله محمد الجبوري، ٩٦.
١٨– موجز تجديد الدين وإحياءه، أبوالأعلى المودودي: ٥٠ ـ ٥١.

* **وتـارخوێنی مزگـەوتی ئیمـامی شـافیعی/ هەڵەبجەی تازە**

# سیاسەتی مینبەر یان مینبەری سیاسەت؟!

نووسینی: مەلا ئاراس رواندزی

شاراوە نییە، کە مینبەر پێگەیەکی بەهێزی هەیە لەسەر هەموو ئاستەکان، بە درێژایی مێژووش کاریگەری گەورەی هەبووە لە پەروەردەکردنی موسڵمان و ئاشناکردنیان بە بەها جوانەکانی ئیسلام.

بەڵام لە ڕۆژگاری ئەوڕۆکەدا، کە جیهانی ئیسلامی بە دۆخێکی گڕگرتوودا تێدەپەڕێت، هەوڵێکی چڕوپڕ هەیە بۆ شێواندنی پەیامی مینبەر، کە ئەگەر بەربەست لە بەردەم ئەو هەوڵانەدا دانەنرێت، بە دوور نییە، کە مینبەر ئەو پێگەیەی خۆی لەدەستبدات، چونکە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، کە گوتارە سیاسییەکان لەسەر مینبەرەکانەوە بەرز دەکرێنەوە و، خەڵك کەوتۆتە بەردەم دووڕیانێکی ڕاستەقینە و ترسناك، کە ئایا بەردەوامبن لە گوێگرتن لەو پەیامە سیاسییانەی سەر مینبەرەکان، یان وازبێنن لە دانیشتن بەدیار ئەو گوتاربێژانەی، کە لە پەنای پێگەی مینبەرەوە، بانگەشە بۆ بژاردەیەکی تر لە پەیامە لاوەکییە دوور لە پەیامە مینبەرییەکان دەکەن؟!.

لەلایەکی ترەوە، دەبێت وتاربێژان درك بەو ڕاستییە بکەن، کە تا ئێستاش بەشێکی زۆری موسڵمانانی کۆمەڵگای کوردەواری، پێویستیان بە ڕوونکردنەوە بابەتە زۆر سەرەتاییەکانی ئاینی ئیسلام هەیە، کە وابێ چ حیکمەت لەوەدایە، کە بەرەو ئامانجیگەلێکی تر ئاراستە بکرێن، کە ڕەنگە کاریگەری کاردانەوەکانی ئەو هەڵە کوشندەیە، زۆر ترسناك بن!.

مەبەستمە ڕاشکاوانە بڵێم، کە مینبەر وەکو ئەمانەت و میراتێکی گەورەی پێغەمبەر "دخ"، خاوەن سیاسەتێکی تایبەت بە خۆیەتی بۆ بڵاوەکردنەوەی ڕۆشنبیری ئاینی لەسەر بنچینەیەکی میانڕەوانە، کە درێژەپێدەر و زامنی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەرزانە بێت، کە حەزرەت "دخ" لە پێناویدا پەیامەکەی بە مرۆڤایەتی گەیاند، نەوەکو ئەوەی مینبەر بکرێتە دوانگەیەك بۆ پەیامە سیاسییە لاوەکییەکان، کە ناکۆکن لەگەڵ ڕۆحییەتی پەیامی ئیسلام!.

بۆیە دەڵێین: نا بۆ بە سیاسیکردنی مینبەر، بەڵێ با هەوڵبدەین مینبەرەکان "وەکو خۆی" بپارێزین، ئەگینا کار وا بڕوات، چیتر خەڵك متمانە بەو کەسانە ناکات کە لەو دوانگە پیرۆزەوە وتار دەدەن "هەر یەکێك بێت"، بەڵکو دوورتر لەوەش، خەڵك ئامادە نابێت واجبی جومعەش جێبەجێ بکات!.

ئەوانەشی پەیامێکی تریان هەیە، دەتوانن لە ڕێگەی مینبەرە جیاوازەکانی ترەوە بیگەینن و، هیچ ئیشکالییەتێکیش لەوەدا نییە، کە گوتاربێژ خاوەن هەڵوێست و بیروبۆچوونی تایبەت بە خۆی بێت، بەڵام وەکو نیشانەم کرد، ئەو هەڵوێست و بیروبۆچوونانە لە مینبەری مزگەوتەکانەوە ڕەنگنەدەنەوە.

# تکایە وەزارەتی ئەوقاف یان هاوکارمان بن یان ڕێگرمان مەبن

مەلا مەسعود جاف

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی یەکێکە لەوەزارەتە دەوڵەمەندو خاوەن داهاتە زۆرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەبوایە زۆرترین هاوکاری مزگەوتەکانی بکردایەو لە هەر جێگەیەکدا مزگەوت پێویستی بەهاوکاری و پاڵپشتی و دابینکردنی پێداویستی بووایە ڕاستەوخۆ ئەم وەزارەتە بچوایە بەدەمیەوەو نەیهێشتایە کەموکوڕی پێوە دیار بووایە.

بەڵام زۆر بەداخەوە وانەبووەو کەمترین هاوکاری مزگەوتەکان کراوە، بەبیانووی ئەوەوە کە داهات و بودجەکەیان کەمە، ئەمە لەلایەك کە داخی بەردەوامی من و زۆرینەی مامۆستایانی ئاینی ئەم کوردستانەیە، بەڵام داخێکی تریان ئەوەیە کە زۆرجار لەکاتی موچە وەرگرتندا نوسراوێکمان پیدەدەن‌و ئەوەمان لێ دووپات دەکەنەوە، کە نابێت و جێگەی قەبوڵ نییە کە لە مزگەوتەوە بانگەواز بۆ دروست کردنی مزگەوتێکی تر بکرێت و هاوکاری کۆبکریتەوە، بۆیە من پێم وایە ئەمە ڕێگرتنە لە خێرو چاکەی خەڵکی موسڵمانی کوردستان و کارێکی باش نییە، جا تکا لەم وەزارەتە دەوڵەمەندەی خۆمان دەکەم یان هاوکارمان بن یان ڕیگرمان مەبن لەم کارە خێرەدا، بابتوانین زۆرترین مزگەوت لەکوردستاندا ئاوەدان بکەینەوەو بیدەین بەچاوی ئەوانەی کە ئەم میللەتەی ئێمەیان بە ناموسڵمان لەقەڵەم دەداو ئەنفالیان دەکردین.



# راگەیاندکاری سەرکەوتوو دەبێت چۆن بێت؟

ئا: مەلا مژدە شوانی
muzhda.shwani@ymail.com



گومانی تێدا نیە، کە پیشەی راگەیانکار پیشەیەکی گرنگو پڕ بایەخە بۆ کۆمەڵگای خەڵکی بەسەرجەم چینو توێژە جیاوازەکانەوە، چونکە راگەیانکار دەتوانێت بەوکارو بەرنامەو میکانیزمەی، کە هەیەتی دەنگی راستەقینەی خەڵکیو کێشەو روداوو مەزلومیەتی چینی هەژارو چەوساوان بەرزکاتەو بیگەیەنێت بە دەسەڵاتدارانو سەرجەم گەلانی جیهانیش بەهۆی شێوازە هەمەچەشنەکانی ئامێرەکانی راگەیاندن، بەڵێ راگەیانکار پیشەیەکە بەمانای راسەقینەییو هەڵگری پەیامێکە، کە ئامانجو مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە، راگەیانکار خاوەن دەنگێکە،کە ئاخاوتن لەگەڵ بیروبۆچوونە هەمەجۆرو جیاوازەکان دەکات، بۆیە چەندەها جار راگەیاندنو راگەیانکاران رۆڵی کاراو باشو کاریگەر دەبینن لە چارەسەری زۆرێك لە کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگای خەڵکی، راگەیانکاران هەمیشە وەك نوێنەرو گوزارشتکەر لە بۆچوونو ئاکارو ئاستی رۆشنبیریو پێشکەوتنی لایەنەکانی تری ژیانی مرۆڤەکان لە شارو ناوچەو وڵاتیان دەناسرێن، بۆیە دەتوانن جوانترین سیماو لایەنەکانی پێشکەوتنی وڵاتیان بە هەموو جیهان بناسێنن، هەر لەبەر ئەم رۆڵە گرنگەشە، کە بە جیهانی راگەیاندن دەوترێت دەسەڵاتی چوارەم، بەڵام بەپێچەوانەوە



رەنگە هەندێك جار راگەیانکاران خراپترین رۆڵو سیمای ناوچەکانیان ببینن، کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ توواناو لێهاتوییو ئامانجو ئایدەلۆجیای کەسی راگەیانکار.

جا لەپێناو ئەوەی، کە راگەیانکار ببێتە جێی متمانەی خەڵکیو باشترین رۆڵ پیشانی جەماوەر بداتو سەرکەوتووبێت لە کارەکانیدا، پێویستە کە ئەم چەند خاڵو خەسڵەتانە لەخۆیدا بەرجەستە بکات، کە بریتین لە:

١- راستگۆیی: گرنگترین خەسڵەتو سیما، کە لە کەسی راگەیانکاردا پێویستە رەنگدانەوەی تەواوی هەبێت، ئەویش راستگۆییە لە وتەو راپۆرتو ئامادەکردنو گەیاندنی بابەتەکاندا، تاکو راگەیانکار بابەتو قسەکانی پاكو خاوێن بنو دووربێت لە قسەی هەڵبەستراوو درۆ، ئەوەندە زیاتر سەرکەوتوتر دەبێتو دەبێتە جێگای متمانەی خەڵکیو زیاتر بایەخ بەکارو بەرهەمەکانی دەدرێت هەر بۆیە، کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَاالَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَكُونُواْ مَعَ الصَّادِقِينَ﴾ (التوبة: ١١٩)، واتە: ئەی باوەڕداران لەخوا بترسنو بچنە ریزی کەسانی راستگۆکانەوە.

بەڕاستی زۆر جێگای سەرسورمانە، کە هەندێك جار راگەیان کاری وا هەیە تەنها لەبەر رەواجدان بە بابەتو نوسینەکانی چەندەها شتی نادروستو ئەفسوناوی تێکەڵ بەقسەکانی دەکات، هەر بۆ ئەوەی خوێنەر سەرنجی زیاد بداتە سەر بابەتەکەی، بێ ئەوەی بیربکاتەوە کە ئەو کارە ناگونجێت بەو چەشنو شێوازە روبدەن، کە ئەو شتەش زۆربەی بەخەیاڵو ئەندێشە دروست دەکرێن، زۆر ئاسانە کە هەمووکەس دەتوانێت سەربەخۆ لای خۆیەوەو هەر بە خەیاڵ چەندەها روداوو سەرگوزشتەی جۆراوجۆر دابرێژێت بێ ئەوەی هیچ بنەمایەکی راستی هەبێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانێت کە ئەو جۆرە کارانە تاچەند دەگونجێن لەگەڵ خەسڵەتو ئاکاری کەسی رۆژنامەنوسو راگەیانکاری سەرکەوتوەوە، تاچەندە متمانەو راستگۆیی لەدەست دەدات لای بینەرو بیسەرو خوێنەرەوە.

٢- دڵنیابون لە راستیو دروستی سەرچاوەی هەواڵو روداوەکان: زۆر جار راگەیانکار پەلە دەکات لە ناردنو ئامادەکردنی راپۆرتو هەواڵو روداوەکان، بۆ ئەوەی کە حەزبکات ئەو یەکەم کەس بێت لە بڵاوکردنەوەی یاخود زۆرترین ژمارەی راپۆرتو بڵاوکردنەوەی هەبێت بۆ دەزگاکەی، بێ ئەوەی کە بکۆڵێتەوە بەباشی لەسەرچاوەی هەواڵەکەو دڵنیابێت لە راستیەکەی یەکسەر دەست دەکات بەوروژاندنو گەورەکردنەوەی بابەتەکە، کە رەنگە زۆر کات ئەو هەواڵە لەبنچینەدا بوونی نەبێت، یاخود بەو شێوازە نەبێت کە کەسی هەواڵنەر پێی راگەیاندوە، چونکە دەشێت هەندێك کەس بۆ مەرامو بەرژەوەندی خۆی ئەو هەواڵە بەنادروستی بگەیەنێتو بڵاوی کاتەوە، تاکو هەندێك کەس توشی

نارەحەتی‌و گرفتی جۆراوجۆر بكات.

لەم بارەیەوە قورئانی پیرۆز رێنمونیمان دەكات‌و دەفەرموێت: ﴿یَأَیُّهَا الَّذینَ آمَنُوا إنْ جَاءَكُمْ فَاسقٌ بنَبَأٍ فَتَبَیَّنُوا أنْ تُصیبُوا قَوْمًا بجَهَالَةٍ فَتُصْبحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادمینَ﴾ (الحجرات:٥)، واتە: ئەی كۆمەڵی ئیمانداران هەركات كەسێكی فاسق و ناراستگۆ هات بۆ لاتان‌و هەواڵێكی پێدان یەكسەر بڕوای پێ مەكەن بەڵكو جەخت كەنەوە لە دروستی هەواڵەكەو بگەڕێن بەدوای بەڵگەو سەرچاوەكەیدا، تاكو نەخوازە بەوهۆیەوە گەلێك توشی گرفت‌و كێشە بكەن بەنەزانی‌و دواتر پەشیمانی بەدەست بێنن.

هەروەها كاتێك كە پەپولە سلێمانی (هودهود)ی باڵندە دێتەوە بۆ لای پێغەمبەر سولەیمان (علیه‌السلام) پێی رادەگەیەنێت، كە هەواڵێكی زۆر گرنگ‌و سەیری بۆ هێناوە لەبارەی مەلیكەی (سبأ)، كە (بەلقیسە) پێغەمبەر سولەیمان یەكسەر بڕوای پێناكات هەرچەندە ئەو زۆر جەخت دەكاتەوە لەسەر دروستی‌و راستی هەواڵەكە بەڵكو پێی دەڵێت: ﴿قَالَ سَنَنْظُرُ أَصَدَقْتَ أَمْ كُنْتَ منَ الْكَاذبینَ﴾ (النمل:٢٧)، واتە: پێغەمبەر سولەیمان پێی وت چاوەڕێ دەبین تابزانین راست دەكەی لەو قسانەت یاخود بەدرۆ هەڵت بەستوە، جابەراستی زۆر پێویستە كەراگەیان كاران كارەكانیان لەژێر سۆنگەی ئەم فەرمایشتانەی خوادا بەئەنجام بگەیەنن.

٣- خۆ بەدور گرتن لەناو زراندنی هیچ كەس و لایەن و دەستەیەك: زۆرجاران مامۆستایانی ئایینی مزگەوتەكان لەوە ئاگادار دەكرێنەوە كە نابێت بەهیچ شێوەیەك تەشهیرو ناوزراندن بەهیچ كەس بكەن، راستە كە مزگەوت ناوەندێكی گرنگ و ستراتیجی راگەیاندنەو، نابێت ئەو كارەی تێدا بكرێت، بەڵام خۆ ئەوە بۆ هەموو دەزگاو كەناڵ و راگەیان كارانی تریشە، كە دەبێت دوربن لەو جۆرە رەفتارو كارە ناپەسەندەوە چونكە هەر لەیاسای راگەیاندندا ئەو شتە رێگە پێ نەدراوە، بەڵام كەچی هەندێك دەزگاو راگەیانكار پەیرەوی ناكەن و جاری وایە شعورو هەستی كەسێك یا لایەنێك یاهەر دەستەو خاوەن بیرو ئایدەلوجیایەك بریندار دەكەن و دەهەژێنن، زۆریشمان لەو كارانە لەرابوردودا بەفعلی بینیوە، بۆیە راگەیانكاری سەركەوتو دەبێت خۆی لەو كارانە بەدور بگرێت.

٤- سەربەخۆیی بوون: زۆر راگەیان كار هەیە كە خۆی دەداتە پاڵ دەستەو لایەن و جیهەتێكی تایبەتی و زۆربەی كارەكانی لەبەرژەوەندی ئەودا خۆی دەبینێتەوە، كە بەراستی ئەمە زیان لەناوبانگ و بەرەوپێش چوونی دەدات، چونكە ئەوكات ناتوانێت رەخنەیەك یاشتێك بنووسێت كە بەدڵی



كەس‌و لایەنەكەی نەبێت، كە دیارە هیچ كەس‌و لایەنێكیش بەدەر نیە لەهەڵەو كەم‌و كورتی هەر بۆیە راگەیانكاری سەركەوتوو دەبێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و كارەكانی بۆ هەموو خەڵكی بێت بەگشتی و بەبێ جیاوازی لەهیچ بیرو بۆچوون و ئینتیمایەك.

٥- دادپەروەری: راگەیانكاری سەركەوتوو ئەوەیە كەبەویژدان و دادپەروەرانەوە بریار لەسەر شتەكان بدات وهەڵیان بسەنگێنێت، نابێت ئینتیمای حیزبایەتی ورق لێبونی لەجیهەت و كەسێك كاریگەری وای لەسەر بكات كەخۆی بێ دەنگ بكات لەبەرامبەر راستیەكان و بەرگری لەستەم لێكراوان نەكات، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَإذَا قُلْتُمْ فَاعْدلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى﴾ الانعام: ١٥٢ واتە: گەر قسەتان كردو بریارتان لەسەر هەر شت دا ئەوە دادپەروەر بن لەو قسەو بریاردانەدا، با ئەو كەسە لێتانەوە نزیكیش بێت، كەوابوو ناكرێت كە كەسێك خزم و دۆستێكی نزیكت بێت ئیتر تۆ بەرامبەر ناهەقیەكانیشی هەر بلێی هەق و چاوی خۆتی لێ بنوقێنی لەبەرامبەر هەڵەو كارە نارێكەكانی، پێش هاتنی ئاینی ئیسلام لەناو عەرەب لایەنگری لەدۆست وخزم و كەس و كار باوو بوو جا لەسەر هەق بوایە یاناهەق، بەبێ ئەوەی ئینساف بەكار بهێنن و دادپەروەرانە بریار بدەن، بەڵام خوای گەورە ئەو كارەی ناپەسەندو قەدەغە كرد هەر بۆیە فەرموی: ﴿یَأَیُّهَا الَّذینَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامینَ بالْقسْط شُهَدَاءَ للَّه وَلَوْ عَلَى أَنْفُسكُمْ أَوْ الْوَالدَیْنِ وَالْأَقْرَبینَ﴾ النساء:١٣٥.

واتە: ئەی كۆمەڵی برواداران دادپەروەر بن‌و هەرچی هەق و راستیە بەتەواوی بیهێننە دی وخۆتان لەراستیەكان بێ ئاگان مەكەن، وە لەشایەتی داندا لەبەر رەزامەندی خوا لەراستی لامەدەن، جابا ئەو شایەتیە لەسەر خۆتان بێت وبەزیانی خۆتان بشكێتەوە، یاخو دایك وباوك و كەسە نزیكەكانتان، جائەم فەرمایشتەی خوا بۆ هەموانە لەنێویشیان راگەیانكاران، كە زۆر پێویستە ئەم خاڵە لەخۆیاندا بهێننە دی، هەندێك كەناڵ و راگەیان كار هەیە كە تەنها بەدوای كەم و كورتی وشتە لاوەكیەكاندا دەگەڕێن و نیشانی جەماوەری دەدەن بەبێ ئەوەی باس لەچاكی‌و كارە جوانەكانیش بكەن كە ئەنجام دراوە، لەبەرامبەریشدا هەندێكیان تەنها زومی كامیراكانیان لەسەر پرۆژە گەورەو شوێنە ستراتیجەكانە وەك ئەوەی ئەم وڵاتە هیچ كەم‌و كورتی‌و ناتەواوی تری نەبێت‌و هەموو خەڵكی لەو پەری ژیانێكی خۆش وبێ كێشە دابن، بەڵام لەراستیدا كاری هەردوكیان دورە لەئینساف و دادپەروەریەوە، بەڵكو پێویستە بەرامبەر كارە باش وچاكەكان دەستخۆشی و سوپاس گوزاری بكرێت، وەبەرامبەر هەڵەو كارە نارێكەكانیش گلەیی وسكاڵاو داواكاری بەرز كرێتەوە، جگە لەم چەند خاڵ و خەسڵەتە گرنگ وبەرچاوانە ئازایەتی و چاونەترسی وخاوەن رەوشتی جوان و خۆبەكەم زانین‌و شارەزایی باش لەشێوازی قسەكردنی كاریگەریانەو گەران بەدوای زانیاری پر بایەخ وبەسودا لەدیارترین سیماو نیشانەكانی راگەیانكاری لێزان و سەركەوتوە.

*بەرپرسی راگەیاندنی لقی چەمچەماڵی یەكێتی زانایان.

# حیوار چارەسەرێکی گرنگی عەقڵانی

مەهدی عبداللە



یەکێك لەو دەردە کوشندانەی بەرۆکی زۆرێك لەوڵاتانو تا عالەمی ئیسلامیشی تەواو گرتوەتەوە، نەبونی گفتوگۆو لێك نزیك بونەوەو دانوستان نەکردنە.. ئەوەی سەنگو ڕێزێکی ئەوتۆی نیە پرسی حیوارو دانوستانە.. چ لەسەر ئاستی دینیو زانستی، چ لە ئاستی سیاسیو نەتەوەیو.. تا زەبری هێزو بازوو دەسەڵات دەگۆڕێدا بێت وشەیەك نییە پێی بگوترێت دیلۆگو گفتووگۆ.. لەوڵاتانی شەرقی کاتێ دانوستانو حیوار دێتە بوون کە وڵات کەوتە قەیرانو ئەو پەڕی ئاڵۆزی..

کاتێ ڕێك کەوتیشین لە سەر دانوستان بە ئاقارێکدا دەیبەین کە هیچ دەرەنجامو دەستکەوتێکی نابێت جگە لە جەدەلێکی ڕووت نەبێ. ئەو پەڕی کارەساتە کاتێ گوتاری دینی دەکەوێتە ململانێ. دوای زیاد لە هەزارو چوار سەدساڵ تێپەڕبوون بەسەر وەحیو پەیامی ئیسلامیدا نەك هەر لەسەر سەوابیت ڕێك نەکەوتوینو ناکەوین بەڵکو عالەمی ئیسلامی لە شتە زۆر جوزئیو لاوەکیەکانیش کەوتوینەتە بەرەی سەنگەر لێك گرتن. خەریکە وڵاتانی ئیسلامی روبەڕوی دابەشکاریەکی ترسناك دەبێتەوە. ئێمەی گەلی کورد لە هەمو نەتەوەیەکی تر زۆر پێویستیمان بە گفتوگۆی فکری، سیاسی.. هەیە.. تا پرسی گرینگو چارەنوس سازی نەتەوەیش. لەبری ئەوە تەنها رۆژێکیش بەفیرۆ نەدەینو بەردەوام لەدیالۆگ دابین تا دەگەین بە مافە نەتەوەیو ئاسایشی نەتەوەیو جێگیربونی ژیانمان. ڕۆڵی مامۆستایانی ئاینی لە ئێستای پرسی ئاشتی و چارەنوسی نەتەوەی زۆر گرینگە بەرچاوو کاریگەری هەبێت. زانایانمان بیریان لە دروستکردنی لۆبیەکی ئیسلامی کردۆتەوە لەڕێگای کاری گفتوگۆو دیالۆگ ئەوپەڕی کاریگەری هەبێت بەسەر پرسە چارەنوس سازو ستراتیجیەکانی ئاینیو نەتەوەی. بۆ ئەوە بەردەوام لە ناوخۆو دەرەوەدا کار لەسەر هەمان بابەت بکەن..

بەداخەوە ئەوەی ئەمرۆی عیراقو ناوچەکەی پێدا تێدەپەرێ هەموو ئەو عەقڵیەتە دۆگماو بێرێزی کردنەیە بە چەمکەکانی حیوارو دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆی ئامانجدار، کە ئەنجامەکەی هەزاران قوربانیو کاولکاریە.. ناپرسین ئاخۆ هەموو ئەو تاوانو دووبەرەکیو پەرتەوازیەی جیهانی موسڵمان نشین لە ئەستۆی کێدایەو هۆکار چیە.؟ ناپرسین هەموو ئەو وێرانکاریو کودەتا سەربازیو دروستکردنی دەیان قەیرانو داگیرکاریو هۆی چیە..؟ لە ڕاستیدا زانایانی ئاینی هەروەك پێشەنگی خەبات و کاری ئاینی بوون لە ئێستاشدا دەبێ لەپێشەوە بنو دەستکەوتە ئاینی و لێك تێگەیشتنە نەتەوەییەکانیش لەسەر دەستی ئەوان بێتەدیو سەنگو قورساییەکی ئاینی، فکری، سیاسی، نەتەوەی بەهێزیان لە ناوکۆمەڵگەدا هەبێت..

– دیالۆگ، گفتوگۆ، هونەری گەیشتن بەڕاستی: لەچەندین شوێنی قورئان باسکراوەو هاتووە.. بەجۆرێ لەبەر گرنگی یەکەی خودی دروستکرانی گەردونو بونەوەرو ژیان لەسەر ئەساسی حیوارو گفتوگۆ هاتونە کایەوە، دەبینین خودا گفتوگۆ لەگەڵ فریشتەکاندا دەکات لەمەڕ ئەو مەسەلەیە، کە هەر ئەوەش لەگەڵ سروشتی مرۆڤەکان جمكو شیاوو هاو واتایە، وە ئەصلو ناسنامەی ئینسانە.. بەپێچەوانەوە یاسای دارستانە کە دوورە لەدیالۆگ وحیوارو لێك مڕاندنی لەباراندایە. لەفکری ئیسلامیدا حیوار پانتایەکی فراوانی هەیە.. تەنانەت ئیسلام وەکو یاسایەکی گرنگی ئیلزامی دەی ناسێنێت کە دەعوەو لێك تێگەیشتن دەبێ لەوڕێگەیەوەبێت.. نەك تەنها "تبلیغ"و بەس. بەڵکو فەرهەنگی ئیسلامی لەناو حیواردا دەژی و زیندویە.. هەرئەوەندە نیە ڕام گەیاند –وابکەن، وامەکەن– نەخێر: ئەو فکرەی کە ڕۆڵی پێغەمبەر"ص" زۆرجار لە"تبلیغ" کورت دەکرێتەوە هەڵەیە.. بەپێچەوانەوە "تبلیغ، تبیین، حوار" یاسای ڕاگەیاندنی تەواو تەندروستی ئیسلامە.. لێرەوە دەگەین بەحەقیقەتو ئامانجی ڕونی پەیامی خودایی.. ئەوەتا خودی پێغەمبەر"درودی خوای لەسەر بێت" لەگەڵ ئەو گەنجەدا گفتوگۆ دەکات کە دەڵێ ڕێگام بدە زینا بکەم.. تەنها پێی نەفەرمو ئەوە "تەبلیغم" کردی نەکەی دەستی بۆ ببەی حەرامە. لەگەڵیدا دەکەوێتە گفتوگۆو زیانە کۆمەڵایەتیو کەسیەتیو خراپەکانی بۆ شیدەکاتەوە.. تا گەیشتە ئەنجام. هەر ئەو ڕەوشتو یاسا خودایو عەقڵانیەیە کە هەر لەکۆنەوە تا ئەوڕۆ ئیسلام لەگەشەدایە.. سود وەرگیراوە لە (مەوسوعەی جودی).

دیالۆگی زانستی: دوورە لەدەمارگیری کەتەنها هەرئەوەی من دەیڵێم هەر ئەوە ڕاستە. ئیمامی شافعی "ر.ح" بنەمایەکی گرینگی لۆگیکی تۆکمەی داڕشتووەو دەڵێ (ڕای ڕاستم دەشێ هەڵە بێتو ڕای بەرامبەریشم –کە پێم هەڵەیە– دەشێ ڕاست دەرچێت) ابراهیم پێغەمبەر"ع" لەناساندنی خودا چلۆن گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکەکەی دەکات. گفتوگۆی سەرکەوتووی بنەماو ئامانج دار یاساو ڕێسای خۆی هەیە.. لەو چەند خاڵەدا وردی دەکەینەوە:

١– کەسی گفتووگۆکار: دەبێ خاوەن بەرنامەوو زانیاری بێت، ئەگەرنا دەکەوێتە بازنەی "جەدەل و بێڕێزی و.. حەزرەتی علی "ع" دەڵێ (گفتوگۆم لەگەڵ هەر زانایەك کردبێت سەرکەوتوبوین، لەگەڵ نەزانیش تێکەوتوو)،

٢– خاوەن ڕێبازێکی فکری و عەقیدەیەکی وابێت بەرژەوەندیە گشتییەکان لەسەروی بەرژەوەندی تاکەکەسی دابنێت..

٣– مەرجەعیەت و تەرازوەکانی کتێبی ڕاستەقینەی خودایی بێت، ئەگەر ئەو سێ مەرجە نەسازێ دەبێتە "جەدەل" هەروەك قورئان دەفەرموێ ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُنِيرٍ) الحج: ٨.

بۆیە دەبێ زانایانمان بۆ گفتوگۆ ئاگاداری "فقهی اختلاف، أولویات، فقهی واقع، موازنە، تغیر، ممکن، تدرج.. بن. نەنگیە ئومەتی ئیسلامی بێ حیوار بژی، لەکاتێکدا ئاوێتەی ململانێیەکی نالۆجیکی بوبێت..دیراسەی واقیع و زەروریاتو پێویستی یەکانی کۆمەڵگە نەکرێت.. جۆرێك لەڕێك کەوتنو تەفاهوم نەبێ.. قسە لە لێك گەیشتنو پێك گەیشتن نەکرێ..

## گەنجانی کوردو پرسی جیهاد

# ڕۆیشتنی گەنجانی کورد بەناوی جیهاد تا چەند ڕەوایە؟

ئا: عەبدوڵلا ئەحمەد شێرکاوەیی

ماوەیەکە هەواڵی ڕۆیشتنی گەنجانی کورد بۆ سوریاو خۆرئاوای کوردستان بەناوی جیهادەوە بۆتە دەنگۆیەکی بەربلاوی زۆرێك لە ڕاگەیاندنەکان، هەروەکو ئەوەش بلاوکرایەوە کە بەرەی ئەلنوسرە فەتوای حەلاڵکردنی ماڵو کوشتنی کوردانی دەرکردووە، ئەمەش گۆڕانکاریو مەترسی زۆری بەسەر کوردانی ناوچەکەو بگرە زیانی گیانی زۆری بەدوای خۆیەوە هێنا، ئەگەرچی بەڕای چاودێران ئەو شەڕە زیاتر بۆ ئەوەیە کوردانی خۆرئاوا پەلکێشی نێو کێشمەکێشی سوریا بکەنو ئەو ئارامیە بشێوێنن، کە کوردانی سوریا تا ڕادەیەك بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دی هەیانە، لەهەمان کات هەموو ئەو ئاڵۆزیانە دەرەنجامی تێکچوونی ڕەوشی سیاسیو نێوخۆی سوریانو قسەی زۆر هەڵدەگرن.

بەڵام ئەوەی مەبەستە لێرەوە باسی لێوە بکەین، فەتوای جیهادو ڕۆیشتنی گەنجانی کوردە بۆ سوریا بەناوی جیهادەوە، چونکە بەپێی پێوەرە شەرعیەکان بێت جیهادیش یاساو چوارچێوەو بنەمای خۆی هەیەو خەڵکی سادەش بۆی نیە فەتوای لەو جۆرە دەر بکات، بەڵکو ئەوە پێویستی بە مەرجەعو لێژنەی بالای فەتواوە هەیە کە قسەی لەسەر بکات، کەواتە دەپرسین ڕۆیشتنی گەنجان بەو ناوەوە تا چەند شەرعیە؟ ئایا ئەو ڕۆیشتنە بەناوی جیهادەوە تا چەند ڕەوایە؟ ئەرێ بنەماکانی یهاد چینو ئەوەی دەگوزەرێ چیە؟ مەترسی ئەو جۆرە فەتواو هەنگاوانە خۆی لەچی دەبینێتەوە؟ ئایا ئەرکی مامۆستایانی ئایینی لەو بارەوە چیەو پێویستە چی بکرێت؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری تر دەخەینە بەر دیدی ژمارەیەك مامۆستای بەرێزی ئایینیو بۆچوونو هەڵوێستیان لەو بارەوە دەخەینە بەر دیدی خوێنەری بەرێزەوە:

### دکتۆر مەلا مادح بەرزێوەیی:

## ئیسلام بابەتی جیهادی ڕێك خستوە بۆ ئەوەی هیچ کەسێك نەیشێوێنیو بە هەوستی خۆی هەڵینەسوڕێنی



سەرەتا **بەرێز دکتۆر مەلا مادح بەرزیوەیی پێش نوێژو ئەندامی ئەجومەنی زانستیو لە وەزارەتی ئەوقافو مامۆستای پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان** لە بارەی جیهادو یاساو بنەماکانی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا گوتی: جیهاد لەئیسلام دا جۆرێکی پیرۆزە لەخودا پەرستی و دروشمێکی دیاری موسڵمانانەو، لە بەر پیرۆزی ئەم خودا پەرستیە وەسفی (في سبيل الله)ی بۆ دانراوە، واتە ئەو کاتی جیهاد شایستەو تەواوە ئەگەر لە پێناو خودای گەورە بێت، وەهیچ ئامانجی دونیایی تێدا نەبێت، وە بەو مەرجەی لە گەڵ بناماکانی شەرعی پیرۆزی ئیسلام تێك بکاتەوەو ئامانجەکەی بپێکی.

بۆیە زانایانی مالکی (رحمهم الله) لە پەرتوکەکانیان جیهاد لە پاش روکنەکانی ئیسلام باس دەکەن، چونکە وەك عیبادەت سەیریان کردوە، زانایانی مەزهەبەکانی تری ئەهلی سوننە و جەماعەت(رحمهم الله) بە سزاو تۆڵەیان داناوە، بۆیە لە گەڵ پەرتوکی سزاو و تۆڵە باسیان کردوە.

خوداوەندی گەورە ڕێگای رونو ئاشکرای بۆ جیهاد داناوە، کە ببێتە هۆی زاڵبون بە سەر نەفس و هەوا بە تایبەت لە کاتی سەرکەوتن کە مرۆڤ هەست بە شکۆمەندی و سەربەرزی دەکات، کە لە وانەیە جۆرێك لە ریا و خۆ بە زل زانینی تێدا بیت، هەر بۆیە پێغەمبەری خۆشەویستمان( a ) لەکاتی فەتحی مەککە سەری سوپاس و ملکەچی بۆ خودای خۆی دانواند، ولە کاتی کە موسڵمانان (قبرس) یان فەتح کرد و دیلەکانیان هێنا بە دەست بەستراوی، (أبو الدرداء) ڕەزای خودای لێ بیت گریاو فەرموی: ئەمانە خاوەن موڵك و دەستهەلاّت بون لەبەر بێ ئەمری خودا بەم حاڵە گەیشتنو فەرموی: (بەندەکان چەند بێ نرخ دەبن لە لای خودا ئەگەر فەرمانی ئەویان شکاند).

بۆیە دەتوانین بڵیین: جیهاد لە ئیسلامدا بەرزترین ڕەوشتەکانی جەنگاوەرانی تێدا دەبینرێت، وە لەو ڕەوشتە بەرزانە : نەکوشتنی ئافرەت و منداڵە، لە بوخاری و موسلیم دا هاتوە: (وجدت امرأة مقتولة في بعض مغازي رسول الله، فأنكر رسول الله ( a ) قتل النساء والصبيان)، واتا لە یەکێك لە غە زاکانی پێغەمبەر( a ) ژنێکی کوژراو دیترا، پێغەمبەر( a ) زۆر پێی ناخۆش بوو، کە ئافرەت ومنداڵ بکوژرێن.

### زانایان کۆ دەنگن لە سەر ئەوەی کە قەدەغەیەو حەرامە ژنو منداڵ بکوژرێن

بۆیە ئیمامی نەوەوی دەفرمووێ: (أجمع العلماء على العمل بهذا الحديث وتحريم قتل النساء والصبيان إذا لم يقاتلوا) واتا: زانایان کۆ دەنگن لە سەر ئەوەی کە کار بەم فەرمایشتە بکرێت وقەدەغەیەو حەرامە کە

### د. محمد عەبدوڵڵا پێنجوێنی:

## هیچ هۆکارو پاڵنەرێکی دروستی شەرعی ئێستا لەگۆڕێ نیە بۆ ناردنی خەڵك بۆ دەرەوە بەمەبەستی جیهاد



ژن و منداڵ بکوژرێن ئەگەر شەر نەکەن.

هەروەها نەهی کراوە لە شێواندنی لاشەی مردوان و کوژراوەکان کە پێی دەگوترێ (المثلة)، لە بخاری دا هاتووە: (عن عبدالله بن یزید عن النبي( a ) (أنه نهی عن النهبی والمثلة)، بۆیە سەر برینی کوژراوەکان و شێواندنی لاشە مردووان لە گەڵ جیهادی ئیسلام دا تێك ناکاتەوە.

هەروەها چاکەکردن لە گەڵ دیل کراوەکانو نەکوشتنیان، چونکە پێغەمبەر( a ) دیلی نەکوشتووە.

بە بەڵگەی ئایەتی: ((ویطعمون الطعام علی حبه مسکینا ویتیما واسیرا)) الانسان /٨.

هەروەها نابێ نامە هەڵگرو (سەفیر) بکوژرێن، بۆ نمونە: کاتی کە ئەبو سفیان بە قاسید هاتە مەدینە پاش شکاندنی سولحی حودیبیە، کەس دەستی بۆ درێژ نەکرد گەرچی ئەو کاتی موسڵمان نەببو.

هەروەها پاراستنی پەیمان لە گەڵ دوژمنان تا ئەوان دەیشکێنن.

ئەمەو و چەندین رێنمای جوانی تر هەن کە نیشان دەدەن ئیسلام چۆن بابەتی جیهادی رێك خستوە بۆ ئەوەی هیچ کەسێك نەیشێوێنی و بە هەوستی خۆی هەڵینەسورێنی،و بۆ مەرامی دونیا بەکاری نەهێنێ، بەڵکو هەر وەکو خۆی بمێنێ کە خواپەرستی و گوێ رایەڵی یە بۆ فەرمانی خودا بۆ جێگر بوونی دادپەروەری لە دونیادا.

دواتر بەرێز مامۆستا **د. محمد عەبدوڵڵا پێنجوێنی بەرێوەبەری پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکانی سلێمانی** لەو بارەوە گوتی: ئەوەی کە بەناوی جیهادەوە خەڵکێك بچێت یان خەڵکێك بنێرێ، ئەوەیان پێم وایە پێویستی بەبریاری ورد هەیەو هەر لەسەر پێوە بریاری لەبارەوە نادرێت، دەبێت رەوشی ئەو ولاتە زۆر بەجوانی دیار بێت بۆ راستیو دروستی واقع، باش هەڵسەنگاندنی بۆ کرابێت، ئەو کات فەتوای لە لایەن دەستەی زانایانەوە دەربچێتو بکرێتە بریاری کۆتاییو پێویستی رۆژگار، دەنا هەر کەس بۆ خۆی لەمەڕ بۆچوونی تایبەتی خۆیەوە بریار بدات شتێکی رەوانیە، وە هیچ رێدەرێك بەدی ناکەمو پاڵنەرێکی دروستی شەرعی ئێستا لە گۆڕێ نیە بۆ ناردنی خەڵك بۆ ئەو ولاتە بە مەبەستی جیهاد.

ئەوەشی کە چووەوەو دەچێت پێم وایە لەدەرەنجامی کاریگەری هەمووئەو راگەیاندنانەیە کە زۆر باس لە هاوبەشی خەڵکانی ولاتانی تر دەکرێتو هەندێ لاوی ئەم ولاتەش کاریگەری لەسەر دروست دەبێتو دەچێت، ئەمە پاڵپشتیو ریدەرو پاڵنەرە، نەك فتوای زانایان.

ئاڵاندنی ئەم بابەتە بە زانایانەوە خۆی بۆ خۆی ستەمە، هێندەی پەیوەندی بەلایەنی سیاسیو راگەیاندنو سیاسەتکارانەوە هەیە بەرووێکی ترەوە هێندە پەیوەندی بە زانایانەوە نییە. جگە لەمەش فتوای جیهاد پەیوەندی بەژیانی گەلانو خەڵکەوە هەیە

### مامۆستا مەلا محمد ئێنەیی:

## جیهاد هەوەسو ئارەزو نیە تا لەو گۆڕە خەڵك فەتوا دەربکاتو بڵێ ئەمە جیهادەو جیهاد نیە



وەك زانایان اصول دەفەرموون: دەبێت هەموو زانایان ئوممەت لەسەری کۆك بنو ئەهلی راوێژو زانست بریاری لەسەر بدەنو ئاراستەکارو ئاڵاو دروشمو قیادەو ئامانج دەبێت روونو شەرعی بن، ئەمانەش هیچیان بەروونی دیار نییە.

هەروەها **مامۆستا مەلا محمد ئێنەیی ئەندامی لیژنەی باڵای فەتوا لە یەکێتی زانایان** سەبارەت بەو پرسەو رۆیشتنی گەنجان بەناوی جیهادەوە بۆ ولاتی سوریا گوتی: سەبارەت بەم مەسەلەو رۆیشتنی گەنجان بۆ ولاتێکی دیکە بە مەبەستی جیهاد، بەر لەهەر شتێك پێویست بەوە دەکات، کە پێناسەی جیهاد لە روانگەی ئیسلامەوە بزانین، جیهاد بە مەفهومە جەنگیەکەی واتە شەرکردنو جەنگان لەگەڵ ئەو کافرو بێباوڕانەی، کە دژی ئیسلامنو بەربەرەکانی ئیسلام دەکەنو رێگە بە بڵاوبوونەوەی ئیسلام نادەن، کەواتە جیهاد هەوەسو ئارەزو نیە تا لەو گۆڕە خەڵك فەتوا دەربکاتو بڵێ ئەمە جیهادەو جیهاد نیە.

زانایان دەڵێن لەسێ حاڵەت جیهاد واجبە:

یەکەم: ئەگەر کافرەکان هاتنو ویستیان شارو ولاتی موسڵمانان داگیر بکەن.

دووەم: ئەگەر شەڕ لەنێوان موسڵمانو کافران رووی دا ئەوکات دەبێ ئینسانی موسڵمان لای موسڵمانان بگرێ.

سێیەم: ئەگەر پێشەواو ئیمامو ئەمیری موسڵمانان بریاری دا جیهاد بکرێ.

پێویستە ئێمە شەڕی تائیفیو سیاسیو جیهاد لێك جیا بکەینەوە

یان لە فەرموودەی پێغەمبەر( a ) هاتووە، کە مەسەلەی ئیزنی جیهادی بەستۆتەوە بە دایكو باوکەوە، چونکە لەچەندین فەرموودە هاتووە، کە پێغەمبەر بە یارانی فەرمووە، ئەگەر دایكو باوکتان مەوجودن واتە لە ژیاندان برۆن یان خزمەتیان بکەن یانیش ئیزن لەوانەوە وەربگرن، کەواتە ئیسلام چوارچێوەو یاسای تایبەتی بۆ مەسەلەی جیهاد دیار کردووە، پێویستە لە گەڵ باسکردنی جیهاد ئەو یاسایانە لەیاد نەکرێن، لەلایەکی ترەوە زانایان قسەی زۆریان لەسەر جیهاد کردووەو شرۆڤەی بابەتیو زۆریشیان لەسەر نواندووە، بۆیە گەرانەوە بۆ ئیسلامو مەسەلەی تێگەیشتن لە جیهاد پێویستی بە هۆشیاریو خوێندنەوەو بەدواداچوون هەیە، ئەوەی ئێستا لە سوریاو سەر سنوورو نێوانی کوردو جەبهەی ئەلنوسرە روودەدات، لەسەر دین نیە، بەڵکو ململانێی سیاسیو شەڕو پێکدادانی سیاسیەو لەو پێناوەش ستەمێکی یەکجار زۆرو گەورە لەو گەلە دەکرێت، بەڵام بۆ پرسی جیهاد ئەوە دەبی گەورە زانایانو مەرجەعیەتی ئایینی بریار بدەن، نەك کەسێکی سادەو نەشارەزا، دەبی ئێمە شەڕی تائیفیو سیاسیو جیهاد لێك جیا بکەینەوە، بۆیە پێویستە هەموان هۆشیار بنو بەدوای قسەی خەڵك نەکەونو خۆیان لەو گۆڕە بە کوشتن نەدەن.

# لاوانی کوردستانو کوورەی "جیهاد" لە سووریا

عومەر عەلی غەفور



ئەو سووریایەی تا دوێنێ بەقسەی حکومەتی عێراق دالدەو پردی پەڕینەوەی "چەکدارانی بیانی" بوو لە وڵاتانی کەنداوەوە بۆ نێو ریزەکانی ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراق، ئێستا بووەتە مەیدانی شەڕێکی سیاسی و تائیفی و "چەکدارانی بیانی" بەمەبەستی بەشداریکردن لە "جیهاد" دژی یەکێك لە دوو بەرە بەشەڕهاتووەکە (ڕژێم و ئۆپۆزسیۆن)، کە بەکردەوە گۆڕاوە بۆ شەڕی شیعەو سوننە) لە سنووری وڵاتانی دراوسێیەوە دزە دەکەنە ژوورەوە، عێراقیش یەکێك لەو وڵاتانە.

ئەوەی سەیرە، حکومەتی عێراق کە شیعەکان بەسەریدا زاڵن، بەپێچەوانەی دوێنێ، لەو ململانێیەدا لایەنگری ڕژێمی ئەسەدەو زۆرجار بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە ئاسمانی وڵاتەکەی لەبەردەم گواستنەوەی چەکەمەنی لە ئێرانەوە بۆ ئەو ڕژێمە واڵا کردووە، لەسەر ئاستی بنکە جەماوەرییە شیعییەکەیش کە هەمیشە لەگەڵ کێشەی شیعەکان لە بەحرێن و لوبنان و سعوودیە و میسر هاوەدنگ بووە، شتێکی چاوەڕوانکراوە هاوسۆزیو تەنانەت وەك هەندێ زانیاری باسی دەکەن، خەونی بەشداریکردن لەو "جیهاد"ە دژ بە -خۆیان گوتەنی- "وەهابی" و "تەکفیری"یەکان لەئارادا بێو بەکردەوەیش هەنگاوی بۆ نرابێ، وەك چۆن حزبوڵای لوبنانی بەئاشکراو بەڕەسمی چووە ناو شەڕەکەوە، نەخاسمە کە ئەزموونیشیان لە کاری میلیشیاگەری و شەڕی پارتیزانیدا زۆرە.



لە عێراق، هەرێمی کوردستان هەڵوێستێکی جیاوازی هەیە، پاڵنەرەکانی هەرچی هەن گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە هەردوو هەڵوێستی ڕەسمی و میللی لە بەرەی نەیارانی ڕژێمەکەی ئەسەددان، بەڵام ئەگەرچی هەموو ناوەندە کوردییەکە لەگەڵ کێشەی کوردانی خۆرئاوای کوردستاندا هاوکۆکن، بەڵام لە هەڵوێست لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عەرەبیی سووریادا جیاوازییان هەیە، هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان (پارتی و یەکێتی) بەنیگەرانییەوە دەڕواننە باڵادەستیی ئیخوان موسلیمین و هێزە جیهادییە ئیسلامییەکانی تر، لەوانە بەرەی "ئەلنوسرە"ی سەر بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، لەناو ئۆپۆزسیۆنی سووریادا، ئەویش لەو ڕووەوە دەشێ باڵادەستییان لە سووریای ئایندەدا ببێتە قوولاییەکی ستراتیجی و سەرچاوەی هێز بۆ تەوژمی ئیسلامی لە کوردستان. هەرچی ناوەندە ئیسلامییەکەیە ڕەنگە نەك بەوە نیگەران نەبێ، بگرە ئەو مۆرکە ئیسلامییە بە سەرچاوەیەکی تری هێزو هەژموون بۆ خۆی بزانێ و دڵی پێی خۆش بێ.

هەروەها وەك لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەوە روون بوویەوە، دیارە دەیان گەنجی کاڵفام و سادەی دینداری کوردستانیش هاوشێوەی ئەو "چەکدارە بیانی"یانەی لە وڵاتانی ترەوە بۆ پشتیوانیکردن لە یەکێك لە دوو بەرە بەشەڕهاتووەکە دزە دەکەنە سووریا، بەکردەوە چوونەتە سووریا تا لە ریزی ئەو گرووپە جیهادییانەدا دژی ڕژێمی ئەسەد بجەنگن، بەڵام لەوێ بوونەتە سووتەمەنیی شەڕی بەرەی نوسرە لەگەڵ یەکەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)ی کوردو ژمارەیەکیان لەو شەڕەدا لەلایەن یەپەگەوە بەدیل گیراون.

بەو پێیەیش هیچکام لە سێ لایەنە ئیسلامییە ڕەسمیەکەی کوردستان بەڕەسمی بانگەشەی بەشداریکردن لە شەڕی سووریای نەکردووەو هەڵوێستیان هاوشێوەی هەڵوێستە ڕەسمییەکە تەنیا پشتگیریی مەعنەوی و سیاسیی ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتەیە، دەشێ ئەو لاوانە بە بریاری خۆیان یان لەژێر کاریگەریی گوتاری ڕێکخراوێکی دیاریکراوی جیهادیدا ئەو کارەیان کردبێ.

بە بڕوای بەندە شەڕی سووریا بووەتە شەڕێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و لەوە دەرچووە بە زیادکردنی ژمارەیەك چەکداری کورد، کە بە پاڵنەری دین بێ یان نەتەوە بۆ شەڕ بچنە ئەوێ، یەکلا ببێتەوە، چوونی ئەو "لاوە کوردانە" بۆ سووریا سەرکێشی و مەترسییەکی گەورەیە، چونکە ئەوانە لەوێ دەبنە ئامرازێك بەدەست گرووپەکانیانەوەو بۆ هەر ئامانجێك بیانەوێ شەڕیان پێدەکەن، وەك شەڕکردن لەدژی کوردانی خۆرئاوا، یان شەڕی نێوان گرووپو کەتیبەکانی ئۆپۆزسیۆن خۆیانو بەناهەق دەفەوتێن، خۆ ئەگەر بەختیش یاوەریان بێو لەناو ئەو کوورەی ئاگرەدا زیندوو بمێنن، دوور نییە سبەی پاش تەواوبوونی ئەو شەڕە (هاوشێوەی ئەو عەرەبانەی لە هەشتاکاندا بە پاڵپشتی ئەمەریکاو دەوڵەتەکانیان بۆ جیهاد چووبوونە ئەفغانستان، بەڵام پاش تەواوبوونی شەڕەکە دەوڵەتەکانیان بیرکردنەوەی ئەو "عەرەب ئەفغان"یانەیان بە مەترسی زانی و نەیانهێشت بگەڕێنەوە وڵاتەکانیان و بەو هۆیەوە بۆ هەمیشە بوونە یاخیو توندڕەو)، حکومەتی هەرێم بە مەترسییان بزانێو کێشە لەبەردەم گەڕانەوەیان بۆ کوردستان دروست بکا، بەوەیش بۆ هەمیشە سەرگەردان دەبن و ملیان دەبێ بە پەتی توندڕەوییەوە.

هەربۆیە ئەرکی حکومەت و حزبە سیاسییەکان بەتایبەت ئیسلامییەکان و مامۆستایانی ئاینییە لە خەمی چارەنووسی گەنجانی کوردستاندا بنو ڕێ بگرن لەوەی ئەو گەنجانە لە سادەییو بێئەزموونیی خۆیانەوە ببنە نێچیری گوتاری تاقمێکی توندڕەو و ژیانو ئایندەی خۆیان بخەنە مەترسییەوە، چونکە ئەوەی لە سووریا روو دەدا ئیتر خەریکە لە مەنتیق دەردەچێو دەبێتە پێشبڕکێ لە خولقاندنی مەرگەساتی زیاتر بۆ گەلێکی بەشمەینەتو بەشداری تێداکردنی مایەی شانازی نییە.

# فەیسبوك و مامۆستای ئایینی

محمد مەلا نجم الدين وادى



گومان لەوەدا نیە كە لە ڕۆژگاری ئـەمڕۆدا، ئینتـەرنێت و كۆمپیوتـەر سەرچـاوەیەكی گرنگن بۆ بەدەست هێنانی زانست و زانیاری. ئـەوەی ئـەمڕۆ مـن بـەدی ئەكـەم و مایـەی خۆشـحاڵی منـە ئەوەیـە، كـە دەبینـم مامۆستایانی ئانییش بـە شێوەیەكی بەرچاو بەئاگان لە هەموو ئـەو خزمەتگوزاریانـەی كە ئنتـەرنێت و كۆمپیوتـەر پێشكەشی ئـەكرن ، وە لە هەمانكاتدا سـودێكی زۆریـان لێـدەبینن بـۆ وتـار و خوێندنـەوەی بابەتـە ئـاینی و كۆمەڵایەتیەكان.

ئـەوەی مـن دەمـەوێت باسـی بكـەم لـەم ووتارەمدا، هەڵسەنگاندنی گرنگی ئینتەرنێتو كۆمپیوتەر نیە، بەڵكو هەڵوەستەیەكە لەسـەر تـۆڕی كۆمەڵایـەتی فەیـسبوك و كاریگـەری لەسەر مامۆستای ئاینی.

تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبووك یەكێكە لـەو سـایتانەی ئینتـەرنێت، كـە ڕۆژانـە زۆرتـرین بەشداربوو بەكاری ئەهێنن، خۆشبەختانە لـە ڕۆژگـاری ئـەمڕۆدا، مامۆسـتایانی ئـاینییش دەبینرێـت كـە ئـەم سـایەتە بـەربڵاوە بـەكار دێنن. ڕاستیەك هەیە كە مامۆستایانی ئاینی، هـەر وەك هـەر ئەندامێكی تـری ئـەم سـایتە، دەتـوانن بـەئاگابن لـە سـەرجەم بابـەت و گۆڕانكـاری سیاسـی و كۆمەڵایەتییـەكان و لەهەمانكاتدا بیرو بۆچونی خۆیان لەمـەڕ ئـەو بابەتانە بلاو بكەنەوە.

وەلـێ ئـەوەی جێـی نیگەرانیە ئـەوە كـە مامۆسـتایانی ئـاینی كـە بەشـداربووی ئـەو سایتەن، بەشێوەیەكی بەرچاو هەڵناسن بـەو ئەركەی كە پێشبینی ئـەكرا لێیـان، بـۆ وێنـە زۆرێك لە مامۆستایانی ئانی دەبینرێت كاری ڕۆژانـەیان تـەنها بلاوكردنـەوەی وێنـەی شەخسی خۆیانە لەگەڵ هاوڕێیەكیاندا یـاخود كەسایەتیەكدا، كـە لـە ڕاسـتیدا ئەمـە هـیچ شتێكی هەڵەی تێدا نیە، بەڵكو ئـەوەی جێـی تێبینی منـەو زۆرینـەی خەڵكـە ئەوەیـە كـە مامۆستایانی ئاینی هەمشیە پێشڕەو گەورەی میللەتن، بۆیە ئێمە زیاتر چاوەڕوانی بابەت و بڵاوكردنـــەوەە بـــیرو بۆچـــون و وتـــە بەنرخـەكانیانین وە دەمانـەوێت ئـەو سـایتە بكەینـە كایەیـەك بـۆ ئـاڵوگۆڕكردنی سـەرج و بیرو ڕامان لە مەڕ پێشهاتەكان .

خاڵكی تر كە تێبینی ئـەكرێ لـە ڕۆژگـاری ئەمڕۆدا ژمارەیەكی زۆری بەشداربوی سـایتی ناوبراو، كاتێكی زۆریان بەهـەدەر دەدەن بە شـتی بێمانـاوە، وەلـێ ئـەوەی كـە جێگـەی خەمی منە ئەوەیە كە مامۆستایانی ئـاینیش دەبینرێن كە ٤ تا ٥ كاتژێری زیرینی خۆیان بەهەدەر دەدەن، كە بە بۆچونی من ئەو كاتە زێرینـەی مامۆسـتایانی ئـاینی دەبوایـە لـە خوێندنەوە و متاڵەعـەكردنی كتێبێك بوایـە، چونكە خەڵكی ئەمڕۆ بە جۆرێك لە جۆرەكان ڕۆشـنبیرترەو وە چـاوەڕوانی زانیـاری و بیروبۆچـون و لێكدانـەوەی دروسـتتر و ئەرجـەحتر دەكـەن كـە مـن پێموایـە سەرچاوەكەیان كتێبەكانن نەك فەیسبوك!

لەلایەكی دیكەوە، بەكارهێنانی فەیسبووك وەك مەكۆیـەك بـۆ بلاوكردنـەوەی فـەتوای شەخسی سـەبارەت بـە پرسـە هەسـتیارو گرنگـەكان كـە وەك پرسـیار ئاراسـتەیان دەكرێت خۆی لەخۆیدا كارێكی زۆر شیاو نیە، چونكە ئەو پرسیارانە پێویستیان بە شرۆڤە و گفتوگـۆی تـرێـرو تەسـەلی زیـاتر هەیـە وەك لەوەی بە نامەیەك یان كۆمێنتێك بنوسـرێت و وەڵام بدرێتەوە. زۆر كات ئەو جۆرە فەتوایانە بەكاردەهێنرێت لەلایـەنی كەسـانی نـەیارەوە بۆ دروستكردنی نشێوی و گوماندروستكرن لـە لای مـــسولمانان، لەهەمانكاتـــدا بـــۆ دروســـتكردنی دووبـــەرەكی لـــە نێـــو مامۆسـیتایانی ئـاینی لـەو كاتـەدا كـە بۆچوونەكانیان یەكناگرێتەوە .

نـاتوانین بڵـێن بـا مۆسـتایانی ئـاینی ئینتەرنێت بەكار نەهێنن، چونكە من پێماوایە ئینتەرنێتیش لـە پـاڵ كتێبـەكان، دەتوانێت سـودێكی زۆر بێپایـان بگەیـەنی بـە زیاتـار بەرەو پێشبردنی مامۆستایانی ئاینی. وەلـێ پێوایـــە مامۆســـتایانی ئـــاینی، وەك جێگرەوەیـەك بـۆ فەیـسبووك، دەتـوانن سودێكی زۆر لەو تۆرە مونتەدا ئاینیانەدا ببین كە سەرچاوەیەكی دانسقەن بۆ كۆكردنـەوەی زانایـانی ئـاینی لەسەرانسەری دونیـادا، كـە لەوێدا دەتـوانن ئـاڵوگۆڕی بـیرو ڕاو بكـەن لەگـەڵ زانایانی دەرەوەدا و، لـە هەمانكاتـدا ئاگاداری فەتواو بۆچونە سەردەمیەكان بنن، كە زۆر سودی زیاتر دەبیت لە بلاوكردنـەوەی وێنەیەكی شەخسی لە فەیسبوكدا !

لەكۆتایدا ئەموێت بڵێم كە ئەم بابەتە ئەوە ناگەیـەنێ كـە هـەموو مامۆسـتایانی ئـاینی نـەیانتوانیوە كارگـەری‌و چالاكی خۆیان لـە تۆرەكۆمەڵایەتیەكانـدا نمـایش بكـەن، لـە ڕاستیدا هەندێك مامۆسیتای بەڕێز توانیویانە ڕۆڵی بەرچاویان هـەبێت بۆ هاوكارییكردن و پێشرەوی كردنی كەسانێكی زۆر كە هاوڕێیان بـوون لـەو تۆرەكۆمەڵایەتیە یـاخود لایێكی پەیجـەكانیان كـردوون. ئـەم بابەتـە گـشتاندنێكی رەهـا نیـە سـەبارەت بـە بـەكارهێنانی فەیـسبووك لەلایـەن زانایانی ئاینیەوە بەڵكو ئەمە تـەنها تێبینـەكی بەندە بوو بۆ مامۆستایانی ئاینی، وەگـەر نا هـیچ مەبەسـتێكی شەخـسی تیـدا نیـە. وەك لـە پێشتردا ئاماژەم پێدا، بینینی مامۆستایانی ئـاینی كـە بـەئاگان لـە بـەكارهێنانی ئـەم تەكنـەلۆژیا مۆدێرنـە، بەنـدەی خۆشـحاڵ كـردووە، بـەلام ئـەم تێبینیـەم تـەنها چـەند وشـەیەكی هـەڵقولاوی دڵسۆزیمە بـۆ ئـەوەی مامۆستایان ئەوە پیشان بدەن لەو تۆرەدا كە هەردەم پێشبینیان لێدەكرێت.

# مامۆستایانی ئایینیو بەرنامەكانی دژە ڕەوت هەڵوێستی خەڵكو هەڵسەنگاندنێكی واقعیانە

**ئا: مەلا تیب زیارەت**

ماوەیەكـە كۆمـەڵێك لـە تەلـەفزیۆنو رادیۆكـان خـەریكی ئەوەنـە بەرنامـەی دژە ڕەوت دادەنـێنو دوكـەس دەهێـننو شـەریان پێدەكـەن، گوایـە ئـەم دوو میوانـە راو بـۆ چـوونیان جیایـە، بـەڵام ئـەوەی جێگـەی نیگەرانیـە زۆر جـاران مامۆسـتایانی ئـاینیش لەم بەرنامانـە ئامـادە دەبـن، جا لەبەرامبـەر كەسێكی تر كە مامۆستای ئاینی نیە لـەوەش خراپتر ئەوەیە بەزۆری دوو مامۆسـتای ئـاینی دەهێنن، هەردووك مێزەر بەسەر لـە بەرامبـەر یەكتریان دادەنێنو شەرە قسەیان بێدەكـەن، هەر كە سەیری ئەم جۆرە بەرنامانـە دەكـەی هەست بەوە دەكەی كـە سـوكایەتیەكی زۆری تێدایـە، هاوڵاتیـانیش زۆر لـەم بەرنامانـە نـارازینو هیواخـوازن مامۆسـتایانی ئـاییینی ئامـادەی ئـەم جـۆرە بەرنامانـە نـەبن، قسە كردنی ئێمە لـەم راپۆرتـە لەسـەر ئـەم جـۆرە بەرنامانەیە بزانین هاوڵاتیان لەم بـارەوە چـی دەڵێن:

سـەرەتا **تەها شەمسەدینی وینەگر** گـوتی: شتێكی جوان نییە، دوو ماموستای ئاینی روو بەرووی یەك بكرێنەوە، چونكە ماموسـتایانی ئــاینی، پێـشەوای میللـەتنو میراتگـری پێغەمبـەرن (درودی خـوای لەسـەر بیـت)، بەڕای من ئەو جۆرە بەرنامانە لە بەرژەوەندی مامۆستایانی ئاینی نییە، چونكە مامۆستایانی ئـاینی لـەناو خەڵكـدا خـاوەن پێگەیـەكی تایبەتی خۆیانن، هیوادارم نەچنە ئـەو جـۆرە بەرنامانـە پێگـەو پایـەی خۆیـان بـزاننو لەدەستی نەدەن.

## هاوڵاتیەك: بەڕای من ئەو جۆرە بەرنامانە لە بەرژەوەندی مامۆستایانی ئاینی نییە

دواتـر **رێكـان چـۆمانی** بـەم شـیوەیە بـۆ كۆڤارەكـەمان دواو گـوتی: مـن تارادەیـەك لەگەڵی نیم، چونكە مـن وای دەبینـم كـە دوو مامۆسـتا لـە بەرنامەیـەك كـە دژ بەیـەكتربن، دائەنیشن شێوازی قسەكانیان جیـاوازە بێـت، ئەمـەش وا ئـەكات لای تاكـەكان روانـین لـە مامۆستای ئاینی بەجۆرێكی تـر بێـت، ئەكـەر سەیر بكەین، ئەبینین لـە رابـردوو مامۆسـتای ئاینی شەخـسیەتو پێگەیـەكی وای هـەبووە، كە خاوەنی قـسەی خۆیـان بـوون، بـەڵام مـن وائەبینم كە بەهۆی بیروڕای جیاوازو شـێوازی قـسەكانیان وای كـردووە، نـەوەی ئێـستا بەجۆرێكی تر سەیری مامۆستای ئاینی بكات، چونكە ئەو قسەی جارانیان نەماوە، پێویستە مامۆستای ئاینی بە فكـرەی ئـەوەوە بـدوێن، كـە میراتكـری پییێغەمبـەرن (درودی خـودای لەسەربیت)، بەڵام ئێستا من وای نـابینم، كـە هەنـدێك لـە مامۆسـتایان بـەفكرەی خۆناسـاندنو خـۆ بەدیارخـستن كارەكـەن، نـەوەك میراتگـر، لەكـەڵ رێـزم بۆگـشت مامۆستاییێك راگەیاندكاری گەنج.

## گە نجێك: نەوەی ئێستا بەجۆرێكی تر سەیری مامۆستای ئاینی بكات

**ئومێـد علـی** لـەو بارەوە گـوتی: دەمێكـە وتـــراوە كـــە جیاوازیـــەكی زۆر لـــەنێوان (مجادەلـە)و موناقەشـەدا هەیـە، موناقەشـە ئەوەیە كە من و تۆ پێكـەوە گفتوگۆ ئەكـەین بۆ گێڕانەوەی راستی بۆ بابەتێك، كە پێشترو لای ئەوانی تر ئاڵۆزیان نامۆیە، بۆ نمونـە مـن دەڵـێم ٢+٢=٥ بـەڵام تـۆ دەڵێیـت نـەخێر یەكسانە بـە ٣، مـن و تـۆ دواجـار دەگەینـە ئەوەی كە دەكاتـە ٤، بـەڵام لـە موجادەلـەدا مـن و تـۆ هـەردووكمان خۆمـان بـە حـەق دەزانینو دواجار كـەسمان ناگەینـە راسـتی و خاڵی هاوبـەش، موجادەلـەو گفتوگۆی توند نـەك تـەنها بـۆ مامۆسـتایانی ئـاینی كـارێكی خراپـە بـەڵكوو بـۆ رۆژنامەنووسـانو رۆشـنبیرانو ئـەوانی تـریش هـەر نەشـیاوە، چـونكە ئەمـە دواجـار بـە زیـانی كۆمەڵگـە دەشـكێتەوە، وە زیـاتر تـاكی كـورد بـەرەو توندوتیژی دەبات، وە هانمان دەدات كە ئیتر



هەرکەسەو بەپێوەری عەقڵی خۆی شتەکان بپێوێتو کەس گوێ لەوی تر نەگرێت، وە لەراستیدا من ئەو بەرنامانە وەك مەیدانی زۆرانبازی جەستەو زمان دەبینم، نەك وەك شوێنێك بۆ ئالوگۆری فکر، ئامادەبووانی ناو ئەو بەرنامانە ئەوەندەی لە خەمی بردنەوەو چەپڵە لێداندان، ئەوەندە لەبیری ئەوەدا نین، کە راستی لای کێیە، وە چۆن پێی دەگەین، هەر بۆیە سەرجەمی ئەو بەرنامانە بەبێ هیچ ئەنجامێك کۆتایی دێت.

## راگەیاندکارێك: موجادەلەو گفتوگۆی توند بۆ مامۆستایانی ئاینی کارێکی خراپە

لەپاشان **رەمزی رەشید گەردی** کوتی: مامۆستای ئاینی کاری بانگ کردنی خەڵکە بۆ رێگای راست، دەبێت مامۆستای ئاینی بۆ بەرنامەی چاکەخوازی بچێتە رادیۆو تەلەفزیۆنەکان، نەك بۆ شەڕ کردن، لەگەڵ کەسی بەرامبەر ج جای ئەوەی هەردووکیان مامۆستای ئاینی بن، زۆر بەداخەوەم زۆر جار گوێم لێ بووە، لەدوای ئەم جۆرە بەرنامانە دەڵێن: وەڵڵا ئافەرین مامۆستا نەیهێشت قسە بکات، خۆی هیچی لێ حاڵی نەبووە، ئەسلەن نازانێت، مەسەلە چیە یان دەڵێن وەڵڵا شەرە کەڵەبابێکی خۆشبوو، ئەوە بۆ مامۆستا بەچەندە، بۆیە تکام لە مامۆستایانی ئاینی ئەوەیە با چیتر نەبنە ریکلام بۆ تیڤی یەکان چونکە لە ریکلام زیاتر هیچی تر نییە.

## مامۆستایەکی ئاینی: پێویستە مامۆستایانی ئاینی خۆ بەدوور بگرن لەو جۆرە بەرنامانە

**مامۆستا دڵشاد باقلانی** یەکێکی تربوو کە زۆر دژی ئەم بەرنامانە بووهەروەك بەرێزیان بە ئەسەفەوە دەی گوت: من پێم باشە ماموستایانی ئاینی تەنها لەو بەرنامانەدا بەشداربن کە بریتی بێت لە ئامۆژگاریو فەرمودەی خواو پیغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت خۆیان بە دور بگرن لەو کەناڵانەی، کە تەنها بو بازار گەرم کردنی بەرنامەکانیان موجادەلەیان پێ دەکەنو سومعەی ماموستایان ناشیرین دەکەن.

**سەرباز سەلاح** کوتی: ئەوەی من تیبینیم کردبێت ئەم جۆرە بەرنامانە هەمووی سەلبیاتە سەلبیاتیەکەی ئەوەیە کە دینداری لای خەڵك سووك دەبێت، بەتایبەت ئەو راجیایەی لەنێوانیان روو دەدا خەڵك نازانی بە گوێی کامیان بکات.

**ئاسۆ کەمال** گەنجیکی هامۆشۆکای مزگەوتە سەبارەت بەو بەرنامانە دەی گوت: رۆژێگ چومە مزگەوت سەیرم کرد هەندێك لە برادەرانم باسیان لەم جۆرە بەرنامانە دەکرد، دەیان گوت: فلان مەلاتان بینی چی لە فلان مەلای کردو چۆنی بەزاند، ئەوی تر دەی گوت: جا خۆ ئەوەی تۆ باسی دەکەی هەر مەلا نیە، خەریك بوو کیشە بکەویتە نێوانیان، بۆیە کە گوێبیستی ئەم قسانە بووم زۆر خەفەتم خوارد، ئەوەبوو بۆ مامۆستای مزگەوتم باس کرد تاکو بە مامۆستایان رابگەینیت کە ئەم بەرنامەنە، زیانی زیاترە لە سود گەیاندن.

هەر سەبارەت بەم بەرنامانە بەرێز **مامۆستا مەلا جعفر گوانی** بەرێوەبەری راگەیاندنی یەکێتی زانایان لەو بارەوە گوتی: ئێمە هەردەم مامۆستایانی خۆمان ئاگادار کردونەتەوە کە ئەم بەرنامانە زیانیان هەیە چونکە پەیامی مامۆستایانی هیدایەتە، بەڵام ئەم جۆرە بەرنامانە هیچ هیدایەتەکیان پیوە دیار نیە جگە لە رقو کینەو دوبەرەکی، سەبارەت بەوەش تا چەند مامۆستایان بە پیر داوەکاتان وەدێن گوانی گوتی: ئێمە هەردەم لە هەوڵی ئەوە داین کە مامۆستایان نەچن بۆ ئەم جۆرە بەرنامانە زۆر مامۆستایانی ئاییني داوایان لی کراوە کە بچنە ئەم جۆرە بەرنامانە بەلام کە پرسی بە ئێمە کردووە ئیمەش بۆمان رون کردۆتەوە کە چ زیانێکی هەیە یەکسەر مامۆستایەکە نەچوە بۆ بەرنامەکە هەتا بەشیك لەو مامۆستایانەی کە چەند جاریك ئامادەی ئەم جۆرە بەرنامانە بووە لێ دوای دانیشتنمان لەگەڵیو رونکردنەوەی زیانەکانی ئەویش پەشیمان بویتەوەو گوتویەتی: کە هەرگیز جارێکی تر ئامادە نابم.

## زانایەکی ئاینی: ئەم جۆرە بەرنامانە هیچ هیدایەتەکیان پیوە دیار نیە

وەسەبارەت بەوەش بزانین کە ئادابی گفتۆگۆ چییە کاتێك دوو کەس بەیەکەوە دادەنیشن بەرێز مامۆستا موژدە چەمچەماڵی باسی لە ئادابەکانی گفتوگۆ کردو گوتی: بێگومان کە گفتوگۆو قسە کردن لەسەر بابەت و تەوەرو دیاردەیەك یاهەر شتێکی دی خۆی لەخۆیدا کارێکی باش و پەسەندە بۆ گۆرینەوەو دەربرینی بیروڕای یەکتری و شارەزابوون و بەئاگاکردنی هەردولایەنی بەرامبەر، بەڵام ئەوەی لەئێستادا دەیبینین یاخود گوێ بیستی دەبین لەهەندێك گفتوگۆو مشتومری کەناڵەکانی راگەیاندن و کۆروسیمینارەکان، بەداخەوە بەهۆی کەم شارەزایی و گوێ نەدان بەئاداب و بنەماکانی گفتوگۆی راستەقینەو رۆشنبیرانە وادەکا کە بریندارکردنی هەستی یەکتری تۆمەتبارکردنی یەکترو بەکارهێنانی چەندین قسەی نەشیاو و تارێکی لێدەکەوێتەوە، کە ئەمەش بۆتە سیماو خوی هەندێك لەکەناڵەکانی ئەمرۆی راگەیاندنەکان لەپێناو راکێشانی سەرنج و تەماشاکەری بینەری زۆر بۆ خۆیان، هەلەسن بەسازدانی مشتومرو ئاخاوتنی نێوان دوو کەسی جیاواز لەبیرو باوەرو ئاکاردا، بۆیە من لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە ئاماژە بەگرنگترین ئەو ئادابانە بکەم کە زۆر پێویستە لەگفتوگۆکانماندا پەیرەوی بکەین:

یەکەم: پەیوەست بوون بەفەرمایشتی جوان و وازهێنان لەهەموو گرژی و توندیەك.

دووەم: پەیوەست بوون بەکاتی دیاریکراو لەقسەکردندا.

سێیەم: جوان گوێ گرتن و بێ دەنگ بون بۆ قسەی بەرامبەر.

چوارەم: بەکارهێنانی ویژدانی دادپەروەرانە بۆ لایەنی بەرامبەر.

هێشتنەوەی روحی برایەتی سەرەرای جیاوازی بیروبۆچوون.

ئەمانەی کە باسم کرد گرنکترین ئەو ئادابو یاسایانە بوون کەدەبێت لەهەموو گفتوگۆو ئاخاوتنێکدا لەبەرامبەر یەکتری پەیرەو بکرێت.



taybzyarati@gmail.com

# چۆنیەتی مێزەرە(مەندیل)

ئاوات شێخ محمود نەقشبەندی*



پێش هاتنی ئیسلام هەندێ بابەتو کارو جلوبەرگ دابی خەڵك بوون، کە ئیسلامیش هات هیچیانی لانەدا، مەگەر پێچەوانەی دەقی فەرمانی خوایی بووبن، هەرچەندە لە نشتمانی کورداندا مێزەرە یان سەر پێچان بۆ پیاوان کارێکی مەردانە بووە، تەنانەت لە هەندێ ناوچە ئافرەتانیش وەکو پیاوان یان جۆرێك لەوێنەی ئەوان سەریان پێچاوە، کەسایەتیە شارەزاکانی بواری ئاینی ئیسلام مێزەرەی سپیان لەسەری بووە، خەڵکەکەی تریش یان تازە فێرخوازانی زانستیش (فەقێ) جامانەیان نیشان بووە، ئیتر لە هەرناوچەو بە شێوەیەك مێزەرەو مەندیلو جامانەیان وەپێچاوە، هەندێ بە سێ ڕیزو هەندێ بە لفکەی دواوەو بە سێگۆشەی پشت مل داپۆشەرو هەندێ بە گوڵبەستنو ڕیشووی گوڵینەی لاجانگان بووە، وەهەندێ تر بە کەروێشکی لە دواوەیدا دوو لفکەی بۆ دانیاوە.

ئەوەی کە ئەمەوێت لێرەدا باسی بکەم، چۆنیەتی مێزەرەی سەرە لە فەرموودەکانی خۆشەویستدا، بۆ ئەوەی بزانین مێزەرەی ئەو نازدارە چۆن بووە، چونکە زۆر جاران ئارەزوومان هەس بزانین نوری چاوان چۆنی پۆشیوە یان چۆنی خواردووە، مێزەرەی سەریشی لای من بوویە کەڵکەڵەی مێشکم تا بزانم خۆشەویست چۆنی لەسەر نایە.

بۆیە ئەپرسین: ئایا دابی خۆشەویستو هاوەڵانی پێچانەوەی مێزەرە بووە؟

ئەگەر بەڵێیە" ڕەنگی چۆن بووە؟

ئەی چۆن پێچاویانەتەوە؟

ئەندازەی چۆن بووە؟

بە یارمەتی خوا" ئەگەر پێکام (کە لە خواوەیە)، ئەوە نور علی نور، وەئەگەر نا" ئەوە ببورن بۆ کاتی بە فیڕۆدراوتان بە خوێندنەوەی، بەڵام تکایە دڵخۆشمان بکەن بە بەڵگەی زیاتر.

## ئایا دابی خۆشەویستو هاوەڵانی پێچانەوەی مێزەرە بووە؟

زانایانی مێژووزان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە خۆشەویستو هاوەڵانی مێزەرەیان بەسەرەوە بووە، وە حەزرەت کە فەتحی مەککەی کرد مێزەرەی بەسەرەوە بوو، پێشەوا نەواوی لە ڕاڤەی صەحیحی موسلم دەفەرموێت: (أن النبی دخل مكة عام الفتح وعليه عمامة سوداء بغير إحرام أو فی رواية اخری وعلی رأسه مغفر)، ئەم دوو ڕیوایەتە ئەتوانین بە ووتەی (القاضی) یەك بخەین کە ئەفەرموێت کە خۆشەویست چۆتە ناو مەککە تەنها (المغفر) داپۆشەرێکی بەسەرەوە بووە بەڵام کە وتاری پێشکەشی ئامادەبوان کرد لای دەرگای کەعبەدا مێزەرەیەکی ڕەشی بەسەرەوە بوو، چونکە لە باسی وتاری لای دەرگای کەعبەدا وا هاتووە.

کەواتە گەشتینە ئەو دەرەنجامەی کە خۆشەویستو هاوەڵانی مێزەرەیان کردووەتە سەر.

## ڕەنگی مێزەرەی خۆشەویست کوو بووە ؟

* روی الخطابی وابن عساكر عن ابن عباس قال رأيت رسول الله معتما بعمامة سوداء قد أرخی طرفها بين يديه. واتە ئیبن عەبباس دەفەرموێت پێغەمبەری خوام بینی مێزەرەیەکی ڕەشی بەسەرەوە بوو، لفکەکەی لە نێوان هەردوو شان و باسکی هێنابووە خوارەوە.

روی مسلم والترمذی فی الشمائل عن عمرو بن حريث: أن النبی خطب الناس وعليه عمامة سوداء.

واتە: پێشەوا موسلیمو تیرمیزی لە عەمری کوڕی حەریس ڕیوایەت دەکەن کە حەزرەت وتاری دا بۆ خەڵکی و مێزەرەیەکی ڕەشی بەسەرەوە بوو.

* روی الترمذی فی الشمائل عن الفضل بن عباس أنه دخل علی رسول الله فی مرض الذی توفی فيه قال: وعلی رأسه عصابة صفراء فسلمت عليه.....

هەمدیس تیرمیزی لە شەمائیلدا لە فەزڵی کوڕی عەبباسەوە دەگێڕێتەوە، کە حەزرەت نەخۆش بوو (لەو نەخۆشیەدا وەفاتی کرد ) چوومە سەردانی سەری پێچابوو بە قوماشێکی زەرد و سڵاوم لێکرد.....

* جاء فی كتاب الزينة من سنن النسائی عن جعفر بن عمرو بن أمية، عن أبيه قال: كأنی أنظر الساعة الی رسول الله علی المنبر وعليه عمامة سوداء قد أرخی طرفها بين كتفيه.

نەسائی لە جەعفەری کوڕی عەمرەوە دەڵێت: وا ئەزانم ئێستەیە کە پێغەمبەری خوام بینی لەسەر دوانگەو مێزەرەیەکی ڕەشی بەسەرەوە بوو لفکەکەی هێنابوویە خوارەوە لە نێوان هەردوو شانیدا.

کەواتە بۆمان دەرکەوت مێزەرەی ڕەش و قوماشی زەردی پێچاوەتەوە.

## ئەی چۆن پێچاویەتەوە؟

* عن ابی حازم قال قلت لابن عمر كيف كان رسول الله يعتم؟ قال: كان يدير كَوْرَ العمامة علی رأسه يقرنها- وفی رواية يغرزها من ورائه- ويرسل لها ذؤابة بين كتيفيه.

ئەبی حازم دەڵێت وتم بە ئیبن عومەر پێغەمبەری خوا چۆن مێزەرەی ئەپێچایەوە؟ فەرمووی ئەیسوڕاند مێزەرەکە بەدەوری سەریداو پاشان لە دواوە ئەیچەقاندو زیادەکەی لە نێوان هەردوو شانیدا ئەهێنایە خوارەوە.

روی مسلم فی الشمائل عن عمرو بن حريث أن النبی خطب الناس وعليه عمامة سوداء قد أرخی طرفيها بين كتفيه.

لە پەرەگرافی یەکەم واتاکەی هاتووە.

جاء فی كتاب الزينة من سنن النسائی عن جعفر بن عمرو بن أمية، عن أبيه قال: كأنی أنظر الساعة الی رسول الله علی المنبر وعليه عمامة سوداء قد أرخی طرفها بين كتفيه.

لە پەرەگرافی یەکەم واتاکەی هاتووە.

* أخرج البيهقی فی شعب الايمان من طريق عطاء الخراسانی أن رجلا أتی ابن عمر فسأله عن أرخاء طرف العمامة فقال له عبدالله ان رسول الله بعث سرية وأمر عليها عبدالرحمن بن عوف وعقد لواء وعلی عبدالرحمن بن عوف عمامة من كرابيس مصبوغة بسواد فدعاه رسول الله فحل عمامته فعممه بيده وأفضل من عمامته موضع أربعة أصابع أو نحوه فقال هكذا فاعتم فهو أحسن وأجمل.

پێشەوا بەیهەقی لە باسی ئیمانو باوەڕ لە ڕێگەی عەتای خۆراسانی دەگێڕێتەوە، کە

پیاوێك هات پرسیاری كرد لە عەبدوڵڵای كوڕی عومەر كە حەزرەت چۆنینە مێزەری پێچاوەتەوە؟ عەبدوڵڵا فەرمووی پێغەمبەر سریەیەكی ناردو عەبدەڕەحمانی كوڕی عەوفی كردە براگەورەیان و ئاڵایەكی بۆ دانانو عەبدوڕەحمان مێزەرەیەكی لە خامی ڕەشكراوی بەسەرەوە بوو، حەزرەت گازی كرد و مێزەرەكەی كردەوەو جارێتر بۆی پێچایەوەو زۆر خاستر بوو لەوەی خۆی، كە ئەندازەی چوار پێنج پەنجەیەك پانیەكەی بوو حەزرەت فەرمووی ئەوەها مێەرە بپێچەرەوە باشترو جوانترە.

* عن نافع عن ابن عمر قال: كان رسول الله اذا اعتم سدل عمامته بين كتفيه.

نافیع لە ئیبن عومەرەوە دەڵێت: پێغەمبەر




كە مێزەرەی ئەپێچاوە لفكەكەی ئەهاوردە خوارەوە لە نێوان هەردوو شانیدا.

* قال الحسن بن على رايت رسول الله على المنبر وعليه عمامة سوداء قد ارخى طرفها بين كتفيه.

حەسەنی كوڕی عەلی فەرمووی پێغەمبەری خوام بینی لەسەر دوانگە مێزەرەیەكی ڕەشی بەسەرەوە بوو لفكەكەی لە نێوان شانەكانیدا هاوردبوویە خوارەوە.

* قال عبدالله بن ياسر بعث رسول الله على بن ابى طالب الى خيبر فعممه بعمامة سوداء ثم ارسلها من ورائه او قال على كتفه اليسرى . اخرجه الطبرانى وحسنه السيوطى.

عەبدوڵڵای كوڕی یاسر ووتی پێغەمبەر عەلی نارد بۆ خەیبەرو مێزەرەیەكی ڕەشی بۆ پێچایەوەو لە دواوەی لفكەی بۆ دانا یان لە لای ڕاستەی شانی.

* قال عبدالرحمن بن عوف عممنى رسول الله فسدلها من بين يدى ومن خلفى.اخرجه ابوداود وفى اسناده شيخ مجهول.

عبدالرحمن كوڕی عەوف فەرمووی پێغەمبەر مێزەرەیەكی بۆ پێچامەوە و لفكەی بۆ دانا لە دواوە و لە نێوان دەستیشم لە پێشەوە.

* اخرجه الطبرانى فى الكبير عن ابى امامة قال كان رسول الله قلما يولى واليا حتى يعممه ويرخى لها من جانبه الايمن نحو الاذن.

واتە هەر والیەكی داناوە خۆشەویست مێزەرەی بۆ پێچاوەتەوەو لای ڕاستی نزیك لە گوێی لفكەی بۆ داناوە.

* واخرج ابن ابى شيبة ان عبدالله بن الزبير كان يعتم بعمامة سوداء قد ارخاها من خلفه نحوا من ذراع.

ئیبنی ئەبی شەیبە لە عبدالله ی كوڕی زوبەیر ڕیوایەتی كردووە كە حەزرەت مێزەرەی ڕەشی لەسەر ناوە وە نزیكی زیراعێك (نیومەتر) لفكەی هەبووە.

* قال النووى فى المجموع شرح المهذب: ارسال العذبة ارسالا فاحشا كارسال الثوب يحرم للخيلاء ويكره لغيره.

پێشەوا نەواوی لە مەجموعدا دەفەرموێت درێژكردنەوە لفكە بۆ فیزلێدەر حەرامەو بۆ جگە لە فیزنیش كەراهەتی هەیە.

* قال السيوطى فى الحاوى فى الفتاوى: واما مقدار العمامة الشريفة فلم يثبت فى حديث وقد روى البيهقى فى شعب الايمان عن ابن سلام بن عبدالله بن سلام قال سألت ابن عمر كيف كان النبى يعتم؟ قال كان يدير العمامة على رأسه ويغرزها من ورائه ويرسل لها ذؤابة بين كتفيه وهذا يدل على انها عدة ذراع



والظاهر انها كانت نحو العشرة او فوقها بيسير.

سیوتی لەو فەرموودەی پێشووی بەیهەقی كە هاوردمان دەفەرموێت وا دەر ئەكەوێت كە نزیكەی دە زیراعێك كۆی مێزەرەی حەزرەت درێژبووە.

* قال الحافظ ابن القيم فى زاد المعاد: وكان يلبسها اى العمامة ويلبس تحتها القلنسوة وكان يلبس القلنسوة بغير عمامة ويلبس العمامة بغير قلنسوة.

ئیبن قەییم دەفەرموێت مێزەرەی لەسەر ناوە بێ كڵاو و بە پێچەوانەشەوە .

* وفى الجامع الصغير برواية الطبرانى عن ابن عباس قال كان يلبس قلنسوة بيضاء.

تەبەرانی لە ئیبن عەبباسەوە كە حەزرەت كڵاوی سپی لەسەر ناوە.

* روى ابن عساكر عن ابن عباس كان النبي يلبس القلانس ذوات الاذان فى الحرب.

ئیبن عەساكر لە ئیبن عەبباسەوە ڕیوایەت دەكات كە لە كاتی شەڕدا حەزرەت كڵاوی بە گوێی شەڕانی لەسەر نایە.

* قال النووى فى شرح المجموع: روى عن النبى انه امر بالتلحى ونهى عن الاقتعاط وهذا منقول عن ابن قدامة.

نەواوی لە مەجموعە نازدارەكەدا دەفەرموێت ڕیوایەت كراوە لە حەزرەت كە فەرمانی كردووە بەوەی كە لفكەی مێزەرە بخەینە ژێر چەناگەمان و نەهی كردووە لەوەی كە مێزەرە بخەینە سەر چەناگەمان كە وەرگیراوە لە ئیبن قودامە.

لە چاوپێكەوتنێك لە گۆڤاری ئەلمەنار ئەلبانی دەبێژێت كە غوترە یان چەفتە لەسەر نان (ئەو سەرپۆشەی كە ئەیدەن بەسەر كڵاودا لای زۆر لە زانایانی سعود و نیوەدورگەی عەرەب باوە) هیچ بناغەیەكی لە سوننەتدا نیە.

وەهەم ئەو فەرموودانەی كە باس لە گرنگی مێزەرە دەكەن هەموویان بە نادروست و مەوزوع ئەزانێت.

بەم ئەندازە ئەوە بۆمن دەركەوت كە حەزرەت مێزەرەی لەسەر ناوە بەو شێوە كوردەواریەی كە پێشان هەبوو نەك ئەو مێزەرانەی كە ئێستە بۆتە باو.

* پێش نوێژو وتارخوێنو قوتابی ماستەر

# ئایا مەلاکان کێن؟

مەلا مەزڵوم/ هەولێر

لێکۆڵینەوەیەکی وێژەیی دەربارەی هۆنراوەیەك لە ژێر ناونیشانی (گەر رێی مەلا بگری تۆ)جا ئەگەر چەند هەنگاوێك بۆ یادەوەریو تێڕوانینـەوە بـەرەو دواوە بگەڕێینـەوەو گەشـتێك بـە باڵـە فڕگـەی رەنگـاو رەنگـی (پەپولە)ی خەیاڵاوی خەواڵوی ناسكو بێ گەردەوە بەرەو گەشتو شیوو دۆڵی کوردستانەوە بکەینو سەرنجێ بدەینـە چۆنیەتی ژیـانو گـوزەرانی سـەردەمی میللـەتێکی (دڵ) بـێ خـەوشو بـێ گـەردی (ئـایین) پـەروەرو رەوشت بەرزو مەردو نەبەردو کوردی گوردەوە، دەبینین بەسەدان گونـدو شـارە دێهـاتی خنجیلـەمان دێتـە بـەر نـەزەرەوە، کـەوا لـە کـاتی خۆیـدا ئاوەدان بونـەو تێکڕای دانیـشتوەکانی بـە بـێ فـەرقو جیـاوازیو برایانـە لەگـەڵ یـەکتر دا دەژیـان، بـە جۆرێـك خـەڵکی ئاواییـەکانت وەکـو تاکـە خێزانێکت هەست پێ دەکردو هیچی تـر، تـۆ بڵێـی هۆکـاری ئاشـنایەتیو تـەبایىو ئـایین پـەروەریو رەوشـت بـەرزییو خۆشویـستنی (نەتـەوە)و (نیشتمانە)کەیان خۆڕسکی بوبێت یان دڵە گەوەرەکەی بێ گەردی ئـەوان لە سەرچاوەکەی کانیاوی روونی سـەربەرزیو(حیکمەتـە)وە ئـاوی زوڵاڵـی مرۆڤایەتی بە رێزەوە لێ هەڵێنجاوە؟

لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵێ ئـەوان لـە زانـستگای (حـوجرە)ی (فـەقێ) لـە سەر ئاکارەکان راهێنـراون، ئـەو حوجرەیـەی کـە هـەر بەدەسـتی خۆیـان لـەبۆخۆیان بنیاتنراوەوبەهــەزارن منداڵــەکانیان وەکوقوتــابی لــەوێوەوە فرچـکی زانـستو زانیاریـەکانو هۆشمەنـد بوونیـان لـە گـشت بوارێکـەوە لەوێدا گرتووە، ئیدی لە ئەنجامدا بە سەدان زاناو داناو شاعیرو رۆشـنبیرو پسپۆڕو بلیمـەتو بەهرەمەنـدیان لێهەڵکـەوتو هاتەکایـەوەو سـەرکەوتنە سەر (لوتکە)ی هەرەبەرزی (حیکمەت)و فەلسەفەی رەوشتی بێ خـەوشو گەردەوە.

وە هەر لەم قۆناغەشدا بـوون بـە (مـۆم)ی داگیرسـاوی شـەوی تاریـكو یەڵدای نەزانینو نەفامیو رۆشن کەرەوەی رێـڕەوی سەربەسـتیو رزگـاری میللەتەکەیانەوەو رێو شوێنی (پێغەمبەر)ەکانیان گرتبووە بەرخۆیانەوەو لەم روانگەیـەوەو لـە سـایەی تیـشکی زێـڕینی (مۆمـە) گیرسـاوەکەیانەوە رێنموو کاری خەڵکیان بۆ برەو دان بە ئایینو رەوشتی بـەرزو چـوونە نێـو باوەشـی بـێ خـەوشـی مرۆڤایەتیـەوە وەکـو دەسـت (کـەلا)یـەك لـە دابو نەریتی پەسەندی سەردەمی خۆیانو نـەوەی داهـاتوو لـەو پانتەییـەدا کـە دەسبەر کراوە.

بۆیێ دەبینین (خوا)ی باڵادەست لە دەربـارەی زاناکـان دا دەفـەرموێ: ﴿یرفع الله الذین آمنوا منکم والذین أوتوا العلم درجات﴾ المجادلة: ١١.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿قل هل یستوي الأعمی والبصیر أم هـل تـستوي الظلمات والنور﴾ الرعد: ١٦.

ئەمـەو بـە دەیـان ئایـەتی تـر کـە لـە فـەرموودەدا ئامـاژەی پێـدراوە، هـەروەها لـە فەرمایـشتەکانی (پێغەمبـەر)یـشدا( a ) بـۆ هـەمان بابـەت ئاماژەی بۆ کراوە، واتە: بە بـەڕێزو بـەرزی زاناکانـەوە، وەکـو: ﴿الْعُلَمَـاء وَرَثَةُ الْأَنْبِيَاءِ﴾ ﴿الدُّنْيَا مَلْعُونَةٌ، مَلْعُونٌ مـا فیهـا إلا ذکرالله –تعـالی–ومـا وَالَاهُ وَعَالِماً و مُتَعَلِّماً﴾ رواه الترمذي بسند حسن، ﴿ان الْمَلَائِكَةَ لَتَضَعُ أَجْنِحَتَهَا لِطَالِبِ الْعِلْمِ رِضاً بِمَا يَطْلُبُ﴾،

وە لەلایەکی دیکەشـەوە وا نـەبێ (مـەلا)کـان، هـەر بـە کـاری ئـایینیو رۆشنبیریو مەسەلەی شارستانیەتەوە دەستبەرداری (گەل)ەکەی خۆیـان ببنــەوە هــەرگیز، بــەڵکو ئەوەتــە راشــکاوانەش رایــان هێنــاون لەســەر بەرپابوونی (شۆڕش)و بە گژ داچوونەوەی دوشمنانی دەوروبەرو ئەوانـەی (نیـشتمانە)کـەیان لێیانــەوە داگــیر کــردووە، وە لەلایــەکی دیکەشــەوە ئەمانــەیان کردونەتــە (کۆیلــە)و بــە جۆرەهــا چەرمەســەریو ئــازارەوە دەچەوسێنرێنەوە، ئیدی لە ئەنجامی هاندانی ئەم هەستە پـیرۆزەوە هـەر چوار پارچەی کوردستان لێ حاڵیبوون کە چیدی بەرگـەی زوڵـمو ستەمو ئـەم مەرگـە سـاتیە نـاگرن، بـۆیێ هەریەکـەی لـە شـوێنی خۆیـەوە بـە هەڵچونێکەوە جۆشانو خرۆشانو مەردانە خزانـە نێـو کـۆڕی کوردایـەتیو (خەبات)و (خەبات)و باوەشی شۆڕش گێڕیەوە.



ئـەو شۆڕشـەی کـە وا سـەرە داوی (کەلافـە)ی لـە ریـسی ئامـادەکراوی (خـەڕەکی) (حـوجرە) بـوو، وە خـراوە دەسـتو مـستی پـۆلاییـنی کـوڕە قارەمانە نەبەزەکانی (حوجرە)وە، وەکو ئـەو سـەرکردەو شۆڕشـگێڕانەی کە لـە خـوارەوە ناویـان هـاتووە وەکـو: (قـازی محمـدی مهابـادی، شـێخ سـعیدی پیرانـی، شـێخ مـەحمودی سـلێمانی، مـەلا مـستەفا بـارزانی)و چەندانی تر لە زاناو داناو دڵسۆزانی میللەتەکەمان کـە هـەرگیز ناویـان لـە مێژووی مرۆڤایەتیو ویژدانیو ئەخلاقیـدا ناسـڕێتەوەو بـە زینـدوییش لـە نێو دڵو دەرونی ئێمەدا هەروەك خۆیان دەمێننەوە.

وە لــە کۆتاییــشدا ئــەم فــەر مایيــشتەم بــە یــاد کەوتــەوە کــە پێغەمبـەر(درودی خـوای لەسـەر بێـت) دەفـەرموێ: ﴿مـوت العـالم مـوت العالم﴾ صدق رسول الله.

ملکەچی ئەمری خودێو دینو شەرع مەلایە
جێگرێ سەحبو نەبیو آلو خولەفایە
مەهو خۆرو موشتەریو نورو نەزەری دینە
رەهبەری رێی خەڵکیەو رووگە نومەی سەلایە
لە بوهتانو نەمیمو غەیبەتو درۆ دوورە
قوڵف دەری دوو دەری فیتنەو کوفرو بەڵایە
مەلایە پڕ عیلمو هۆشو رەوشت بەرزو خورك خۆش
بێ تەمەعو حیرسە ئەو لە حیقدو نید وەلایە
رەمزی خۆشەویستیە، دژی بوغزو پەستیە
مەستی خوا پەرستیە بە حەق ویستی خەملایە
باڵی خۆیان رادەخەن مەلائیك بۆ مەلایەك
کە لە عیلم سەپانەو لە رەوسەی دین فەلایە
وتاری شەکرو شیرە، شیرێکی خەستو تیرە
( تیرە ) بۆ جەرگی کوفرو، شیری شیركو ( ریا )یە
گەر رێی مەلا بگری تۆ، لە سەر دینی دەمری تۆ
بەهەشتە بێ قەبری تۆو، ئەمری تۆ تەجەللایە
کێی پەیڕەوی رێڕەوی رێو شوێنی مەلێ نەوی
دۆڕایە وەرگەڕایە، لە دوو جێ موبتەلایە
مەلا وەتەن پەروەرە، سەرکردەیە سەروەرە
جلەو کێشی شۆڕشو کوردایەتیش مەلایە
دەستوری دینو دونیاو ئەمانەتی جیا جیاو
ئەرکی خەڵکی بەتەنیاو ئی خۆی خڕ لە ملایە
بەڵام چاکە لە مشتەو، مەردو نەبەردو رشتەو
دەرگەوانی بەهەشتەو، ( سلك )ی ( قالوا بلی )یە
مەلای نەبێ هەر شوێنی، وەعزی لێوە بخوێنی
وێرانو چۆلو هۆڵەو حالی وێ حەلوەلایە
مەلا مانی جیهانە، وەك ( نەبی ) دەست نیشانە
مەلا مردن نیگبەتەو، خشتووری لە گەڵایە
گەر مەلا نەبێ نەوە، بە زۆڵی دەکەوتەوە
بۆ هەردوو دونیا مەزڵوم، حەزرەتی ئەو قەڵایە



# کۆنگرەی نەتەوەیی کورد هەنگاوێکی گەورە.. پێشنیازێکی پێویست..

مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی
Sherkaway83@gmail.com

هەموو ئەو هەوڵو ڕێکارانەی بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد گراونەتە بەر، جێگەی دڵخۆشیو دەستخۆشی زۆرن، لەبەر ئەوەی لەم قۆناغەدا کورد پێویستی بە هەنگاو و بڕیارو ئیرادەیەکی گرنگی نەتەوەیی هاوشێوەی ئەو جۆرە هەنگاوانە هەیە، لەهەمان کاتدا بەستنی وەها کۆنگرەیەك خەونێکی لەمێژینەی هەر تاکێکی ئەم هەرێمەیە، بۆ ئەوەی بتوانێ هەڵسەنگاندنێکی ئیجابی لەمەڕ پرسی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان بکات، نەخشەی ئایندەش لەسەر بنەمایەکی دروستی یاساییو دیموکراسیو حیکمەتو چوارچێوەیەکی هەمەلایەنەو هاوبەشی نەتەوەیی دابڕێژێتەوە.

ئێستا ئاماژە بەوە دەکرێ، کە ئامانج لەو کۆنگرەیە ئەوەیە هەموو لایەنە سیاسییە کوردییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان ببنە خاوەنی وتارو ستراتیژییەکی هاوبەش لەسەر بنەمای گەیاندنی پەیامی ئاشتیو پێکەوەژیان بۆ گەلانی ناوچەکە.

ئەمە بۆ خۆی ئامانجێکی گرنگەو ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش پشتگیری ئەو جۆرە هەوڵانە دەکات، چونکە بەمە ئیرادەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو مێژوویی گەل دەچێتە پێشەوە، لەگەڵ ئەوەش ئاماژەیەك دەبەخشێتە رابردووی پڕ شکۆی خەباتی نەتەوەییو خوێنو خەمی هەموو ئەوانەی لە پێناو کوردو کوردستان تێکۆشاونو ماندووبوونیان کێشاوە، هەروەك ئاماژەشە بۆ کرانەوەو هۆشیاری گەلی کورد لەو قۆناغە هەستیارەی، کە رۆژهەڵاتی ناوین پێیدا تێپەر دەبێت، کە زۆرێك لە وڵاتان کەوتونەتە قەیرانی گەورەوە، کە کورد تێیدا سەرقاڵی بەستنی کۆنگرەیەکی لەم جۆرەیە.

کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.. پەیامێکی گرنگە بۆ نێوخۆی کوردو ڕێکخستنەوەی هێڵە گشتیە نەتەوەییو نیشتمانیەکان، بەوەی ئیتر قۆناغی خۆپاشخستن تێپەڕیو ئێستا کاتی ئەوەیە پێکەوە لە پێناو ئامانجگەلێکی نەتەوەییو نیشتمانی تێبکۆشین، بۆ ئەوەی بە یەك هەڵوێستیو هاوبەشی بڕیاری سیاسی هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێین.

پەیامێکی گرنگە بۆ تێکڕای لایەنە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، بەوەی ئێستا کاتی ئەوەیە دەست لەناو دەست بۆ بەرەو پێش بردنی کیانی نەتەوەیی، کەوتنە سەر ڕێگەی چارەسەری هەمیشەیی، چونکە بێگومان ئەو جۆرە هەنگاوە نەتەوەییانە زووترو باشتر دەمانگەیەننە ئامانج.

پەیامێکی گرنگە بۆ هەموو وڵاتانی بڕیار بەدەستی دونیا بەگشتیو وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی، کە کورد ئێستا کاروانی خەباتو پێشکەوتنی خۆی بردۆتە ئاستێکی بەرزو، دەیەوێ بەمافی خۆی بگاتو داوای ئاشتیو دیالۆگو دەوڵەتیبوون دەکا.

بۆیە پێویستە هەڵسوڕێنەرانی ئەو کۆنگرەیەو، تێکڕای ئەندامو بەژداربووان، تەرکیز لەسەر خاڵە گشتیو هاوبەشەکان بکەنەوەو، بە هەست کردن بە گیانی بەرپرسیارێتیو هەردوو هەستی ئایینیو نەتەوەییشەوە هەست بە ماندوو بوون نەکەنو بەو پەڕی دڵسۆزیەوە سەرکەوتنی کۆنگرەکە لەبەر چاوو بگرن.

پێویستە کەسانی نەتەوەییو روناکبیرو بە ئەزموونو شارەزا بەژداری پێ بکەن، بۆ ئەوەی سوود لە تەجرەبەی ئەوانەوە وەربگرنو بە ئەجێنداو بەرنامەیەکی تۆکمەوە ناوەرۆك بۆ خودی کۆنگرەکەو دروشمەکانی چێ بکەن.

پێویستە بە روئیایەکی وردبینانەو هەستێکی نەتەوەیی کار بکرێو هەموو بەرژەوەندییە تایبەتیەکان وەلاوە بنرێن، چونکە ئەو کۆنگرەیە دەسکەوتێکی گەورەیی نیشتمانیەو تەعبیرە لە یەکهەڵوێستی لایەنە کوردیەکان لەمەڕ پرسە نەتەوەییەکانو یەکەم جاریشە هەنگاوێکی لەم چەشنە رێك دەخرێ، هەروەك زۆر گرنگە هەمووانیش لەسەر ئەوە کۆك بن، کە پاراستنی دەسکەوتەکانو بەرەو پێش بردنی ئەزموونی کوردستان ئەرکی لەپێشینەی هەر تاكو لایەنو گروپو حزبێکە.

ئەرکە ئەو کۆنگرەیە عەقڵی سیاسیو روئیای نەتەوەیی کورد بەرەو ئاقارێکی تازەو کرانەوەیەکی هاوچەرخ بباتو، بۆ ئەو مەبەستەش پێم وابێ پێویستە پەیمانێکی هاوبەشو دوورخایەنو لەپێناو یەکهەڵوێستی کوردەکان لەو کۆنگرەیە ئیمزا بکرێ، تا هەمووان پێیەوە پابەند بنو وەك میساقێکی گرنگی مێژوویی لەبەرچاو بگیرێ.

پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێ، کە کۆنگرە پشتگیری لەهەر هەنگاو و بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی هەر چوار پارچەی کوردستان بکات، چونکە ئەگەر تا دوێنێ بەدەستی ناحەزان کوردستان دابەش کراوە، ئەرکە ئەو کۆنگرە کوردانی هەرچوار پارچە کۆبکاتەوەو، سەرەڕای هەموو جیاوازیەکان بە یەك ئیرادەییو یەك هەڵوێستیەوە بەرەو ئایندەیەکی گەش کار بکەن.

وێڕای هەموو ئەوانەش من دوو پێشنیار دەخەمە روو، کە پێم وابێ پێویستە کۆنگرە کاریان لەسەر بکاتو بەبایەخەوە لێیان بڕوانێ:

یەکەم: لەو کۆنگرەیە کار بکرێ بۆ دامەزراندنی (ناوەندێکی نەتەوەیی)، بەمەبەستی کارکردنو درێژەدان بە دەرەنجامو راسپاردەکانی کۆنگرەو کارکردن لەسەر پرسە نەتەوەییەکانو ئەنجامدانی چالاکی نەتەوەیی لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان، چونکە کۆنگرە چەند رۆژێکەو تەواو دەبێ، بەڵام هەبوونی ناوەندێکی گشتی نەتەوەیی بۆ هەنگاو و پێشکەوتنو سیاسەتە نەتەوەییەکان دەسکەوتو ئەنجامێکی باش دەبێت.

دووەم: دیار کردنی ئەنجومەنێکی باڵای هاوبەشو هەمیشەیی بۆ دیالۆگی نەتەوەییو راوێژو تاوتوێکردنی باروودۆخو پێشهاتو پرسە نەتەوەییەکان، بە شێوەیەك نوێنەری هەر چوار پارچەی کوردستانی تێدا بێتو ماوە ماوە کۆبوونەوە ساز بکاتو ئامانجی سەرەکی لێك نزیککردنەوەی کوردانی هەرچوار پارچەو ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کورد بێت.

ئیدی دەخوازم هەموو لایەکمان بە جیاوازی ئاینو ئینتیماو ئایدۆلۆژیەوە کار لەپێناو سەرخستنی ئەو کۆنگرەیە بکەین، چونکە سەرکەوتنی ئەو کۆنگرەیە فاکتەرێکی گرنگو قوڵاییەکی ستراتیجیو سەرچاوەی هێزە، بۆ هەر بڕیارو هەنگاوێکی چارەساز لە ئایندەی کوردو کوردستانەوە.

# گۆشە نیگایەك
# لەسەر فەلسەفەی هەڵبژاردن

حمید احمد عبدالفتاح / قەڵادزەیی



هەڵبـژاردن شـتێکە کـە خـوداو پێغەمبـەر (درودی خـوای لەســەر بێـت) فـەرمانیان پێکردوە، شوراو ڕاوێژو هەڵبژاردن بـۆ هـەموو گەل و نەتـەوەو میللـەتێك پێویستە، لـەپاش مردنـی پێشەواش بەشـوراو ڕاوێـژ نوێنـەری خۆیان هەڵبژارد، کە ئەبوبەکری صدیق بـوو (ڕەزای خوای لەسەر بێت).

هەڵبژاردنی کەسێك کە ئەهل بێ بۆ ئـەوەی ببێتـە بـرا گـەورە و بـچێتە سـەر کورسـی دەســەڵات، دەبــێ وەك پێغەمبــەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ : (سید القوم خـادمهم) بـێ . دەبـێ بـرا گـەورە بەقسەو کردەوە لەخزمەتی میللەت و نیشتمانی خـۆی دابـێ. ئـەوەی بـەدەنگی ئێمـە دەبێتـە بـرا گەورە دەبێ جێگای ڕەزامەنـدی ئێمـە بـێ. کەسـێك بـێ ڕابردوویـەکی پـاك و خـاوێنی هەبوبێ، لەکەدار نەبوبێ، شایانی ئەوەش بێ کەدەنگی بۆ بدرێ و ببێتـە نوێنـەری گـەل و میللەت و وڵات .. دەبێ ئەوکەسە کەسێك بـێ کە دین پـەروەرو میللـەت پـەروەرو نیشتمان پـەروەر بێـت، کەسـێك بـێ لەخـەم خـەڵك و بەرژەوەنـدی وڵات دابـێ. واتــە کــانی و سەرچاوەیەك بێ، تینویەتی خـەڵك بشکێنێ. هیــواو ئومێـدی دوا ڕۆژی میللــەت و ڕەش و رووت و هـەژاران بـێ .واتـە ئاسۆیەکی ڕون و گەش بێ. بۆ گەل و وڵات بۆ نیشتمان.

نەك کەسێك بێ بەدەنگی ئێمە گەورە بێ و بـەڵام ئێمـەیش نـەبینێ. کـوڕی ئـەم خـاك و وڵاتـەش بـێ، بـەڵام بـۆ ئـەم خاك و وڵاتـەش سـپلەو بێوەفـا بـێ. خـۆ پەرسـت بـێ و بەرژەوەندی گشتیش وەلا بنێ.

دەنـگ دان ئەمانــەتێکی زۆر گەورەیــە، دەنگ دان شاهیدی دانە، بەڕاست پاداشت و بــەدرۆش لێپرســینەوەی دوا ڕۆژی خــودای لەسەرە، دەبێ دەنگ بـۆ کەسـێکی زۆر چاك بـدەی، بـۆ ئـەوەی موحاسـەبەی خودایـت نەیەتـە سـەر. دەبـێ لـە دەنـگ دانـدا تـەنها حیساب بـۆ کەسـی ئـەهل و بـەدین و خـاوەن ڕەوشت وخوێندەوارو داناو زاناو شیاو بکەی.

نەك بۆ کەسی خزم و دۆست و ناسیا و و خاوەن دەسەڵات و دەوڵەمەندو و سەرمایەدار ونەفام و نەزان. یان کەسـێك کـە ئـەهلی ئـەو مـەقام و ئـەو شـوێنەو ئـەو پۆسـتەو ئـەو لێپرسراویەتییە نەبێ.

دەبـێ ئـەو کەسـەی کـەدەنگی بـۆ دەدەی لەئاسـتی بــەر پرســیاریەتی دابــێ و بەرژەوەنـدی گـشتی لەبـەر چـاو بگـرێ و بـشزانێ کـە ئـەرکێکی زۆر قـورس لەسـەر شانیەتی. وەدەبـێ خـەڵکانێکیش هەڵبـژێرین کە بتوانن ئەرکی خۆیان جـێ بـەجێ بکـەن.. ئەمەیە فەلسەفەی هەڵبژاردن، کـە ڕەزابونی خوداش لەسەر ئەمەیە.

ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کەلە هەموو ڕۆژێك زیاتر پێویستیمان بەوە هەیە کەماڵی کورد ببێتەوە یـەك مـاڵ. هـەر هـەمووومان لەسـەر سفرەی برایـەتی وتـەبایی ویـەکتر خوێندنـەوە، پێکەوە دانیشین و بەهەوڵ و هیمـەتی هـەموو لایــەك و لایــەنێکیش ڕەگ و ڕیــشەی دوو بەرەکی و ناکۆکی و ناتـەبایی و ناعەدالـەتی، لـەنێوان هـەموو لایەنـەکان هـەڵ بکەنـدرێ و تـۆوی خۆشەویستی و برایـەتی و تـەبایی و گونجان و پێکەوە ژیان بچێنرێ..

هەڵبژاردن گرنگی تایبەتی خـۆی هەیـە بـۆ هەموو کۆمەڵگاو گەل و میللەت و نەتەوەیەك، کـە بتوانێـت جەماوەرەکـەی خـۆی بـەرەو پرۆسەیەکی سیاسی و دیموکراسی بەرێت .

لەهەڵبژاردندا بەرژەوەنـدی گشتی تایبـەت مەندی خۆی هەیە، هەڵبژاردن یـان بەشداری کردن لە هەڵبژاردن، ئەویش جۆرە خەباتێکە بۆ دروست بـوونی حکومـەت و پەرلـەمان. وە هەڵبژاردنیش مافی ڕەوای هەموو هاوڵاتییەکە لـە کوردسـتان و هــەموو دونیـاش – کـە مەرجی یاسایی تێدا بێ ..

هەڵبـژاردن تاکــە ڕێگــەی مــەدەنی و ئاشتیانەیە بـۆ ئـاڵ و گـۆر کردن و دەسـتاو دەسـت کردنـی دەسـەڵات لـەنێوان حـزب و پارتو لایەنە سیاسی و ئیسلامی و علمـانی و



بیرو بۆ چونە جیاوازەکان.. وەبۆ ئەوەی هەڵبژاردنیش بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و دیموکراسی بەڕێوە بچێ، پێویستە چەند لیست و لایەنی جیاواز هەتا لە خەڵکی بێ لایەنیش هەبن، تا هاوڵاتیان خەڵك و میللەت، بەئازادی و سەربەستی مافی دەنگ دان و هەڵبژاردنیان هەبێت .

ئەوەش ڕون و ئاشکرایە لای هەموو کەسێك، کەیاسایی کردنی دەسەڵات و شێوەی بەڕێوە بردنی دەسەڵات، لە ڕێگەی متمانەی دەنگی خەڵکییەوە بەشێوەیەکی دیموکراتی و ئازادی، زۆر باشترە لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری زۆر باشترە لە دەسەڵاتی زەبرو زەنگ و ترساندن و تۆقاندن و میلیشیایی. هەر زۆر زۆر باشترە لە دەسەڵاتی تاك ڕەوی و تاك حزبی و خۆ بەزۆر سەپاندن و دیکتاتۆرییەت و حیساب بۆ کەس نەکردن..

هەڵبژاردن گواستنەوەی دەسەڵاتە بۆ ئەوانەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەر دەکەون، هەڵبژاردن بریتیە لەدەستاو دەست پێکردنی دەسەلات و حوکمڕانی بە شێوازێکی ئاشتیانەو دیموکراسیانە و برایانە، هەڵبژاردن شەرعییەتی جەماوەری دەبەخشێت وەك مەدالیایەك بە حکومەتی تازەی هەڵبژێر راو. چونکە حکومەت بە تێپەڕ بوونی کات پێویستی بە نوێ کردنەوە هەیە، لەهەموو دنیادا و بەکوردستانیشەوە.

هەڵبژاردن مەبەستێکی زۆر گرنگی هەیە کە بریتیە لە لێپێچینەوەی دەسەڵات داران و لێپرسینەوەیان لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، کەوەلا دەنرێن و پشت گوێ دەخرێن و مۆری تاوانو گەندەڵیان لێدەدرێ .

مەبەست و ئامانج لە هەڵبژردن بریتیە لەوەی کە هیچ سەر کردەو کار بەدەستێك، نەتوانێت دەسەڵات داگیر بکات. یان کەسێك کەنەی توانی بێت لەئاستی پێداویستیەکانی هاوڵاتیان دابێت. یان لە ئاستی داخوازیەکانی جەماوەر دا بێت، ئەوە لەو کاتەیدا بۆ هاوڵاتیان (هەبێت) نوێنەرێکی تر بۆ خۆیان لە دوای تەواو بونی ئیشەکەی، کەسێکی دیکە هەڵبژێرن. کە شایەنی ئەو شوێنە بێت..

هەڵبژاردن مونافەسەی حزب و لایەنە سیاسی و دەسەڵات دارەکانە. هەتا خزمەت کردن و دڵسۆزی کار بەدەستانیش باشتر بۆ خەڵك ڕون و ئاشکرا بێت و چالاك تریش بن لە ئیش و کارەکانیان.

وەهیچ گەل و میللەتێکیش بەبێ هەڵبژاردن ناتوانێ بچێتە بەر دەم گۆران کاری سیاسی و هەتا هەرێمی و ناو خۆی و دەولەتیش... کەواتە هەڵبژاردن پێویستی ژیان و گەل و نیشتمانە.

هەڵبژاردن بۆ ماوەیەکی زەمەنی دیاری کراوە، بۆ هەتا هەتایە نییە. ئەوانەی کە هەڵبژێر راون ناتوانن ماوەی دەسەڵاتیان لە پۆستە سیادی و سیاسیەکان درێژ تر بکەنەوە.

هەڵبژاردن پەیوەندی بە هێز لە نێوان جەماوەرو پارت و حزبە ئیسلامی و علمانی و تێکڕای قەوارە سیاسیەکان دروست دەکات. هەڵبژاردن واتە دروست بونی گۆران لە دەسەڵات. بەجێ هێشتنی کورسی دەسەڵاتە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر . هەڵبژاردن یەکێکە لە خەسڵەتە دیارو باشەکانی پرۆسەی دیموکراسی. هەڵبژاردن گۆرانێکی گرنگە بۆ چارە نوسی ئەو دەسەڵاتانەی لە کوردستان دا هەنە، لەبەر دەم ئەو متمانەیەی کە جەماوەری میللەتەکەیان پێی داون..

لە هەڵبژاردندا ئینسان کوێرانە، نەزانانە، دەنگ بەهیچ کەس و لایەنێك نادات، بەڵکو دەنگ بەوانە دەدات، کەلە خزمەت میللەت دان و خاك و میللەت و وڵات دەپارێزن.. رابردووی پاکیشیان هەیەو کەسێکن کە شیاوی ئەو پۆستەو ئەو شوێنەشن..

هەڵبژاردن ویستگەیەکی چارەنوس سازە، تاقیکردنەوەیەکی زۆر گرنگە لەوەی کێ خاوەنی جەماوەرەو لە ناو خەڵك و میللەتدا قورسایی زۆری هەیەو، لەسەر ئەرزی واقیع خەڵك لەژێر سێبەری دەحەسێتەوە.

هەڵبژاردن بریتیە لە دیاری کردنی نوێنەری هاوڵاتیان و کۆکردنەوەی جەماوەر لە ژێر بڕیاری یەك سەرکردەو فەرمان ڕەوادا . لەلایەن ئەو کەسانەی کەمەرجی دەنگ دانیان تێدایە، هەڵبژاردن دەبێ برینەکان سارێژ بکات، نەك هێندەی تریش قوڵتریان بکات .

ئێمە دەبێ وشیا ر بین، بەچاوی عەقڵ نوێنەر سەر کردە برا گەورە هەڵبژێرین، نەك بەچاوی حزبایەتی و خزمایەتی و لایەن گری‌و عەشیرەت و چاو لێکەری. یان دەنگ بەکەسی نەشیاو بێتوانا بدەین.

هەر چەندئێستاش خەڵکی وڵاتی ئێمە لەسەر ئەساسی عەشیرەت و خێڵ دەنگ دەدات، نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە لەسەر ئەساسی خزمەت کردن و ئاستی هوشیاری و لێهاتوی کەسەکە، کەسەکە هەڵبژێرێ بەڵکو بەزۆری عەقڵی حزب و ڕەئیس عەشیرەت سەرۆك دائیرەو فەرمانگە حوکم دەکات..

ئێمە دەمانەوێت لەرێی سندقی دەنگ دانەوە چارەنوسی دوا ڕۆژی خۆمان بەعەقڵو بیرو بۆچونی خۆمان کەسەکە هەڵبژێرین و دیاری بکەین . وەدەبێ دەنگ بۆ کەسانێك بدەین و کەسانێك هەڵبژێرین کەبتوانن ئەرکی سەر شانی خۆیان بەمەردانەو بەشێرانە و چاو نەترسانە جێ بەجێ بکەن.

هەڵبژاردن بۆ ئەوەیە کە دەتوانرێت لەم ڕێگەیەوە، کە نەهێڵرێت هیچ حزب و دەسەڵاتێك خۆی بکات بە گەورەی هەموو دەسەڵاتەکان. یان دەسەڵات تایبەت بکات هەر بەخۆیەوەو بیکاتە میرات لەباوکەوە بۆ کوڕ.. کەواتە هەڵبژاردن تاکە شێوازێکە کە بە پێچەوانەی دەسەڵات و سیستەمی پشتاو پشت دەوەستێت. یان دەسەڵات بەشێوەیەکی زۆرخراپ بەکار بهێنێت.

هەڵبژاردن دەسەڵاتێکی یاساییەو تەنها بەپێی یاسا بڕیار دەدرێ، کێ یە ئەو کەسەی دەنگ دەدات و؟ کێشە ئەو کەسەی خۆی دەپاڵێوێ و خۆی کاندید دەکات ؟؟ .

هەڵبژاردن گۆران کارییە لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی باشترو بەرنامەی نوێ یە بۆ چاك سازی لە ولاٌتدا. لە هەڵبژاردن چەند کەسێك دەست نیشان دەکرێن، کەبەر پرس و لێپرسراون لە بەرامبەر جەماوەردا.

ئەمڕۆ جەماوەر هاولاٌتی قورسایی خۆی هەیە و دونیاو ڕای گشتیش چاوەڕێی دەمی هاولاٌتین، باوی ئەوە نەماوە حزب خۆی بکات بەدیکتاتۆر. بەڵکو دەبێ ئەویش خۆی بگۆری و خۆی بگونجێنێ. لەگەڵ واقعی گەلو میللەتەکەیدا. گوێ بۆ داواو ئیرادەی هاولاٌتیان شل بکات.. جونکە هیچ دەسەلاٌتێك حزبێك بەبێ جەماوەر هیچ نییە. هەر بۆیەشە هەموو حزب و دەسەلاٌتیکی عاقڵ و ژیر خۆی دەگونجێنێ، لەگەڵ داواو ئیرادەی گەل و میللەت و جەماوەرەکەی خۆیدا..

ئەمڕۆ کوردستان بەشێکە لەدونیا. بەشێکە لەپێشکەوتن بەشێکە لە دیموکراسی. کورد هەنگاوی گەورەی ناوە. زۆر بەرەو پێشەوە ڕۆیشتوە، هەڕەشەو تۆقاندنمان لەسەر کەم بۆتەوە، ئاسۆیەکی ڕوناکتر چاوە ڕێیە، کە بەتەواوی بگەین بەئاوات و بحە سێینەوە..

هەڵبژاردن بۆ ئەوەیە کە دەنگمان شایستەی کەسێکی کورد پەروەرو دین پەروەرو کەسایەتی و لێهاتویی بێت. وەژیانی خۆشی پێشکەش بەخاك و ولاٌت و میللەت بکات. بۆ ئەوەی کورد بگاتە ئەو ماف و هەقەی کەخاوەن دەوڵەتێکی سەر بەخۆ بێت.

هەڵبژاردن کەئەنجام دەدرێت. ئەوە بەخوێن و خەباتێکی زۆر بەدەست هێنراوە، بەهایەکەی بەهیچ نرخێك نانرخێنرێت. ئەم هەڵبژاردنە ئەم حکومەت و پەرلەمانە بەخەباتی خوێناوی و بەجەرگ سوتانی هەزاران باوك و دایك هاتۆتە دی. بەخوێنی هەزاران شەهیدی ئەم کوردستانە بەخوێنی هەزاران شەهیدی زیندانیەکان و هەڵبجەی شەهیدو (٤/٢٤) شاری قەلاٌدزەو ئەنفال و کیمیا باران و کۆرەو و کاول کردنی کوردستان و ڕاپەڕین و بەپشتیوانی خودای گەورەو دوعای پیاو چاکان و مەزڵومان و هەژاران هاتۆتە دی. ئەم ئازادییەی کە ئێستا هەیە مافی یەك حزب و یەك لایەن و یەك سەر کردەو دەسەلاٌت دار نییە. بەڵك و مافی گەلو میللەتە. بەدڵسۆزی و برایەتی و یەك گرتوویی هاتۆتە دی ..

گرنگی هەڵبژاردن و فەلسەفەی هەڵبژاردن لەوەیدایە کە خەڵك خۆی هەست دەکات خۆی بەر پرسیارە. لەو ئیختیارەی کە کردویەتی و ئەگەر کەسی هەڵبژێ راویش لە ئاستی پێویست دا نەبوو خۆی گوناهبارو تاوانبارە. پێم وایە بە هەڵبژاردنیش ئایندەی گەشترو باشترو چاکتر روو لەمیللەت و ولاٌت دەکات. چونکە دەنگ بە دڵسۆزانی خاك و ولاٌت و نیشتمان دەدەین . وە میللەتیش ئازادە کێی پێ باش بێ دەنگ بۆ ئەو کەسە باشە بدات.

وەلە هەڵبژاردنیش دا حکومەت دەسەلاٌت پشت دەبەستێت بەسەر پشك کردنی گەل. گەل کێی دیاری کرد کێی پێباش بوو ئەوە ئەو کەسە بەرەو هەڵکشان بەرەوسەر بەرەو لوتکە دەڕوات .

کەواتە وەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (المستشار مئتمن فازا أستشير احدكم فليشر بما هو صانع لنفسه) واتە دەبێ ڕاوێژ پێکراو جێی متمانەی ڕاوێژ کار بێت، بەڕاستی ڕای خۆی دەرببڕێتو بەرژەوەندی ئەو لەبەر چاو بگرێ، وەك بەر ژەوەندی خۆی ..

ئیسلام زۆر گرنگی (بە شوراو دەنگ دان) داوە، قورئانیش دەفەرموێ: ﴿وأمرهم شورى بينهم﴾ شوری ٣٨. یان ﴿وشاورهم فى الامر﴾ وەپاداشتی خودایش بۆ ئەو کەسانەیە کەکارو باری خۆیان بەڕاوێژ لەناو خەڵکدا لەناو خۆیاندا بەڕێوە دەبەن. پرس و ڕاو مەشوەڕەت بە یەکتر دەکەن. بەتایبەتیش بۆ دەنگ دان و هەڵبژاردنی کەسی شیاو بۆ بەڕێوە بردنی ولاٌت و لێپرسراویەتی وچونە سەر کورسی دەسەلاٌت.

وە ئەو ڕۆژانەی کەلەمەودواش دادێن ڕۆژی ناشیرن کردنی یەکترییە، ڕۆژی پرو پاگەندەو ڕۆژی بەشان و باڵ هەڵدان و فریو دانی ڕەشو ڕوت و گەنج ولا و هەموو مانە. دەبێ زۆر وریا بین و بەقسەی لوس و بریقەدار هەڵنەخەتێین و بەدرۆی زلی ناپاکان بڕوا نەکەین و دوا ڕۆژی خۆمان بەدەستی خۆمان تاریك نەکەین، وەبا نوێنەرانی گەل و میللەتیش باش بزانن، بەتایبەت ئەوانەی کەدەچنە سەر کورسی دەسەلاٌت. کە سەر مایەکەیان لەپلەی بەرزو داهاتی زۆر دانییە، بەڵك و گەورەترین سەرمایەی وان لەوەی دایە، کەخەڵك خۆشی بوێن و بەپێشەوای خۆیانی بزانن. ئەم ڕێزو حورمەتەش بەکردەوەی جوان بە پێشکەش کردنی خزمەت کوزاری دەبێ. دەسەلاٌت داران بەپێشکەش کردنی ئاسەواری چاك و باش لەپاش خۆیان، ناویان لەناو دڵی خەڵکدا هەر دەمێنێ.

کەواتە با سندوقەکانی دەنگدان بکەینە تەرازوی لایەنە سیاسیەکان لە ئیسلامی و علمانیەکان لە بێ لایەن و کەسایەتیەکان ، بزانین کێ بە دڵسۆزی و بەنیەتی پاك، لە خزمەتی گەل و میللە ت و ولاٌت دایە. با ئێمەیش هەر هەموومان دەنگ بەو بدەین و هانی خەڵکانیش بدەین کەدەنگی پێبدەن و بە هەموو لایەك لەخزمەتی ئەو دابین، چونکە هەر پەرلەمان کارێك کە بەدەنگی خەڵك بچێتە ئەو شوێنە، دەبێتە بەدیل و نوێنەری. برا گەورەش دەبێ خزمەت کار بێ، چونکە ئەمە زیاتر ئەرك و تەکلیفە نەك پلەو پوست.

نوێنەرانی گەل و میللەت

وریا بن و ئاگادار بن. کەقورئان ڕێگری دەکاو هەر بەحەڕامیشی دادەنێ، کەلە هەچ کۆرو مەجلیسێکی تۆ دادەنیشی. جا ئەو مەجلیسە پەرلەمان بێ، ئەنجومەنی وەزیران بێ، سەرکردایەتی هەچ لایەن و حزبێك بێ، یان کۆبونەوەی سیاسی بیتێ، کەگاڵتە سوکایەتی بە ئایەتەکانی خودای گەورەی تێدا بکرێ، یان ڕەخنە لە ئایەتی قورئانی بگیرێ، یان لەو شوێنە ئیهانەی خوداو پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) و شەریعەتی ئیسلامی تێدا بکرێ. ئەوە ئەتۆش بەشداری لەو گوناهە. بەلاٌم ئەگەر مەردانەو شێرانەو چاو نەترسانە ڕەخنەت لە بڕیارێکی هەڵەو ناشەرعی و ناڕەوای پەرلەمان یان هەر شوێنێکی ترت گرت، پێی ڕازی نەبوی و واژوت لەسەر نەکرد، ئەوە (انشاءالله) لەم بڕیارە گوناهبار نابی.. چونە پەر لەمان و چونە سەر کورسی دەسەلاٌت، چەند سودو قازانجی دونیایی و مادی تێدایە، سەد هێندەو زیاتریش زەرەدو زیانی دوا ڕۆژی تێدایە. گەر لە بەڵێنەکانت ڕاست گۆ نەبی و بەر گریش لەشتی حەڕام ناهەق نەکەی و لەسەر شتی هەقیش نەیەیتە قسە..

* سود لەکۆمەڵێك گۆڤارو ڕۆژنامەو نامیلکە وەرگیراوە ..

# ڕۆژ نیە ئەنفال نەکرێینەوە
# ١٨ پاکیزە فرۆشراوەکەی کورد بە میسر

**مەلا ڕەسوڵ سیتکانی**




تازە نیە گوێبیستی ئەو هەواڵە دڵتەزێنە دەبین، هەر کاتێکیش گوێبیستی ئەبین لە ڕاستیدا زامێکی تر دەخاتە سەر زامە قولەکانی ئەنفال، حکایەتێکی تری پڕ لە دراژیدیای ڕووداوەکانی ئەنفالمان بۆ زیادەکات، ئەو دراما میسریەی کە ئێستاش پەخش دەکرێت خەریکە پەردەی گوماناویو تەواوی راستیەکان دەردەخاتو، ئەرکێکی قورسیش دەخاتە ئەستۆی میللەتی کورد بە گشتیو حکومەتی هەریمی کوردستان بەتایبەت کە گرنگە بەلای کەمەوە ئەو خالانە هەنگاو بنێ:

١- دەستپێکی کاری کۆنگرەی نەتەوەیی باسکردن بێت لەو مەسەلەیەو دۆسیەکەی بکرێتە دۆسیەیەکی نەتەوەیی بۆ ئەوەی باشتر وریای دوژمنەکانمان بین وجارێکیتر نەکەوینەوە داوی جینۆساید.

٢- پچڕاندنی پەیوەندیەکان لەگەل میسر بە فەرمی تا یەکلایکردنەوەی مەسەلەکەو ڕاگەیاندی بۆ ڕای گشتی.

٣- ڕێکخستنی خۆپیشاندانێکی گشتی بۆ دەربرینی ناڕەزایی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەرامبەر ئەم کارە قیزەونە.

٤- تۆمارکردنی سکالاَ لە دژی ئەو دڕندانەی کە بەو کارە هەستاون لە حکومەتی عێراقو میسر، بەتایبەتیش لەسەر خودی حوسنی ناموبارك و دارودەستەکەی کە بەلای منەوە تاوانباری سەرەکیە لەو مەسەلەیە.

٥- داوای لێبوردنی فەرمی لەلایەن هەردوو ولاَتەوە لە گەلی کورد بەشێوەیەکی شەرمەزاریانە .

٦- قەربووکردنەوەی ماددی ومەعنەوی گەلی کوردو بەتایبەتیش ئەنفالکراوەکان لەلایەن هەردوو ولاَتی عەرەبیەوە کە هەرچەندە هیچ شتێك نیە ببێتە مایەی قەرەبووکردنەوەی ئەوبابەتە.



# چەند ئامۆژگاریەكی گرنگ‌و بەسوود بۆ دایكان‌و خوشكانی بەڕێزو بەشكۆو قەدر گرانم

مسلم مەلا صالح فریزی

ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێنمایی زۆرو جوانی بۆ ئافرەتان دیاری كردووە، لە واقعی ئێستاشدا زۆرێك لە خوشك‌و دایك‌و ئافرەتانمان روو دەكەنە مزگەوت‌و خۆیان بە دینداری‌و پۆشتەیی دەڕازێننەوە، كە ئەمە جێگەی دڵخۆشی هەموو لایەكەو پێویستە لەم سەردەمەی تەكنەلۆژیاو پێشكەوتنەوە ئافرەتان زیاتریش بایەخ بە خۆیان بدەن‌و هۆشیارانە مامەڵە بنوێنن، چونكە چەندە ئافرەت بەرەو پێش بڕوات‌و هەنگاوی ئیجابی بهاوێژێت، ئەوەندە زیاتر كاریگەری ئەرێنی لەناو ماڵ‌و خێزان‌و بەسەر منداڵەكانیەوە دروست دەكات، بۆیە لێرەوە كۆمەڵێك خاڵ دەكەمە دیاری هەموو ئەو ئافرەتە بەڕێزانەی تامەزرۆی هەنگاوی باش‌و بەسوودو خۆپێگەیاندنن لە ژیاندا بەو هیوایەی سوودی لێ ببینن:

– هاوبەش بۆ خوا بڕیار مەدەن‌و هەر داواو مرازێكیشتان هەبوو راستەوخۆ لە دوعاكانتان داوا لە خوای گەورە بكەن.

– واجباتی سەرشانت جێ بەجێ بكەو لە عیبادەت‌و كاری چاكە



درێغی مەكە.

– خۆت لە گومانی خراپ بەخەڵكی‌و غەیبەت‌و قسەو قسەڵۆك بە دوور بگرە.

– هاوڕێ بە بۆ منداڵەكانت بەتایبەت كچەكانت وە ئاشنابە بەو حاڵەتە نەفسیانەی كاتێك كچ لەقۆناغەكانی تەمەنی..تەمەنی خۆی تێیدا گوزەر ئەكات.

– هەوڵی تەواوی خۆت بخە گەڕ لەسەر راگرتنی روحی تەوازن لەنێوان ئەرك‌و واجباتەكانی خۆت.. (بۆ نمونە: سەبارەت بە پیاو، یان دایك‌و باب‌و، براو خوشك‌و، یان ئەولادو.. وەهەروەها ئەگەر وەزیفەو كارێكیشت هەبوو).

– ئەگەر شوت هەبووە وە شووەكەشت دایك‌و باوكی لە ژیاندا مابوون ئەوە زۆر ڕێزو ئیحتیڕامیان لێ بنێ تا ئەو ئەندازەی هیچ جیاوازی مەكە لەنێوان دایك‌و باوكی ئەوو هەروەها دایك‌و باوكی خۆت..چونكە ئەگەر هەر هیچیان نەكردبێت بۆت ئەوەندەت بەسە شووەكەی تۆیان بۆت بەخێوكردیەو پێیان بەخشیت.. (كە ئەوە یەكێكە لەگەورەترینی نیعمەتەكانی خوا((هن لباس لكم وأنتم لباس لهن)).

– ڕێزی تەواو لە خزمانی مێردەكەت بگرە هەروەكو چۆن ڕێز لەخزمانی خۆت دەگریت.

هەمووكات با ماڵەكەت هەڵبژاردەبیت بۆ ئەوەی هەركات میوان هات ماڵەكەت تێك نەشێوابێت.

– شارەزاو ئاشنای داهاتی رۆژانەو یان حەفتانەو یان مانگانەتان بەو بە قەناعەت بەو بە ئیسڕاف‌و دەست بڵاو مەبە.

– ببە هۆكاری پەیوەندی پتەو لەنێوان ئەندامەكانی خێزان لەگەڵ یەكتری.

– لەكاتێك كە ئەگەر باوك ئامۆژگاری منداڵەكانی كرد تەداخول مەكە (مەگەر تەنها ئەوكاتە نەبێت كە سەیتەڕەو تەوازونی تێكچووبێت‌و توڕەییەكەی لە سنور تێپەڕاند.

– وابكەن ببنە هۆكار بۆ ئەوەی منداڵی بچوك پێشوازی بكات لە باب یان باپیر كاتێك كە لەدەرەوە یان لەسەفەرێك دەگەڕێنەوە

– ئەگەر گەورەی ماڵ هاتەوە راستەوخۆ مەچووە بەردەمی‌و دەستكەیت بە سكاڵاو سكاڵاكاری‌و گلەیی‌و گازاندە.

– هەرشتێك كە كاسبكاری ماڵ لەگەڵ خۆی كڕیبوی‌و هێنایەوە تۆ بەدەستخۆشی‌و سوپاس‌و دوعای خێرەوە وەری بگرە

– سستی مەكە لەكاتێك كە داوای لێ كردیت شتێكی بۆ بێنی‌و لەڕاپەڕاندنی داواكاریەكانی چوست‌و چالاك بە.

– بەردەوام بزانە كە شووەكەت (یان دایك‌و باوكت) هۆكاری نزیك بوونەوەتن لە پەروەردیگارت كەواتە دەست بەو هۆكارە گرنگانەتەوە بگرە.

– زۆر گرنگی بدە بە ڕواڵەت‌و پۆشاكی ئەگەر هاتوو خۆشی گرنگی نەدەدا بەو لایەنە.

– دەنگی خۆت لەڕوویداو وەلەكاتی ئامادەبوونی دا بەرز نەكەیتەوە

– تۆ ڕەیحانەی ماڵیی وابكە هەمووكات هەست بە وجودت بكرێت‌و لەكاتی نەبوونت شوێنت دیاربێت.

– وەئەوەش بزانە كە ئەو هەوڵ‌و كۆششانە شتێكی پێویست‌و پیرۆزە لەناخی مرۆڤدا بەڵام هیچ كاتێك بەتەنها پشت بەخۆت مەبەستەو بەڵكو ه مووكات نزاو پاڕانەوە بكەو لەهەموو كارێكت پشت بەخوای گەورەت ببەستە.

# جیاوازییەکان لەنێوان (جیهاد)و (ئیرهاب)دا

ماموٚستا عبدالله کەلاری



خوێنەرانی خۆشەویستم دەمپکە بە گرنگی دەزانم ئەم دوو چەمکە، کە تائێستە زۆر روون نییە لەبەردەم هاوڵاتیانی ئێمە پێم خۆشبوو بە باشی روونیان کەمەوە بۆ ئەوەی ئەوە نەبی قسە کردن لەو دوو ناوە بڤە بێت، بەڵکو چونکە ناویان هەبوو دەبێ ناوەرۆکیشیان ببێت لێرەوە باپێناسەی جیهادتان بۆ بکەم بزانین واتاکەی چیە؟ لیرەوە کێشەکە دەست پێدەکا.

زۆرێك وادەزانن گوتت جیهاد یانی شمشێرت تیژکردوە تۆ بۆ سەربرین، بەداخەوە وشەی جیهادو سەربرین قەت کۆنابێتەوە بەڵێ زانایانی زاراوە ناس دەفەرموون: جیهاد (٢٩) واتای هەیە یەکیان بەرگری کردنە لەدژی ئەو کەسەی، کە مافت پێشیل دەکا یان ئەو لایەی، کە دەیەوێ وڵاتی تۆ داگیر بکا بە چەندین واتای تری هەیە جیهاد لەگەڵ لابردنی توندوتیژی دژی ژنان جیهاد لەگەڵ لابردنی دزی لەناو کومەڵگا وە واتاکانی دیکە، وشەی ئیرهابیش لە زاراوەدا واتاکەی ترساندنو تۆقاندنە من لێرەوە پێم خۆشبوو جیهادیش بناسین وە ئیرهابیش وشەی جیهاد لەقورئاندا (٤) جار هاتوە، بەڵام هیچیان بەمەعنای ترساندن نەهاتوون، بەڵکو بۆ بەرگریکردن لە مافی خۆ هاتوون، وادەزانم تەواوی بیرۆکەکانی دونیا ئەوەیان هەیە دەڵێ مافی بەرگری کردنت هەیە، لێرەوە بزانین جیاوازییەکانی جیهادو ئیرهاب چیە:

١– جیهاد بۆیە چەمکێکی زیندوە تائێستا، چونکە ئینسانەکان زیندون بەتایبەت موسڵمانان جیهاد واتە پاراستنی وڵات لەدوژمن.

٢– جیهادواتە ژێر دەستی قبوڵ نەکردن.

٣– جیهاد واتە قەڵاچۆ کردنی زوڵمو زاڵمان.

٤– جیهاد واتە ئازادکردنی ژنان لە توندوتیژی بۆ ژنان نەبوون زندەبەچاڵ دەکران چی ئەو نەریتە بۆگەنەی لابرد؟.

٥– جیهاد یانی ئازادبوونی گەنجان بۆ گەنجان نەبوون کۆیلەبوون؟ چی گەنجانی کردە خاوەنی خۆیان؟.

٦– جیهاد یەعنی رزگارکردنی هەزاران بۆ هەزار نەبوو دەبوایە باجی بدایە دەوڵەمەندان ئەمانەو چەندین دەسکەوتی گرنگ لە نەتیجەی ئەو هەوڵە زۆرانە بوو، کە پێغەمبەری ئیسلامو هاوەڵانی دایان من لێرەوە دەڵێم بە تەواوی خوێنەران بەتایبەت ئەوانەی نەیاری تەواوی وشەی جیهادن، ئایا ئێستا لە (٢٠١٣) وڵاتێك پەلاماری کوردستانیدا داگیری بکات ئێمە چی بڵێین بەو میللەتە، کە (٩٥) لە سەدی موسڵمانە، کە چاوەڕێی وشەی جیهادن؟؟ ئا لێرەوە بائەوە روون بێت جیهاد بە مەعنای خۆ تەقاندنەوە نییە، بە مەعنا تە قینەوە نییە بە مەعنای سەربڕینو شێواندنی جەستە نییە، ئەمانەو چەندین شتی دیکە ئیسلام لەدورو نزیکەوە پەیوەندی بێوە نییە، خوێنەری خۆشەویست ئەمە موقابەلەی یەکێکە لەوانەی، کە لە جیهاد تێنەگەشتوە کەوتوەتە داوی ئەوانەی ئیرهاب بە جیهاد دەناسین لە گرتوخانەیەکی بەغدا دەڵێ پیاوێکمان گرت دوای چەند رۆژێ سەرمان بڕی لاشەکەیمان تی ئێن تی رێژ کرد لە شوێنێك دامان نا هەواڵماندا بە کەسوکاری خیزانەکەی‌و دوو کچ‌و کوڕێکی‌و دایکی‌و دوو برای هاتن بیبەنەوە لاشەکەی، بەڵام کە گەشتنە سە ری‌و گریان بەسەریدا لەدوورەوە تەقاندمانەوەو گۆشتی هەموویان تێکەڵ بوو، من بە ئێوە دەڵێم ئەمە لە کوێی چەمکی جیهاددا جێی دەبێتەوە؟؟؟

ئیسلام زۆر دژی ئەم کارە قێزەوونانەیە، گوتمان (ئیرهاب) یانی ترساندن لە بیناو خۆ سەپاندن نەك رزگارکردن ئامانجەکانی ئیرهاب ئەمانەن:

– من ببم کەسی دیکە نەبێت.

– ئیرهاب هەموشتێك دەکەم بۆ ئەوەی هەر خۆم بمێنم.

– ئیرهاب بە تۆقاندنی خەڵك ئامانجەکانت بپێکە.

– ئیرهاب ئەوەی لەگەڵ من نەبوو ئەوە دەبێ لەناو ببرێت.

– ئیرهاب لەرێگەی سەربڕینەوە حوکمی ئیسلام بگرەوە.

ئە مانەو شتانی دیکە هیچ پەیوەندیان نیە بە جیهادەوە زانیمان جیهاد تێکەڵی ژیانی مرۆڤەکانەو ئیرهابیش لەنێو مرۆڤەکاندا جێگەی نابێتەوە.



## لە مەسنەوی مەعنەویی جەلالەدینی رۆمییەوە:

## (٢)

# ئەو زانستەی دەبێتە بەڵا



هێمن عومەر خۆشناو (شەقڵاوە)

کەودەنێك تکای لە حەزرەتی موسا (س) کرد، کە زمانی گیانلەبەرانی فێربکات. موسایش پێی گوت: ئەریٚ داماو ئەم ئارەزووەت لە کوێوە هێناوە؟ واز بێنە تۆ ئەهلی ئەم کارە نیت، چونکە بەراستی زانست ئەو کەسە بە فەتارەت دەدا کە ئەهل نییە. بەڵام کابرا سوور بوو لەسەر داواکەی گوتی: ئەگەر هەموو زمانەکانی گیانلەبەرانیشم فێر ناکەی، بەلایەنی کەمەوە هەندێکیانم فێربکە.

حەزرەتی موسایش زمانی کەڵەشێرو سەگی فێرکرد. کابرا گێلەکە گەڕایەوە ماڵی خۆی بە دڵخۆشی و لەناو باغەکەی خۆیدا خۆراکی رووکرد، کەڵەشێریش بە پەلە بۆ لای وردە نانەکان هات و سەگیش بە نیگەرانییەوە پێی گوت: توخوا ئەو کارەی تۆ ستەم نییە لەمن؟ من وەك تۆ ناتوانم گەنم و جۆ بخۆم، ئەتۆ ئێستا ئەو لەتە نانانە دەخۆی کە دەبوایە هی من بوایە. کەڵەشێر وەڵامی دایەوەو گوتی: نیگەران مەبە، سبەی شتێکی زۆر باشترت بە نسیب دەبیٚ، چونکە ئەسپەکەی خاوەن شکۆمان دەمریٚ و تۆیش لەسەر سکەکەی تێرو پڕ دەخۆی.

کە کابرا ئەو قسەیەی کەڵەشێری بیست، هەر زوو چوو ئەسپەکەی بردە بازارو فرۆشتی، ئەسپەکەیش لەلای کڕیارەکە مردار بوویەوە. کابرای گێل خەنی بوو بەوەی کە ئەو زەرەرەی بۆ گەڕایەوە. رۆژی دووەمیش کابرا گوێی لەو دوو گیانلەبەرە گرت، کەڵەشێر دەیگوت: خەمیٚ مەخۆ، سبەینێش کەنیزەکەی گەورەمان دەمریٚ و گەورەمان بەو بۆنەوە خواردن دەبەخشێتەوە، تۆیش ئەی سەگ لەو هێسك و پروسکانە تێر دەبیت.

کابرا زۆری ئەو کەنیزە خۆشدەویست، بەڵام کە ئەمەی بیست، بۆئەوەی زەرەر بگەڕێنێتەوە، هەر زوو چوو کەنیزەکەی فرۆشت و گوتی خودایە ئەی لەو نیعمەتەی کە زمانی حەیوانات فێربووم!

رۆژی سێیەمیش سەگ زۆری برسی بوو و بە توورەییەوە بە کەڵەشێری گوت: تۆ فێڵم لیٚ دەکەی و قسەکانت راست دەرنەچوون. کەڵەشێر وتی لە راستیدا منیش حەپەساوم، ئێمەی ئوممەتی کەڵەشێر درۆناکەین و لە حەیواناتە پیرۆزەکانین لای خوداو پێغەمبەر(د.خ) و، نوێژکەران بۆ نوێژی بەیانی لە خەو هەڵدەستێنین، بەڵام نازانم چ تەفسیرێك بۆ ئەو کارانەی لەم رۆژانەدا روویدا بکەم. لیٚ تۆ غەمبار مەبەو سبەینیٚ گەورەشمان دەمریٚ و بەو بۆنەوە میراتگرەکانی خوانێکی گەورە سازدەکەن، بە دڵنیاییەوە شتێکت لەم سفرەیە بەردەکەوێت.

کە کابرا ئەو قسەیەی بیست هۆشی لەسەر خۆی نەما، ئەسپەکەی و کەنیزەکەی فرۆشت ئێستایش خۆی بە کیٚ بفرۆشیٚ؟ پێشتر موصیبەتەکان بچوك بوون، ئێستا خۆی لەبەردەم فریشتەی رۆح کێشان دەبینێتەوە، کابرا بە پەلە لە ترسی مردن خۆی گەیاندە حەزرەتی موسا:

وەرە ئەی پێغەمبەری خوا! زانستەکەم لیٚ وەربگرەوەو ئەو بەڵایەم لەسەر لابدە.

موسا پێی فەرموو: قورت بەسەر! وەك چۆن تیر ناچێتەوە ناو کەوان، ئاوایش قەدەری ئیلاهی ناگەڕێتەوە. ئێستا تەنیا نزاو پارانەوەت لەبەردەستە بۆ ئەوەی ئیمانەکەت رزگاری بێت. ئەمە ئەو زانست و مەعریفەیە بۆ ئەو کەسانەی ئەهلی کارەکە نین، ئەم کابرایەش لە جیاتی ئەوەی سود لەو دەرفەتە وەربگریٚ لە دیدەنی حەزرەتی موسا بۆ بوژانەوەی رۆحەکەی، بەڵام هەواو ئارەزووەکانی پێش خست و ویستی لە رێگای زانستەوە ئارەزووەکانی تێربکات.

ئەم چیرۆکە بەکارهێنانی خراپی زانست روون دەکاتەوە، کە ئاماژە بەوە دەدا دەبیٚ مرۆڤ زانستی پێویست و ناپێویست لەیەکتر جیابکاتەوە، چونکە زۆر زانا هەن ئەهلی زانست نین، بەڵکو تەنیا پاسەوان و حەممالی زانستەکەن. خودایش دەرهەق بەوانەی کە سوود لە زانستەکەیان نابینن بە (کمثل الحمار یحمل اسفارا) ناویان دەبات، هەرچەند زانابن چونکە سوودیان لیٚ نەبینیوە، هەر کەودەن و نەفام وجاهیلن.

گۆزە

# شێخ نەجیمی گەزنێ خوا کردبوویە مرۆڤ!!



لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکان ماڵمان هاتبووە دیانا، جارێکیان لەگەڵ شێخ نەجیمی گەزنێ، کە پیاوێکی نەرمو لەسەرخۆو دیندار بوو، بە تاکسی هاتینە هەولێر، لە سەرەتای شەقڵاوە کەمێك دابەزین، دیارە نەرمە بارانێکی لێدەهات، شێخ نەجیمیش لە بیری چوو جامی تاکسیەکە دابخات، بۆیە کە سواری تاکسیەکە بووینەوە، هەندێك کورسیەکەی پێشەوە تەڕ ببوو، شوفێری تاکسیەکە کە ترومبێلەکەی خۆی زۆر خۆشدەویست -بەتایبەتی لە هەفتاکان سیارە بە قەدر بوو- یەکسەر رووی کردە شێخ نەجیمو چاوی سووربوونەوە کە جامی سیارەکەی دانەخستووەو هەندێك تەڕ بووە، بە تووڕەییەوە گوتی: ما تۆ بەشەری؟!.

ئەم شێوازی قسەکردنە ئاسان نییە، مرۆڤ ئاسان نییە وەڵامی نەداتەوە، بۆیە دەکرێ بڵێی: (کاکە دادەبەزم، خۆ هەر ئەتوو سیارەت نییە، ما بەخۆت بەشەری، ...) لەوانەیە بە یەکێك لەمانە وەڵام بدەیتەوە، لێ شێخ نەجیم لەسەرەخۆ گووتی: ناوەلا باوە بەشەر نیمە، بەڵام خوا کردوومیە بەشەر، هیچ قسەی دیکەشی نەکردو، لە کابراش توورە نەبوو، کەمێك رۆییشتین تا گەیشتینە سەر مەیدانی شەقڵاوە، کە ئەو کاتی چۆڵ بوو، کابرا بەبێ دەنگی سیارەکەی راگرتو هاتە خوارەوە، بە شێخ نەجیمی گووت: وەرە خوارەوە، دەبی ئێستا پێت ماچ بکەم، ئەوە چ ئەخلاق رەوشتێکی بەرزت هەیە.

کە مامۆستا جەلال خەیلانی ئەو بەسەرهاتەی گێڕایەوە، چاکتر بۆم دەرکەوت، کە رەوشتی نەرمو وەڵامی هێمنانە چەندە کاریگەری ئەرێنی زیاترەو، ئەو فەرموودەیەم بە بیرهاتەوە: (ئەوەی خوا لەسەر نەرمو نیانی دەیبەخشێت، لەسەر توندو تیژی نایبەخشێت)، بەڵام هەموو کەسێکیش ناتوانێت ئەم جۆرە هەڵوێستانەی هەبێت، مەگەر خۆی لە ناخەوە خاوێن نەکردبێتەوەو هەسی خۆی نەکوشتبێتو لە خۆشەویستی نەتوابێتەوە.

سەرنووسەر

# ئیسلام
# ئایینی سەوزیو ژینگە پارێزیە

مەلا محمود محمد مجيد *

بێگومان ئەمڕۆ یەکێك لەگرفتە گەورەکان، کە مرۆڤایەتی دووچاری هاتووە پیسبوونی ژینگەیە، ژینگەش هۆکارێکی سەرەکییە کە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی تاکو کۆمەڵگاکانو دەوڵەتەکانو هەموو مرۆڤایەتی هەیە، بەچاكو خراپ بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایی خەریکە زەنگی ترسناکی توند بۆ مرۆڤەکان لێدەدات بە رەشەباو زریانو لافاوو بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیو بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کوشندەو لەناو چوونی زۆر لە گیانلەبەرانو بڵاوبوونەوەی برسێتیو کەمی خۆراك... هتد

بۆ ئەوەی مرۆڤە سنوور بەزێنەکان بێنەوە سەر سنووری سروشتی هاوسەنگی، کە خودا بۆ هەموو کائینەکانی داناوە

بەرێزان:- لەبەر گرنگی ئەم بابەتە بە چاکمان زانی لەڕوانگەی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی سەروەرمان باسێکی پوخت پیشکەش بە خوێنەرانی ئازیز بکەینو بسەلمێنین، کە ئایینی ئیسلام بەر لەهەموو ئایینو رێکخراوێك داوای لە شوێنکەتوانی کردووە پارێزگاری لە ژینگە بکەن، چونکە ژینگەی پاكو جوان هێمای خۆشیو بەختەوەری و تەندروستی باشە نیشانەی نەتەوەیەکی پێشکەوتووی خاوەن شارستانیەتە تێیدا مرۆڤەکان توانیتیان خۆیان بناسنو خوایان بناسنو خوێندنەوەیەکی راستو دروست بۆ دەوروبەری خۆیان بکەن:

١- لەڕوانگەی ئیسلام هەرچی لە دەوروبەری مرۆڤە لە گیانلەبەرو دارو درەختو شاخو رووبارو کانیو بوونەوەرەکان هەمووان دروستکراوی خودانو تەواوکەری ژینگەنو خودا مافی ژیانی پێداون، لەهەمان کاتدا نیعمەتی خودان بۆ مرۆڤەکان لەسنووری شەرع بەکاریان بێننو سودیان لێوەربگرن هەروەك لەم ئایەتانە خودا ئاماژەی پێکردووە: (صُنع الله الذي أتقنَ كُلَّ شيء) (النمل/٨٨) واتە:- بوونەوەرەکان هەمووی دروستکراوی ئەو خودایەن کە هەموو شتەکانی بەجوانی بەو پەڕی چاکی دروست کردووە.

هەروەها فەرموویەتی: (أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُنِيرٍ) (لقمان:٢٠) واتە: ئایا سەرنجتان نەداوە کە بەراستی هەرچی لەئاسمانەکانو زەویدا هەیە هەر هەمووی خوا بۆ خزمەتی ئێوەی دروست کردووەو ملکەچی کردووە، هەروەها بەفراوانی نازو نیعمەتی ئاشکراو پەنهانی بەسەردا رژاندون، (لەگەڵ ئەوەشدا) هەندێك لەخەڵکی موجادەلەو گفتوگۆی نابەجێ دەربارەی خواو بەرنامەکە دەکەن، بێ هیچ بەڵگەیەکی زانستیو رێنموویەکی پێغەمبەرانو کتێبێکی روونکەرەوەی خوایی.

بەڵێ هەرچی لەدەوروبەری مرۆڤە نیعمەتی خودایە، نابێت سوکایەتی پێبکرێتو سیماو جوانیو سروشتی بشیوێندرێت چونکە بە تاوان دادەنرێت.

٢- سووکایەتی بە نیعمەتەکانی خودا سزای توندی بەدوایە، وەك لەم ئایەتە هاتووە: (وَمَنْ يُبَدِّلْ نِعْمَةَ اللَّهِ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُ فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ) البقرة٢١١ واتە: هەرکەسێك نیعمەتەکانی خوا بگۆرێت بە دەستکاری خراپ پاش ئەوەی خوا پێیبەخشی بەراستی خودا خاوەنی سزای زۆر توندە، بەڵێ ئەو هەموو دارستانە جوانانە ئەو باغو میوەیە، ئەو هەموو کانیاوو رووبارو گوڵو گوڵزار گیاو درەختو ئاژەڵی جۆراوجۆر، لەجیاتی سوپاسی خوداو پاراستنیانو سوود وەرگرتن لێیان لەناوبردنو پیسکردن بەکاربێت لە پێناو قازانجێکی کەمی تاکەکەس، ئەوا بەڕاستی سزای توند بۆ ئەم کەسانەیە.

جاران رووبەری دارستانەکان لەسەر گۆی زەوی نزیکەی ٤٠ چل ملیۆن کیلۆمەتر دووجا بوو، ئێستا تەنها نزیکەی ٢٤ کیلۆمەتر دووجا ماوە هەمووی کەوتۆتە بەرشاڵاوی تەماعی مرۆڤە چاوچنۆکەکان، کە ئەمەش بە گەورەترین کارەسات دادەنرێت، دارو درەخت ئەو کارگە هێمنو ئارامو جوانەیە بەبێ هیچ وزەیەك گازە ژەهرەکان پاك دەکاتەوەو ئۆکسجینی پاکمان پێدەبەخشێت، میوەی خۆشو بەتامو سێبەری فێنك و دیمەنی جوانو دەبێتە هۆی زۆربوونی باران و ئاوی ژێر زەوی.



هەرچی پاشەڕۆی شارەکانو ماددە زیانبەخشو لەکار کەوتوو و بێسوودی کارگە زەبەلاحەکانە، فرێدەدرێتە ناو رووبارو دەریاکان، کە زۆر جار دەبێتە مایەی وێرانکاری ژینگەی گیانلەبەرە ئاوییەکانو ژمارەیەکی زۆریان لێدەکوژێت.

بەڵێ لەسەرەتاکانی دابەزینی قورئانی پیرۆز خوای پەروەردگار فەرموویەتی:- (فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللَّهِ) النساء، واتە: بە تەئکید لەدوا رۆژو ئایندە ئێوەی مرۆڤ گۆرانکاری نەشیاوو نادروست لە دروستکراوانی خوادەکەنو دەیانگۆرن، ولەسەر سیستەمو سروشتی خوا لایان دەبەن.

بەڵێ هەر لە مریشكو ئاژەڵ بگرە، لە میوەو خواردن هەمووی

پر له هۆرمۆناته، ئەمەو كێشى تیكچووه بۆ قازانج بەڵام بۆته هۆى زۆر نەخۆشى.

٣- ئيسلام چۆن پارێزگارى لەژينگە كردووه :-

أ- گرنگى دان بەكشتوكاڵو چاندنى دارو درەخت لە رێگاى هاندانى موسلمانان وه پەيمانى ئەجرو پاداشتى خودايى زۆر جگه له سوودو دەسكەوتى دونيا وەك ئەم فەرموودەيەى پێغەمبەر:- (مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَغْرِسُ غَرْسًا، أَوْ يَزْرَعُ زَرْعًا فَيَأْكُلُ مِنْهُ طَيْرٌ أَوْ إِنْسَانٌ أَوْ بَهِيمَةٌ إِلَّا كَانَ لَهُ بِهِ صَدَقَةٌ) متفق عليه، واته: هەر موسلمانێك درەختێك برووێنێ يان كشتوكاڵو دانەوێڵەيەك بچێنێ جا باڵندە لێيبخوات يان مرۆڤ يان ئاژەڵ ئەوا بۆى بە خێر دەنووسرێت.

هەروەها پێغەمبەرمان( d ) ئەوەندە جەختى لە كشتوكاڵو نەمامو دارچاندن كردووه هيچ كاتو ساتێك نابێت پشت گوێ بخرێتو لەگرنگى كەمبكرێتەوه هەروەك لەم فەرموودە هاتووه:- (إِنْ قَامَتْ السَّاعَةُ وَبِيَدِ أَحَدِكُمْ فَسِيلَةٌ، فَإِنْ اسْتَطَاعَ أَنْ لَا يَقُومَ حَتَّى يَغْرِسَهَا فَلْيَفْعَلْ) رواه احمد، واته: ئەگەر قيامەتو تێكچوونى دونيا دەستى پێكرد وه كەسێك له ئێوه نەمامێكى بەدەستەوه بوو ئەگەر توانى پيش ئەوەى قيامەت بيگاتێ با بيچێنى.

ب- دارو درەخت برين تاوانە، سزاكەى ئاگرى دۆزەخە وەك لەم فەرموودە هاتووه: (مَنْ قَطَعَ سِدْرَةً صَوَّبَ اللَّهُ رَأْسَهُ فِي النَّارِ) رواه ابوداود، واته: هەركەسێك بنەدارێكى (سدره) درەختێكە لەبيابان دەڕوێ ،ببرێت خودا سەراو سەر دەيخاته ناو ئاگر.

هەتا لەكاتى جەنگ هەميشه ئامۆژگارى پێغەمبەرمانو خەليفەكانى ئەوه بوو بۆ لەشكرەكان: (لا تعقروا نخلاً، ولا تحرقوه، ولا تقطعوا شجرة مثمرة، ولا تذبحوا شاة ولا بقرة، ولا بعيراً إلا لمأكلة)، واته: هيچ دارخورمايەك نەسووتێننو نەبرن، هيچ درەختێكى بەردار نەبرن، وه هيچ مەرو بزنو وشترێك سەرنەبڕن ئەگەر بۆ برسێتىو خواردن نەبێت.

ج- هەرچى لەدەوروبەرى مرۆڤەكان دەژى لە گيانلەبەرانو باڵندەكان وەك مرۆڤەكان نەتەوەو كائنى سەربەخۆنو دابو نەريتو شێوازى ژيانى تايبەت بە خۆيان هەيە بۆيە راوكردن بەو شێوه بەرەڵاييەى خەڵك دەيكات حەرامە، راو بۆكاتى برسێتى بۆ خواردن دروسته بەڵام وەكو پيشەو هيوايەت حەرامە،چەند جوانە ئەم ئايەتەى قورئانى پيرۆز كە فێرمان دەكات چۆن مامەڵە لەگەڵ باڵندەو ئاژەڵەكان بكەين: (وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم مَّا فَرَّطْنَا فِي ٱلْكِتَٰبِ مِن شَيْءٍ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ) الانعام ٣٧.

واته: بێگومان هەرچى هەيە لەسەر زەوى دەڕوات لەگيانلەبەران وه هەرچى هەيە لە باڵندەكان، كه بەباڵ دەفڕن نەتەوەن وەكو ئێوه، هيچ شتمان لە قورئان پشت گوێ نەكردووه، پاشان ئەوانە رۆژى قيامەت هەموويان بۆلاى پەروەردگاريان كۆدەكرێنەوه. بۆيە ئێمە زۆر بەهەڵە لەئايەتەكان گەيشتووينە هەموو جار ئايەتى: (وما ارسلناك الا رحمة للعالمين) الانبياء١٠٦ واته: بەراستى تۆمان كردۆتە پێغەمبەرو نێردراو بەسۆزو رەحمەتو ميهرەبانى بۆ گشت جيهانەكان بەڵێ پێغەمبەر( d ) تەنها رەحمەت نيه بۆ مرۆڤايەتى بەڵكو رەحمەته بۆ هەموو جيهانەكان، جيهانى مرۆڤ، جيهانى گيانلەبەران، جيهانى باڵندە، جيهانى رووەك بگره خاك لە هەمووى پيرۆزتره ،چونكه پێغەمبەر( d ) دەفەرموێ: (وجُعلت لي الأرض مسجداً وطهورا) رواه البخاري ٣٣٥، واته: خودا هەموو زەوى بۆ ئوممەتەكم بە مزگەوت داناوەو خۆڵەكەشى بۆ تەيەمومو دەستنوێژ دەبێت، كەواتە چۆن مزگەوت رێزى هەيە چونكه شوێنى خواپەرستى يە هەموو زەوى پاكو بەرێزە باوكە ئادەمى لێ دروستكراوەو هەمووشى وەك مزگەوتە بۆ موسلمانان .

هەروەها لەفەرموودەى پێغەمبەر( d ) هاتووه: (من قتل عصفورا عبثا عج الى الله يوم القيامة يقول يا رب ان فلانا قتلني عبثا، ولم يقتلني منفعة) رواه النسائي وابن حبان في صحيحه، واته: هەركەسێك چۆلەكەيەك راوبكات بۆ خواردنى نەبێت، له رۆژى قيامەت ئەو چۆلەكه ديت لەلاى خودا سكالاى لێدەكات دەڵێ: خودايه لەو كەسه بپرسه منى كوشت بۆ خواردنى نەبوو.

بەڵێ ستەم كردن لەم گيانلەبەرانە ئاواشتێكى ئاسايى نيه، بەڵكو لە دونياو قيامەت لێپێچينەوەو سزاى تايبەتى خۆى هەيە.

بۆيە زاناى هۆڵەندى خاتوو (فرنشيسكا دوشاتيل) دەڵێ: محمد( d ) پێشەنگى ژينگە پارێزيه، پێويسته هەموو خەڵكانى ترپەيرەوى هەڵوێستەكانى ئەوبن، هەروەها راوێژكارى بوارى ژينگەى شارى (نيويورك) كتێبێكى دەركرد له سەر ئيسلام ناوى لێنا (ئايينى سەوز).

د- ئاوو سەرچاوەكانى ئاو دەبێت بپارێزرێنو رێزيان لێبگيرێت: (مَرّ بِسَعْدٍ وَهُوَ يَتَوَضَّأُ فقال مَا هَذَا السَّرَفُ يَا سَعْدُ؟ قَالَ: أَفِي الْوُضُوءِ سَرَفٌ؟ قَالَ: نَعَمْ، وَإِنْ كُنْتَ عَلَى نَهَرٍ جَارٍ) رواه احمد وابن ماجة، پيغەمبەر( d ) بەلاى سعد تێپەرى دەستنوێژى دەگرت دياره زێدە رەوى تێداكردووه پێغەمبەر( d ) فەرمووى: ئەم ئيسرافه چييه دەيكەى ئەى سەعد ئەويش گوتى لەدەسنوێژيش ئيسراف هەيه؟ پيغەمبەر( d ) فەرمووى: بەڵێ ئەگەر لەسەر رووبارێكى رۆيشتوش بيت.

بەڵێ ئاو سەرچاوەى ژيانو ئاوەدانييە، ئەگەر ئاوكەم بێت ژيان ئالۆزدەبێت، وه شارو گوندەكان چۆڵ دەبن، چەند جوانه كەخودا فەرموويەتى: (وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ) الانعام ١٤١، واته: زيادەرەوى مەكەن چونكه خودا ئەوكەسانەى خۆش ناوێ زيادەرەوى دەكەن، بەڵێ لە خواردنو لەخواردنەوەو لە جلوبەرگو لەئاوو لەكاربا...

جا حەرامە وه تاوانە ئەو هەموو شته پيسه دەخرێته رووبارەكان وەك بۆرى زێرابى



ماڵــەکان، ئــاژەڵی مــردوو، پاشمــاوەی کارگەکان، ئەمانە هــەموو کارەسات دروست دەکەن، وە کاتێك هەموومان دەزانین زۆربەی نەخۆشــیەکان لــەڕێگای ئــاوی پیــسەوە بڵاودەبێتەوە وەك: مەلاریا، گرانـەتا، کۆلێرا، هەوکردنی گورچیلەکان، کرمەکان، جۆرەکانی سکچون و رشانەوە.....

هـ- پــاك راگرتنــی گــەڕەكو شــەقامو ماڵەکانو جوانی رێك وپێکییان ئەرکی هـەموو کۆمەڵگایە، کەمتەرخەمی لـە پـاكو خـاوێنیو جــوانی گــەركو شــارەکان لەگــەڵ ئــایینی ئیسلامدا ناگونجێت هەروەك لەم فـەرموودەی پێغەمبەر(ص) هـاتووە: (إِنّ اللّـهَ طَيِّـبٌ يُحِـبُّ الطّيِّـبَ، نَظيـفٌ يُحـبُّ النّظَافَـةَ، كَـرِيمٌ يُحَـبُّ الْكَرَمَ، جَوَادٌ يُحِبُّ الْجُودَ، فَنَظِّفُـوا أَفْنِيَـتَكُمْ وَلا تَشَبّهُوا بِالْيَهُودِ) رواه الترمذي، واتە: بەڕاستی خودا جوانو بێگەردە جوانو بێگەردی خۆش دەوێت، پاکە پـاکی خـۆش دەوێـت، بـەرێزە رێزداری خۆش دەوێت سـەخی یـە سـەخیاتی خــۆش دەوێــت، جــا ماڵــەکانو کوچــەو کۆڵانــەکانتان پــاك بکەنــەوە خۆتــان وەك جولەکەکان نیشان مەدەن٠

و- ئەوانەی پاكوخاوێنی ژینگـەو جـوانیو خاوێنی شارو کۆڵانەکانو شوێنە گـشتییەکان بـۆ رەزامەنـدی خـودا بـەجێ دێننو پیادەی دەکــەن دەکەونــە بــەر میهرەبـانی خــوداو شایـستەی بەهەشــتن هــەروەك پێغەمبــەری خودا( d ) فەرموویەتی: (بَيْنَمَا رَجُلٌ يَمْشِي بِطَرِيقٍ وَجَدَ غُصْنَ شَوْكٍ عَلَى الطّرِيقِ فَـأَخّرَهُ، فَـشَكَرَ اللّـهُ لَـهُ فَغَفَـرَ لَـهُ) متفـق عليـه واتــە: پیاوێك لەکاتی رۆیشتنی بەرێگایەکدا چاوی بەلقە دارێکـی دڕکـاوی کـەوت لەسـەر رێگـای خـەڵك دوری خـستەوە لـە تۆڵـەی ئـەم کـارە خــودا سوپاســی کــردوو لێیخۆشــبوو، بــەڵێ هەڵگرتنەوەی مـین، پڕکردنـەوەی تاسـەکان، لادانی بەردوو شـتی پـیس زۆر لـە لقـە دارێـك زیان بەخشترن پاداشیشیان زیاترە

ز- ئەوانــەی شــوێنە گــشتیەکان پــیس دەکــەنو ژینگــە سروشــتییە خــوایی یەکــە دەشێوێنن، ژێـر سـێبەری درەختـەکان پـیس دەکەن شتی پیس لەسەر سەرچاوەکانی ئـاو فڕێــدەدەن، رێگــای گــشتی پــیس دەکــەن شایستەی لەعنەتو سوکایەتین جگـە لـەوەی کارەکــەیان گونــاهو تاوانــە هــەروەك لــەم فەرموودانە بۆمان بە دیار دەکەوێت:

١- (اتّقُـوا الْمَلَــاعِنَ الثّلَاثَــةَ: الْبَــرَازَ فِــي الْمَوَارِدِ، وَقَارِعَةِ الطّرِيقِ، وَالظّلِّ) رواه ابوداود، واتــە: خۆتــان بپــارێزن لــە ســێ شــوێن، کــە دەبێتــە هــۆی نــەفرەت (لەعنــەت): پیــسایی کردن لەسەرچاوەی ئاوو سەر رێگاو سێبەر.

٢- (مـن آذى المـسلمين في طـرقهم وجبـت عليـه لعنــتهم)٠ أخرجــه الطبرانــي في المعجــم الكبير، ج٣، ص٢٩٦.

**واتە: هەرکەسێك موسلمانان ئازار بدات لە رێگاوبــانو هاتووچــۆدا شایــستەی ئەوەیــە بکەوێتە بەر لەعنەتی هەموو موسلمانان٠**

ئایا فڕێـدانی قـوتی بیپـسیو دەبـەی ئـاوو بتڵــی مەشــروباتو قــوتی بــیرەو حــەفازەی منداڵان، لـەجامی ئۆتومبیلەکـەت بـۆ دەرەوە ئــازاری خــەڵك نــادات ژینگــە پــیسو ناشــیرین ناکات، ئایینەکەمان ئایینی رەوشت بەرزییــە، وە بڕوانامەی پێغەمبەرەکەمان( d ) رەوشت بەرزی یە، توخوا ئەم شتانە لەگـەڵ رەوشـت بەرزی موسڵمانان دەگونجێت.

لـــەکۆتایی دەڵـــێم بابـــەتی ژینگـــە مەوسـوعەیەکی دەوێ لـە روانگـەی قورئـانو فەرموودەوە، وە ئومێدەوارم بەم چەند دێـرە خزمەتێکمان بە ئایینو موسڵمانان کردبێت .

هەروەها بۆ ئەوەی ژینگەی وڵاتەکەمان بـە ئاوو هەواو خاكو خـۆراك پـاك بێـت پێویـستە ویــژدانی خــەڵك زینــدوو بکەینــەوە، وە بەشـێوەیەکی زانـستی کاریگەریـەکانی پـیس بوونی ژینگەیان بۆ روون بکەینەوە بۆ ئەوەی هــەر تــاکێکی کۆمــەڵگا خــۆی پــۆلیسو ســەربازی ژینگــە پارێزبێــت، لــەماڵ، لــە مزگەوت، لە قوتابخانە، لە کارگە ٠٠٠٠

وە پێویستە زۆرگرنگی بەباخچەو سەوزایی بدرێتو رووبەری فراوانی بۆ تـەرخان بکرێـت، وە زۆر لەو درەخت ونەمامانە بڕوێندرێت، کـە بەرگەی گازە ژەهرەکان دەگرن وە کارگەکان دوور بخرێنەوە لەشارەکان، وە هـەوڵ بـدرێت لـە هۆیـەکانی گواسـتنەوە ئـامێرو دەزگـای دۆسـتی ژینگـە بـەکار ببرێـت وە بـۆ گـەرم کـردنو رۆنـاکی سـوود لـە ئـاوو هـەواو وزەی خۆر وەرگیرێتو هەمیشە لەکێڵگەکان پـەینی سروشـتی لـەجیاتی پــەینی کیمیـاوی بـەکار ببرێت .

* وتارخوێنی مزگـەوتی کۆمـەڵگای گەلالـە سـۆران سەرپەرشـتیاری پـسپۆری زمـانی عەرەبی- پەروەردەی سۆران ٢٠١٣/٤/٤



# تەنها ئایەتێك لەبری هەزاران کامێرای چاودێری

**حەسەن عەبدوڵڵا**



هەرکاتێك لە ماڵ دەردەچین دیمەنێك سەرنجمان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ ئەویش دانانی ڕێژەیەکی زۆری کامێرای چاودێرییە بەشێوەیەك، کە بوە بەدیاردەو مۆدێل بۆ هەر لایەك هەنگاو بنێی بێگومان تۆ لەژێر گرتەی کامێرایەکی چاودێری دای...

خۆ ئەگەر پرسیار لە هەر کەسێك بکرێ لە بارەی هۆکاری بوونی ئەو هەموو کامێرای چاودێری یەوە زۆر بە ئاسانی وەڵام دەداتەوە، کە بۆ چاودێری کردنی جوڵەی خەڵکە بۆ ئەوەی بزانرێ کێ کارێکی نابەجێ دەکات؟ لەدزینو تێکدانو پشێویو لادان لەیاساو تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا، بێگومان ئەوەش بۆ ڕێکخستنو پارێزگاری کردن لە ڕەوتی ژیان کارێکی باش، بەڵکو پێویستە بەڵام بونی ئەو هەموو ڕێژەی کامێرای چاودێری ئاماژەیەکی زەقە بۆ بۆشایی پەروەردەیی لەلایەن تاكو کۆی ناو کۆمەڵگا، ئەو کاتەی کەسەکان بە پەروەردەیەکی دیندارانە گۆش دەکران کۆمەڵگا لە ئاستێکی نمونەیی دابوو لە هەموو ڕوویەکەوە خەڵکانێکی دەست پاك مرۆڤانێکی سەر ڕاستو کردە چاك تاکەکان دوور بوون لە دزیو گزی هەموویان هەنگاویان دەبڕی بەرەو بەرزی، کوا قۆڵ بڕین باوی هەبو؟ لە کام شوێندا متمانە بونی نەبوو؟ هەست کردن بە لێپرسراوی لەناخی هەموویاندا چەکەرەی دەدا لەسەر بنەمای دڵسۆزی بۆ پەرۆش کردنی خۆشەویستی هەوڵیان دەدا..

ئەوسا تەنها لە ترسی خودا (جل جلالە) دەستیان نەدەچووە پێشێلکردنو خواردنی مافی خەڵك، تەنها بۆ ڕەزامەندی خوداش دەستی سۆزو هاوکارییان بۆ یەکتری درێژ دەکرد!!

ئەوان کاتێك چاکەخوازانە کاریان دەکرد ئارامیان بۆ گێتی بڵاو دەکرد، گوڵ ئاسا ژیانیان بۆن خۆش دەکرد نەك بەهۆی چاودێری مرۆڤێك یان کامێرایەکەوە بوبێت، بەڵکو تەنها لە لەدەرەنجامی تێگەیشتنو پەروەردەبون بوو لەژێر تیشكو ڕۆشنایی ئایەتی (إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا) ...

ئەم ئایەتە بوو کۆمەڵگایەکی نمونەیی دروست کرد، کە هاوتای نەبوو نەوەیەکی پەروەردە کرد، کە هاوشێوەی نەبوو ئەو ئایەتە بوو وای لە گەنج دەکرد ڕووەو تاوان هەنگاو نەنێت وای لە دەسەڵاتدار دەکرد پێ لەژێر دەستەکانی نەنێت، وای لە تاكو کۆ دەکرد هیچ کەس بۆ هەڵەو هەڵەشەیی پاڵ نەنێت، وای کە گەورەو ڕێزدارە ئەو کەسەی بەو ئایەتە گۆش دەکرێ، وای کە هۆشمەندە ئەو مرۆڤەی بەو تیشکە ڕێگای ژیان دەگرێ چەند خۆشەویستە ئەو مرۆڤەی بەو پیتانە ئێستاو داهاتوی بنیات بنێ.

سەرنج بدەن دایکێك دەیەوێ، کە ئاو بخاتە ناو شیرو ماستەکەی پێ زیاد بکاتو خەڵکیش فریو بدات کەچی کچە هۆشمەندەکەی دێتە گۆو دەڵێ: دایەگیان مەگەر نەتبیستوە، کە پێشەوا عومەر ئەو کارەی یاساغ کردوە؟؟؟، ئەویش دەڵێ: دەی خۆ عومەر ئاگای لێ نیە!!، کچەکەش پێی دەڵێ: ئەگەر عومەریش ئاگای لێ نەبێت خۆ خودای عومەر ئاگای لێیە!!!، ئێستا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی چەندە پێویستی بەو پەروەردەیە هەیە،ئێستا گۆی زەوی چەندە ئاتاجی ئەو بیرکردنەوەیە؟؟

دەرونی خەڵك خاڵی کرا لەو پەروەردە ڕەببانییە بۆیە لە هەر کوچەو کۆڵانێکدا هەنگاو بنێی کامێرایەکی چاودێری هاوڕێی تۆیە، بەڵام هەرگیز کامێراکان نابنە جێگرەوەی ئەو بەشە ئایەتەی، کە باسمان کرد، بۆیە کەسانی هەلپەرست کاتێك ئەزانن کامێراکان وزەیان لێ بڕا ئیتر هەل لە دەست نادەنو کاری خراپەکاری خۆیان ئەنجام دەدەن.

# پێناسێکی کورتی کتێبی (تیسیر مصطلح الحدیث: زانستی زاراوەکانی فەرموودە)،و (الدکتور محمود الطحان)ی، دانەری

عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد، ئەحمەدئاوایی — shexnami@yahoo.com

زانستی فەرمودە یەکێکە لە زانستە هەرە گرنگەکانی شەریعەت، چونکە ئیسلام لە دوو سەرچاوە پێکهاتووە، کە دەبێت موسڵمانان لێیەوە ڕێڕەوی ژیانی موسڵمانانەی خۆیانی لێوە وەربگرن، کە ئەوانیش قورئانی پیرۆزو پاشان سوننەتەکانی پێغەمبەری دڵسۆزن( d ) کە ئێمە لێرەدا مەبەستمان دووەمیانە، چونکە سوننەتی پێغەمبەر( d ) بە گوفتارو کردارو.. هتد،ەوە توشی گۆڕانکاریو لاڕێیی پێ کردنێکی زۆر بۆتەوە، لەلایەن ئەهلی بیدعەو بێدینەکانەوە، بەڵام زانایان یاساو ڕێسا گەلێکی جوانو چاکیان دانا، بۆ سەر لەنوێ پاڵفتەکردنەوەی سوننەت، ڕەزاو ڕەحمەتی خوا بڕژێت بەسەریاندا بۆ خۆیانو کارو کرداری پاكو بەجێیان.

ئەمە لەسەرەتادا، پاشان ئەم کارە درێژەی کێشا، هەتا دوایی، کە لەم دواییانەو لە ئێستاشدا زانایانو مامۆستایانی بەڕێز کتێب گەلێکی جوانیان لەو بارەیەوەو بەڕێکخستنێکی نوێترو داڕشتنێکی جوان و بە پێزترەوە داناوە، خوای گەورە پاداشتی ئەمانیش بداتەوە کە توانیویانە ئەو زانستە پیرۆزە وەك خۆی بهێڵنەوەو پەرەیشی پێبدەن، جا یەکێك لەو کتێبە بەنرخانەی ئەم دواییە کتێبی (تیسیر مصطلح الحدیث)ی (د. محمود الطحان)ە، کە یەکێکە لە کتێبە باشەکانی زاراوە ناسی کە لە نێوەڕۆکی کتێبەکەوە گەوهەرەکانی ناویت بە جوانتر بۆ ڕون دەبێتەوە، بۆیە بەندەش دوای سەیرکردنو لێکۆڵینەوە لەسەری بۆم دەرکەوت، کە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ کوردی جێگای سودی تامەزرۆیانی زانست دەبێت، إنشاء اللە. بۆیە پێی هەستامو –بِحَمْدِ اللهِ وَمُنِّهِ وَفَضْلِه وكَرَمِه– جێبەجێم کرد.

زانستی فەرموودەناسیی،و ئاشنابوون بە زاراوەکانی ئەم زانستە، یەکێکە لەو زانیارییانەی کە دەبێت، فێرخوازان ئاشنایبن!

لەم بوارەدا، پەڕتووکی، (تیسیر مصطلح الحدیث)، زۆر بەکورتیی، وپوختیی، ئەم زاراوانەی ڕۆشن کردۆتەوە.

لەکاتی وەرگێڕانەکەدا وشەی عەرەبیم زۆر دووبارە کردۆتەوە، ئەمەش تا کتێبەکە چێژە ڕەسەنەکەی خۆی هەبێت،و قوتابیش لەو وشانە سوود وەربگرێت،و حاڵەتی عەرەبییەکەی باشتر ببێت، چونکە ئەوانەی کە توێژینەوە لەسەر ئەم جۆرە کتێبانە دەکەن، کەسانی سەرەتایین. وە جگە لە مەیش لەهەندێ جێگادا ڕوونکردنەوەم زیاد لەوەرگێڕانەکەداوە،و جیام کردۆتەوە لێی، تا تێگەیشتنی زیاتربێت.

## بیۆگرافیای (الشیخ الدکتور محمود أحمد الطحان) دانەری کتێبی، (تیسیر مصطلح الحدیث)

ئەم زانا فەرموودەناسە پایەبەرزە، ناوی (الدکتور أبو حفص محمود بن أحمد الطحان الحلبي النعیمي)یە،و ڕەچەڵکی دەڕواتەوە سەر، ئالی بەیتی پاکی (عەلی کوڕی حسەینی کوڕی عەلی کوڕی ئەبوطالیب)، رضي الله عنهم.

### لە دایکبوون،و پێگەیشتنی:

(الدکتور محمود الگحان)، لە قەزای (باب)ی، سەر بە پارێزگای (حەڵەب)ی، وڵاتی (سوریا)، لەساڵی، (١٩٣٥)ی، زایینی، لە دایك بووە،و پاشان باری کردووە، بۆ شاری (مەنبەج)،و دواتر بۆ شاری حەڵەب،و لەنێو بنەماڵەیەکی ئایینی، وخواناسدا گەورە بووە، و(حاجی ئەحمەد طەحان)ی، باوکیی، پیاوێکی بەڕێز،و خۆش ئەخلاق بووە، ولای خەڵکیی خۆشەویست بووە،و سەرجەم منداڵەکانی خۆی لەسەر خۆشەویستی زانست،و زانایان پەروەردە کردووە.

### خوێندنی:

(الدکتور محمود الطحان)، سەرەتای خوێندنی لەقەزای (باب)، دەست پێکردووە،و دواتر لەشاری (مەنبەج)، درێژەی پێداوە،و




دواتر چووەتە دواناوەندی خوێندنی ئیسلامیی، لەشاری (حەڵەب)، و لە ساڵی (١٩٥٤)، تەواوی کردووە.

و پاشان دەستی کردووە، بە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، لەخزمەت، (الشیخ محمد نجیب خیاطة)، "رحمه الله"، ولە خزمەتیدا سەرجەمی قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە، کە بەیانیان لە مزگەوتی (خوسرەویە)، لە خزمەتیدا دەیخوێند،و لەماوەی دوو ساڵدا لەبەری کرد،و ئەمە، وشانبەشانی بەردەوامبوونی لە خوێندنەکەی لە دواناوەندی خوێندنی ئیسلامیی، لەشاری (حەڵەب)!

دواتر لەساڵی (١٩٥٦)، چووە کۆلێژی شەریعە، لەشاری (دیمەشق)،و لە ساڵی (١٩٦٠)دا، تەواوی کرد،و هەر پێش تەواو کردنی زاکۆیش ژنی هێناوە،و لە ساڵی (١٩٦١)، بەتۆبزی کراوەتە سەرباز!

### مامۆستاکانی:

(١). (الشیخ جمعه، أبو زلام).

لەساڵەکانی، (١٩٤٦)، بۆ (١٩٤٩)، لەشاری مەنبەج، لە خزمەتیدا خوێندویەتی، و دوای ئێرە چووەتە، مەدرەسەی (خوسرەوییە)، لە حەڵەب،و لەخزمەت، (الشیخ جمعه، أبو زلام)دا، (فیقهـ)،و (نەحو)،و (ألفیه ابن مالك)ی، خوێندووە.

– مامۆستاکانی، لەدواناوەندیی خوێندنی ئیسلامیی، لەشاری (حەڵەب)!

(٢). الشیخ عبد الوهاب سکر.

(٣). والشیخ محمد أبو الخیر زین العابدین.

(٤). الشیخ الفقیه محمد الملاح.

(٥). الشیخ محمد نجیب خیاطة، (شێخی قورئانخوێنان (القراء)ی، حەڵەب).

(٦). الشیخ الفقیه، محمد سلقینی.

(٧). الشیخ الفقیه اللغوی، محمد أسعد عبجی، (موفتی حەڵەب).

(٨). الشيخ الفقيه اللغوى، محمد ناجي أبو صالح.

(٩). الشيخ اللغوى، عبد الله حماد.
– مامۆستاكانى، لە (زانكۆى ئەزهەر)ى، ميصر:

(١٠). الشيخ الدكتور محمد محمد أبو زهو، رحمه الله، نووسەرى كتێبى (كتاب الحديث والمحدثون).

(١١). الشيخ الدكتور محمد السماحى.

## هاوڕێكانى:

– هاوڕێكانى، لەدواناوەندیى خوێندنى ئیسلامیى، لەشارى (حەلەب)!

(١) الدكتور عبد الله محمد سلقيني.

(٢) الدكتور محب الدين أحمد أبو صالح.

(٣) الشيخ عبد الوهاب ريحاوى.

(٤) الشيخ نجم الدين زين العابدين رحمه الله.

(٥) الشيخ عبد الحميد صلوح الأريحاوي،و هى تريش...

## قوتابییەكانى:

(الدكتور محمود الطحان)، قوتابى زۆرى هەبووە، بە تايبەت قوتابییەكانى لە(زانكۆى ئیسلامیى)، لەشارى (مەدینەى مونەووەرە)،و كۆلێژى شەريعە، لەزانكۆى، (الإمام محمد بن سعود الإسلامية)، لە (رياض)، وكۆلێژى شەريعە، وتوێژینەوە ئیسلامییەكان، لە زانكۆى كوەيت،و ئەمە،و سەرەڕاى دەيان قوتابى تر لە دەرەوەى زانكۆ،و كۆڕە خوێندەوارەكانى خۆى.

- چەند كەسێك، لە قوتابییەكانى:

(١) الدكتور عبدالرزاق الشايجي، ڕاگرى پێشووى كۆلێژى شەريعە، وتوێژینەوە ئیسلامییەكان، لەزانكۆى كوەيت.

(٢) الدكتور الداعية محمد العوضي.

(٣) الدكتور وليد الطبطبائي.

(٤) فهد الخنى، ئەندامى پەرلەمانى كوەيت.

(٥). الدكتور نهاد عبيد، لە (زانكۆى ئیسلامیى)، لەشارى (مەدینەى مونەووەرە)، لە خزمەتيدا خوێندويەتى.و هى تريش...

## كاركردنى:

(الدكتور محمود الطحان)، وەك پێشنوێژو گوتارخوێن، لەمزگەوتى (الزيارە)، لە(مەنبەج)،و چەندەها مزگەوتى شارى (حەلەب)دا، كارى كردووەو دواتر لە شارەكانى (الحفە)، و(اللاذقية)، لە سوريا، وەك مامۆستاى پەروەردەى ئیسلامیى كارى كردووە،و هەروەها لەخوێندنگەى دواناوەندى خوێندنى ئیسلامیى، لەشارى (حەلەب)،و خوێندنگە ئیسلامییەكانى ترى سوريا، تا سالّى (١٩٦٥) مامۆستايەتى كردووە!

و پاشان، لە(زانكۆى ئیسلامیى)، لەشارى (مەدینەى مونەووەرە)، بووەتە مامۆستاو شان بەشانى خوێندنى ماستەرو دكتۆراكەى، بۆ ماوەى "دە"، سالّ، وانەى (الحديث النبوي، ومصطلحه)ى، گوتۆتەوە.

لەسالّى (١٩٦٩)، لەسعوديە، ماستەرى خوێندووە،و دواتر لەسالّى (١٩٧١)، دكتۆراى لەفەرمودەدا، لەكۆلێژى (أصول الدين)ى، زانكۆى ئەزهەر، وەرگرتووەو ناوى دكتۆرانامەكەى بريتى بووە، لە (الحافظ الخطيب البغدادي، وأثره في علوم الحديث)، و ئەم دكتۆرانامەيە، لەسالّى (١٩٨١)دا، چاپكراوە.

پاشان لەكۆلێژى شەريعە، لەزانكۆى (الإمام محمد بن سعود الإسلامية)، لە(رياض)، بۆ ماوەى حەوت سالّ مامۆستا بووە،و هەر لەوێ،و لەسالّى (١٩٧٧)دا، ئەم كتێبە بە نرخەى، "تيسير مصطلح الحديث"ى داناوەو، هەر لەكۆلێژى شەريعە، لەزانكۆى، (الإمام محمد بن سعود الإسلامية)، لە(رياض)، كراوەتە مەنهەجى خوێندن،و دواى يەك، دوو سالّ، كتێبى، "أصول التخريج ودراسة الأسانيد"يشى داناوە، كە ئەميش ديسان كراوەتە مەنهەجى خوێندن، لەهەمان زانكۆ!

پاشان لەكۆلێژى شەريعە، وتوێژینەوە ئیسلامییەكان، لەزانكۆى كوەيت، لە سالّەكانى (١٩٨٢–٢٠٠٥)، وەك مامۆستاى فەرموودەى پيرۆز دەست بەكار بووە، واتە، تا تەمەنى حەفتا سالّى. پاشان گەڕاوەتە، بۆ شارى (حەلەب).

(الدكتور محمود الطحان)، دوو لەكوڕەكانى ماستەريان لەفەرموودەى پيرۆزدا هەيە.

ئەم زانا پايەبەرزە، چووەتە ميسر بۆ خوێندن،و چووەتە سعوديە،و كوەيت بۆ دەرس گوتنەوە،و چووەتە ئەڵمانياو ئەمريكا، بۆ كارى بانگەوازى ئیسلامیى،و ئێستا زياتر دانيشتووى شارى (حەلەب)ى، زەوى بەرەنگاريى،و موقاوەمەتو جيهادە!

(الدكتور محمود الطحان)، (١٤) جار، حەجى كردووە،و (٢٠)، بۆ (٣٠) جار، عەمرەى ئەنجامداوە!

(الدكتور محمود الطحان)، لەژيانيدا، سێ ژنى هێناوە.

## كتێبەكانى:

ئەم زانا مەزنە، چەندەها كتێبى هەن، كە ئێستا سەرچاوە،و بەردەستن، لە جيهانى ئیسلامیيدا، لەوانە:

(١) تيسير مصطلح الحديث. (ئەم كتێبەى بەردەستمان).

(٢) أصول تخريج الأحاديث، ودراسة الأسانيد.

(٣) الخطيب البغدادي.

(٤) من للسنة اليوم.

(٥) عناية المحدثين بمتن الحديث كعنايتهم بالأسانيد.

(٦) حجية السنة، ودحض الشبهات التي تثار حولها. بحث.

(٧) مفهوم التجديد بين السنة النبوية وأدعياء التجديد. (بحث في الرد على الدكتور حسن الترابي).

(٨) معجم المصطلحات الحديثية. بحث.

(٩) تحقيق الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع، للخطيب البغدادي: أحمد بن علي (ت ٤٦٣)، تحقيق المعجم الأوسط للطبراني (١١ مجلدا) طبع دار المعارف، بالرياضظ.

(١٠) تحقيق كتاب: الحديث على أبواب الفقه، للشيخ محمد بن عبدالوهاب، رحمه الله، حققه هو والدكتور خليل ملا خاطر، كل منهما حقق مجلدين.

## * گرنگیى ئەم كتێبى، (تيسير مصطلح الحديث)ە:

– ئەم كتێبە، كراوەتە مەنهەجى خوێندن، لە زۆر لەزانستگەكاندا، لەوانە:

(١) كۆلێژى شەريعە لەزانكۆى، (الإمام محمد بن سعود الإسلامية) لە (رياض).

(٢) كۆلێژى شەريعە، وتوێژینەوە ئیسلامییەكان، لەزانكۆى كوەيت.

(٣) كۆلێژى توێژینەوە عەرەبيى، و ئیسلامییەكان، لە(دوبەى)، و زۆر شوێنى تريش.

**– زانايان زۆر بەگرنگ باسيان كردووە،و زۆر جار بە دەرس گوتويانەتەوە.**

**– بەدەنگ لە سەر كاسێت، تۆمار كراوە.**

**– چەندەها جار چاپكراوەتەوە، لەوانە:** (چاپى "دار المعارف" لە"رياض"،و "دار التراپ" لە"كوەيت").

**– پەرچڤە كراوە، بۆ زمانەكانى، (ئینگلیزى،و فەرەنسيى)،و ئەوەتا سوپاس بۆ خوا (كوردى)يش.**

**– (الشيخ على بن نايف الشحود)، تەحقيقى كردووە،و پەراوێزى لەسەر نووسيوە،و ناوى ناوەتە، (فتح المغيث، في التعليق على تيسير مصطلح الحديث).**

**– دانەرى ئەم كتێبى (تيسير مصطلح الحديث)ە، سەبارەت بەم پەراوەى دەڵێت:** سوپاس بۆ خواى پەروەردگار، ئەم كتێبەم لاى قوتابيانى زانستە شەرعييەكان بە گشتيى جێگاى بايەخ پێدانە، بە تايبەتى لە لاى ئەو قوتابيى،و فەقێيانەى كە زياتر بايەخ بە فەرموودەناسى دەدەن، هەر بۆيەش لەسالّى (١٩٧٧) بە دواوە، كە چاپى يەكەمى دەرچوو، تا ئێستا حەوت جار زياتر چاپكراوەتەوە! ديسان سوپاس بۆ خواى پەروەردگار.

بەندەى لانەوازيش كە كردوومەتە كوردى، تائێستا دوو جار چاپكراوەتەوە، چاپى يەكەمى لەسالّى (٢٠١٠)،و لەلايەن كتێبخانەى حاجى قادرى كۆيى لەهەولێر،و چاپى دووەم، لەسالّى (٢٠١٣)،و لەلايەن كتێبخانەى (نارين)، هەر لەشارى هەولێر، ديسان سوپاس بۆ خواى پەروەردگار.



# بنەماڵەی محمد

## (درودی خوای لەسەر بێ)

**شیعری: ئیمامی شافیعی***

**وەرگێڕانی :مستەفای سەیدمینە- سەنگەسەر**

**دڵم هات و هاواریەتی و وا بە کەسەر ئاخنراوە**
**شەو و ڕۆژم لێ تێکچووە، خەو لە چاوانم تۆراوە**
**خۆزگە کەسێك نامەیەکمی دەگەیاندە دەستی حوسێن**
**با تووڕە و نارەحەتیش بن نەیارانی لە گشت لاوە**
**سەریان بڕیوە بەبێ تاوان، کراسی شەلاڵی خوێنە**
**هەر دەڵێی لە ئاوی سووری ئەرخەوانێ وەردراوە**
**شمشێر غەدری لێ دەکردو، ڕم خرمەی خەمی لێ دەهات**
**ئەسپیش دوای ئەوەی دەیحیلاند، دەینالاند و دەکڕووزاوە**
**سەرانسەری دنیا لەرزی لەسوێ بنەماڵەی موحەممەد**
**هەربینە شاخیش تێگەیی چ کارەساتێك ڕوویداوە !**
**ئەستێرە خۆیان شاردەوە و مچورکی خەفەت دایگرتن**
**دنیا بوو بە تاریکستان لەو قەباحەتەی کراوە !**
**سەڵاوەت لە پێغەمبەری ئالی هاشم دەدەن، کەچی**
**کوڕەکانیشی دەکوژن، سەرم لەو کارە سوڕماوە!**
**گەر خۆشەویستیی بنەماڵە و کەسی موحەممەد تاوان بێ**
**تۆبە لەو تاوانە ناکەم هەتاکو هەناسەم ماوە**
**هەڵبەت لەڕۆژی حەشردا ئەوان تکاکاری منن**
**کاتێك خەڵك لەنێو گێژی بەلا داماو و تێماوە!**




مانای چەند وشەیەك:

هەڵبەت: بێگومان

کەسەر: خەمی گران

ئاخنراوە: پڕپڕ کراوە،سیخناخ کراوە

شەلاڵ: نقوم، غەرق

هەربینە: هاکا، زۆری نەماوە

قەباحەت: کاری زۆر درێوو بەدو ناقۆلا

تێماو: گیر خواردوو، پێوەبوو

لە سوێ: لەتاو، لە عەزرەت

* دیوان الامام الشافعی ل٧٣-٧٦

### لەیادی نەمراندا مامۆستا (عبدالكرمی مدریس )



# هەشت ساڵە بەجێت هێشتووین بەڵام هەر لەیادمانی

د.عرفان رشید ــ مامۆستای زانكۆ- بەرپرسی لیژنەی فەتوای سلێمانی

کێ هەیە لە ڕۆشنبیران و زانایان لە کوردستانی گەورە و چەندین وڵات کە ناوی مدرسی گەورە مامۆستا عبدالكریمی مدرسی نەبیستبێت، کێ هەیە کتێبە گەورەو بەنرخەکانی ئەم پیرە گەورە و ئەم مەردە لێبڕاوەی نەخوێندبێتەوە، هەرکاتێك دەست بۆ ڕاڤەی ئایەتێکی قورئانی ببرێت تەفسیری نامی سەرچاوەی متمانە پێکراوەو، بۆ تێگەیشتن لە سەرچاوەکانی تشریع لەسەرڕاڕەوی پێشەوا شافعی شەریعەتی ئیسلام ڕێنمونکارە و بۆ تێگەیشتن لە عقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت



لێکۆڵینەوەکانی لەسەر عقیدەی مەرزیە و فزیلە و فوائحی مەولەوی بەهەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی دەروازەیەکی ئارامە کەبێ دوودڵی مرۆڤ ئەگەیەنێتە بەختەوەری و لە گرێ کوێرەکانی بەردەم عقیدە ڕزگاری دەکات، لەبواری ئەدەب دا بوە میراتگری مەولەوی و نالی و محوی و بێسارانی بۆ ناساندنی شیعرەکانیان بەنەوەی نوێ.

ئەم پیرە زانایە لە کوردستانەوە بۆم و بەرامی بڵاوبویەوە، لە گوندی گوێزەکوێرەی مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر لەمنداڵیەوە ئومێدی خێری لێ ئەکرا چونکە سۆفی محمدی باوکی مەبەستی بووکە ئەم کوڕەی ببێتە فەقێ و پاشان زانایەك کەلەگوندێکا خزمەت بکا، بەڵام نەك هەر لە گوندا بەڵکو لە شارو لە وڵاتانا بوە ڕۆژی پرشنگدار، بوە مەرجەع و پەنای زانا و فەقێو هەژاران.

بە مناڵی کۆچی دوایکرد، بەڵام بە هۆی عارفی گەورە شێخ علاءالديني بيارە – قدس سره– بردیە لای خۆی و چاودێری کرد، پێداویستی ژیانی بۆ دابین کرد، بوە هاوکار و ڕێنوێنی کاری، بەفیراسەتی پڕ لە نوری خوایی دەرکی کردبوو کە ئەم فەقێتوانا (عبدالكریم)ە دەبێتە زانایەکی هەڵکەوتوو، أستاژێکی بە وەقر و تەمکین، خاوەن قەڵەمو پێنوس ی بەبڕشت، پێگەیەنەری سەدان و زاناو ڕۆشنبیر...

ساڵ هات و ڕۆیشت لەم گوندە بۆ ئەو گوند لەم شار بۆ ئەو شار، بەنەبونی و هەژاری،

دەیان كتێبی پەڕە زەردی خوێندو نوسیەوە، دەیان پەراوێزی لەبەركرد، چەندین مەتنی تاوتوێ كرد، لە ڕێزمانی عەرەبیەوە بۆ زانستی لۆژیك و لەوێشەوە بو دەریای عقیدە و فەلسەفەو زانستەكانی قورئان و حدیپ و ئادابی بەحس و منازەرە و أصولی فقە و گەردوون ناسی و أسكرلاب و ئەندازیاری و تاوتوێ ی بابەتە فیقهیەكان، پاشان قاڵ بووە لە سەرجەم زانستە (نەقڵی و عەقڵیەكان)، پاشان ڕۆشتن بەرەو خاڵی متمانە وەرگرتنی گەورە زانایان، بۆ ئەم مەبەستەش مەڵبەندی سەرفرازی و بەدەست هێنانی بروانامە مزگەتە پیرۆزەكەی خانەقای مەولانا خالدی نەقشبەندی لە سلێمانی و وڵاتی بابان بو، لە خزمەت گەورە زانای كورد مامۆستا شێخ عمری قەرەداغی ناسراو بە (ابن القرداغی) چۆكی داداو تینوێتی زانستەكانی لە خزمەت ئەم زانا گەورە داشكاو لە ساڵی ١٩٢٤ بڕوانامەی زانستی وەردەگرێت و ئەبێتە جێگای ئومێدی مامۆستا زاناكەی (ابن القرداغی)و سەرجەم خەڵكی ناوچەكە:-

## دەستپێكی وانە وتنەوەو ڕێنوێنی موسوڵمانان

گوندی نێرگسە جار باوەشی بۆ ئەم زانا بەرێزە دەكاتەوە و گەروەی وانەوتنەوە هەمولایەكی گوندەكە پڕدەكاتەوە، وورییی و دڵسۆزی مامۆستا عبدالكریم سەرنجی گەورە شێخی بیارە شێخ محمد علاوالدین ڕادەكێشێت و بەنامەیەك داوەتی بیارەی دەكات تا ئاوەدانی زیاتربخاتە ئەو مەدرەسەوەكە (أسست علی التقوی)، مامۆستاش ئەم داوایە بەخۆشحاڵیەوە وەردەگرێت و مامۆستا ئەبێتە چراو نزیكەی (١٠٠) فەقێش دەبنە پەپولە و لەخزمەتیا ئۆقرە دەگرن وە ئیتر بیارە پێ دەنێتە قۆناغێكی نوێ ئەبێتە رووگەی زانستخواهان و ڕوناكبیران، پێ ئەنێتە قۆناغێكی باڵا كەبە أزهری كوردستان ناودەردەكات و دەرچووانی ئەم أزهری كوردستانە بە هەموو لایەكی وڵاتی كوردانـدا بڵاودەبنەوە و خزمەت دەكەن.

ئەم مامۆستا مەردە دێتە سلێمانی و لە مزگەوتی حاجی حان چەند ساڵێك ئەمێنێتەوەو نەوەژیرو ڕوناكبیرەكانی شار دەوری ئەدەن لەم شارەی مەولانا خالیدی نقشبندی و شێخ معروف دا ئەبێتە سەرچاوە بۆ زاناو فەقێكانی شار چەندین بڕوانامە ئەبەخشێت و دواتر بەرەو شاری كركوكی كوردان تەشریف ئەبات و قوتابیانی ئەم شارە وەكو گرە بەتینەكەی باباگوڕگوڕ لەدەوری ئەم پیرە دەستگیرە بازنە دەبەستن‌و لەزانست و ئەدەب و مەعریفەتی مامۆستا بەهرە مەندئەبن ...

پاش چەند ساڵێك مانەوەی لەكركوك ئیتر بەرەو بارەگاو مزگەوت و مەدرەسەی گەیلانی-قدس سرە- بەڕێدەكەوێت و دانیشتن لە بەغدا ئەبێتە كۆتا شوێنی مامۆستا و، مانەوەی لە بەغدا بۆ ماوەی ٤٥ ساڵ بووە پێشاندەری سەرجەم هەوڵ و تواناكانی مامۆستا، دەیان كتێبی بەچاپ گەیاندن كە خۆیان لە ٧٥ كتێب دەبیننەوە، وێڕای وەڵام دانەوەی سەدان پرسیاری شەرعی و بەخشینی دەیان بروانامە سەرەنجام لە نەفەسێكی پیرۆزی زیادتر لە سەدەیەك لە بەرواری ٢٠٠٥/٨/٢٥ كۆچی دوایی كردو گەڕایەوە بۆ لای پەروەردگاری...



## دوا وتە :

هیوادارین حكومەتی هەرێم و كاربەدەستان هەوڵی هەموو هاوڵاتیەك بەرزبنرخێنێت بە تایبەتی زانایانی ئایینی ئیسلام كەلە هەمو سەردەمێكا خۆیان پێشەواو پێشەنگی خەباتی سیاسی و ئاینی و ڕۆشنبیری بون، لەناویشیان دا مامۆستا ملا عبدالكریمی مدرس كە بەداخەوە لەكاتی كۆچ كردنیدا هیچ بایەخێكی پێ نەداو ئەوا ٨ ساڵیشە بەجێی هێشتوین هیچ فیستڤاڵێكی شایستەی بۆ نەكراوە ! ! ! لە كاتێكیدا ئەو خزمەتانەی كە مامۆستا كردونی شایەنی دەیان كوڕ و فیستڤاڵ و مێزگردە، بەڵێ ٨ ساڵە مامۆستای مدرس بە جێی هێشتووین بەڵام بە وانە و كتێب و ئامۆژگارییەكانی بەردەوام هەر لە ناوماندایەو هەمیش ئێمەی فەقێ و قوتابی مامۆستا لە خەیاڵ و بیركردنەوەمان دا گوزەر دەكا.

# موفتی‌و زانای ناوداری جیهانی ئیسلامی
# ماموستا مەلا عبدالکریمی مودەریس

ئامادە کردنی: مەلا محمد بەرزێوەی* barzewae84@gmail.com

مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە پیاوە مەزن‌و بلیمەتانەی کوردە، کە نووسەرو زانایەکی گەورەی سەدەی بیستەمەو زیاتر لە ٦٠ پەرتووکی زێدە بەنرخی ئایینی‌و وێژەیی‌و کۆمەڵایەتی بڵاو کردۆتەوە، هەر هەمووشیان دەچنە خانەی لێکۆڵینەوەی زانستی هەمەلایەنی‌و خودایی‌و دونیاییەوە.

کتێبەکانی ماموستا بریتین لە تەفسیری قورئان بەشێوەیەکی ئێجگار فراوان و بەزمانی کوردی و عەرەبی، هەروەها ساغکردنەوەو شیکردنەوەی چەندین شاکاری شیعری مەزنی کلاسیکی کوردی، نموونەی مەولەوی، نالی، مەحوی، فەقێ قادری هەمەوەندی و چەند شاعیرێکی دیکەش، وەهەروها چەندین پەرتوکی تری بواری فقهی‌و موعەزە و بواری تر..

ژیاننامە مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە بەهاری ساڵی ١٩٠١دا لە گوندی تەکیەی سەر بەشارۆچکەی خورماڵ هاتووەتە دنیاوە و ناوی تەواویشی (عەبدولکەریم محەمەد فەتاح)ەو سەرەتا خوێندنیشی بە قورئان‌و پەرتوکە ئایینییەکان دەستپێکردووەو ساڵی ١٩١٣یش سەرەتاکانی نەحو سەرفی خوێندووە.

لەسەرەتای هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیشدا لەمزگەوتی مەڵکەندی شاری سلێمانی نیشتەجێ بووەو دەستی بەخوێندنی پەرتووکی شەرحی جامی کردووەو دواتر چووەتە مزگەوتی مەلا محەمەد ئەمین بالیکەدەری و لەساڵی ١٩٢٤یشدا لە ئاهەنگێکی فراواندا لەشاری سلێمانی مۆڵەی مەلایەتی وەرگرتووە.

کاروانی ژیانی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس لەساڵی ١٩٦٠ لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغدا بەناونیشانی "مودەریس" دامەزراوە، زیاتر لە ٥٠ فەقێ لەسەردەستی مۆڵەتی زانستییان وەرگرتووە، هەر لەو کاتەوە بەبێ پشوودان خەریکی وانەوتنەوە بووە لە زانستە شەرعی و وێژەی‌و عەرەبییەکاندا.

مەلا عەبدولکەریمی مودەریس چەندین پەرتووك و بەرهەمی وەك نووسینەوەی ژیان و بەسەرهات و شیعری چەندین شاعیری وەك مەولانا خالید و "شێخ عوسمان‌و سەراجەدین"ی بڵاوکردووتەوە، هەروەها چەندین شیعریشی لەژێر نازناوی "نامی"دا بڵاوکردۆتەوە، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بەکوردی کردنی فیقهی ئیسلامی و



تەفیسری قورئانی پیرۆز و تەجویدەکەیدا. نموونەی ژمارەیەك لە پەرتووکە بەنرخەکانی مامۆستاش بەزمانی کوردی ئەمانەن:

یادی مەردان لە دووبەرگدا، بنەماڵەی زانیاران، ژمارەیەك پەرتووك لە بارەی شەریعەت و ئیسلامەوە، کۆمەڵە شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، تەفسیری نامی حەوت بەرگ، مەکتوباتی کاك ئەحمەدی شێخ چوار بەرگ، عەقیدەی مەرزیەی مەولەوی، دیوانی نالی، دیوانی مەولەوی، دیوانی مەحوی و چەندین پەرتووکی دیکەشی بەزمانی کوردی و عەرەبی و فارسی نووسیوەو بڵاوی کردۆتەوە.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستی عێراقیشدا بە زانایەکی گەورە ناسرابووە و خاوەنی توانای فتوای ئایینی بووە، بۆیە چەندین ساڵ پۆستی سەرۆکایەتی "رابطة علماء العراق"ی بەدەستەوە گرتبوو، لەوەش گرنگتر لەم ساڵانەی دوایی ٣ هەزار زانای ئایینی سوننی ڕێڕەو کە لە هەموو پارێزگاکانی عێراق هاتبوون و لە بەغدا کۆبوونەوە، بەبێ بەشداریکردن و ئاگاداری خۆی جەنابی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بە سەرۆکی (الأمين العليا للافتاء والتدريس والبحوث والتصوف) هەڵبژێردرا، بەڵام لەبەر ئەوەی باری تەندروستی نالەباربووە ئەو پۆستەی ڕەتیکردبۆوە.

وێڕای ئەوەی ماوەیەك ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری عێراق –دەستەی کورد– بووە، هەروەها باوەڕپێکراوی کۆڕی زانیاری وڵاتی ئوردونیش بوو.

مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لەتەمەنی ١٠٤ ساڵیداو لەکاژمێر ١٢ی شەوی ٢٩ لەسەر ٢٠٠٥/٠٨/٣٠ لە شاری بەغدا کۆچی داویی کرد.

هەندێك لەبەرهەمەکانی:

١. باخچەی گوڵان، ٢. بارانی ڕەحمەت، ٣. بەهارو گوڵزار، ٤. بنەماڵەی زانیاران، ٥. بهارستان مولانا جامی، ٦. تەصریفی زنجانی، ٧. تەفسیری نامی (لە چەند بەرگێکدا)، ٨. سەناو سکاڵا، ٩. حەج نامە، ١٠. خوڵاصەی تەفسیری نامی، ١١. دانشمندان کرد– در خدمت علم ودین (فارسی)، ١٢. دوو رستەی مرواری، ١٣. دیوانی فەقێ قادری هەماوەند، ١٤. دیوانی مەحوی، ١٥. دیوانی مەولەوی، ١٦. دیوانی نالی، ١٧. ڕۆژگاری ژیانم، ١٨. ڕۆژگای بەهەشت، ١٩. ڕێگای پێغەمبەر، ٢٠. سەرچاوەی ئایین، ٢١. سۆسەنی کۆسار، ٢٢. شەریعەتی ئیسلام – لە ٤ بەرگدا، ٢٣. شەمامەی بۆندار، ٢٤. شەوچرا، ٢٥. شمشێر کاری، ٢٦. شەرحی (عەقیدەی مرضية)ی مەولەوی، ٢٧. شەرحی (فوائد الفوائح)ی مەولەوی کە عەقیدەمانەیەکە بەفارسی، ٢٨. کەراماتی حضرة ضياء الدين "قدس سره"، ٢٩. لەپەنای پێغەمبەر، ٣٠. لیمۆی مەزەدار، ٣١. مەولودنامەو میعراجنامە، ٣٢. نوسراوەکانی کاك احمدی شیخ، ٣٣. مناجات (پاڕانەوەکان)، ٣٤. نامەی بەختیار، ٣٥. نامەی پیرۆز، ٣٦. نامەی هۆشیار، ٣٧. نامەی بۆدار، ٣٨. نووری ئیسلام، ٣٩. نووری قورئان، ٤٠. هۆنراوە لەپەنای پێغەمبەر و یاوەرانیدا، ٤١. وەفات نامە، ٤٢. وەنەوەشەی نازدار، ٤٣. وتاری ئایینی، ٤٤. یادی مەردان (دوو بەرگ)، ٤٥. ئەساسی سەعادەت(بناغەی بەختەوەری)، ٤٦. ئیمان وئیسلام.

هەزار هەزار درود لەگیانی پاکی تاجی سەری مەلاکانی کوردستان و مفتی عێراق ماموستا ملا عبدالکریمی مدرس ، زانای ربانی‌و موجاهید، کە شافعی، اشعری، صوفی، بوو..

زانیاری زورم بو ئەم بابەتە لەماڵپەری مەدینە وەرکرتوە.

* ماجستیر لە دیراساتی قورئانی

# بەدەل حەج و عومرە

عمر أحمد نظامي Nizami100@hotmail.com



لەژمارە (٧٤)ی پەیامی زانایاندا بابەتێکی فیقهی بەراوردم بە ناونیشانی (دووبارە کردنەوەی عومرە) بڵاوکردەوە، بە هیوایش بووم لەسەر ئەو جۆرە باسانە بەردەوام بم، بەڵام بۆم نەرەخسا.

ئەم جارەش دەمەوێت بێمەوە خزمەت گۆڤارەکەو خوێنەرانی بەڕێزی بەباتێکی تری فیقهی بەراورد بە ناونیشانی (بەدەل حەج)، کە ماوەی چەند ساڵێکە لە کوردستاندا زۆر بووە، هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەسانێکی زۆر هەن، بۆیان نەگونجاوە ئەو رووکنە پیرۆزە بەجێ بێنن، ئێستایش زۆرینەی خەڵك –والحمد لله– دەوڵەمەندن و دەیانەوێ حەج بۆ مردوانیان بکەن. ئایا ئەم دیاردەیە چەندێکی شەرعییە و چەندێکی نا شەرعییە؟.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بەوردی رای هەر چوار مەزهەبەکەم تەماشا کردووەو، دەمەوێ –پشت بەخوا– بەکورتی باسی بکەم لەم خاڵانەدا:

## رای بەهێزی هەر چوار مەزهەب

أ– دروست نیە کەسی لەشساغو بەتوانا، وەکیل بگرێت بۆ حەجی فەرز –حجة الإسلام– ئەمە رای هەر چوار مەزهەبەو جێی خیلاف نیە. چونکە حەج عیبادەتێکی ماڵیو لاشەییەو نابێ بەبێ بەهانەی شەرعی کەس جیگای کەس بگرێت؛ وەك چۆن دروست نیە کەس نوێژی فەرز لەجێی کەسی تر بکات. وەك قورئان دەفەرموێ: ﴿ وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ﴾ النجم/ ٣٩.

ب– دروستە حەجی فەرز بکرێت بۆ مردوو، پەککەوتوو، بەمەرجێك پەك کەوتنەکەی بە جۆرێك بێت بە تەمای چاك بوونەوە نەبێت هەتا مردن. دروستە بریکارەکە پیاو بێت یان ئافرەت؟ بەمەرجێ لەکاتی ئیحرامدا نیەت بۆ مردوو، یان پەککەوتووەکە بهێنێت. بەبەڵگەی ئەم فەرموودە:

"عن ابن عباس أن امرأة من خثعم قالت: يارسول الله، إن أبي أدركته فريضة الله في الحج شيخا كبيرا لا يستطيع أن يستوي على الراحلة، أفأحج عنه؟ قال:نعم"[١].

واتا: ئافرەتێکی خەسعەمی وتی: یارسول الله باوکم حەجی کەوتۆتە سەرو، ئەوەندە پیر بووە خۆی لەسەر وڵاخ ناگرێت، ئایا حەجی بۆ بکەم؟ فەرمووی بەڵێ.

لەم بارەوە زۆر فەرموودەی تریش هەیە ئەم مەبەستە دەگەیەنێت بوار نیە باسیان بکەین.

بەڵام لای حەنەفیەکان دەبێ بریکارەکە لەشوێنی نیشتەجێ بوونی مردوو، یان پەککەوتووەکەوە بچێت بۆ ئەو حەجە[٢].

لای حەنبەلییەکانیش لەشوێنی واجب بوونیەوە لەسەریان "ماناى ئەگەر لەسلێمانی واجب بووبوو" دەبێ بریکارەکە لەوێوە بچێت[٣].

کەوابوو لای حەنەفیەکان و حەنبەلییەکان دروست نیە لەمەککە کەسێکی بۆ بگیرێت، –وەك ئەمڕۆ دەیکەن– مەگەر پارەکەی کەم بێتو بەش نەکات لە وڵاتی خۆیەوە بۆی بگرن، لەو حاڵەتەدا لەبەر ناچاری دروستە[٤].

بەڵام لای شافعییەکان: دروستە کەسێکی مەککەیی حەج و عومرە بکات بۆ کەسێکی دەرەوەی مەککە (آفاقي)، بەڵام دەبێ لە میقاتی حەج بۆ کراوەکە ئیحرام ببەستێ، ئەگەر وای نەکرد دەبێ فیدیەش سەربڕێ و، بە ئەندازەی ئەو رێگەیش لەکرێکەی داشکێنێ، ئەمەیش وتەی بەهێزی مەزهەبی شافعییە.

بەڵام شێخ جەمالی (طبری) دەفەرموێ دروستە مەککەیی هەر لەمەککە ئیحرام ببەستێ بۆ بەدەل حەج، هیچیشی لەسەر نیە.

شیروانی لەسەر توحفە دەفەرموێ: مەککەیی ناچارن تەقلیدی ئەم فتوای جەمالی (طبری)ە بکەن هەتا گوناهبار نەبن، لەبەدەل حەجەکانیاندا بۆ خەڵکی دەرەوە ی مککە[٥].

عومرەی فەرزیش لای ئەوانەی دەڵێن: واجبە –وەك شافعی و حەنبەلییەکان– هەمان حوکمی حەجی فەرزی هەیە.

ئێمە دەتوانین بەم فتوایە، مەککەیی بکەین بەوەکیلو، هەر لەمەککە ئیحرام ببەستێ بۆ بەدەل حەجەکانمان.

بەڵام ئەوەی گرنگە لەمەزهەبی شافیعیدا ئەوەیە: دەبێ بریکار، ناسراوو جێگای موتمانە بێت[٦].

نەك وەك ئەمڕۆ کە ئەو پارەی لەڕێی بەڵێندەرەکانو خەڵکی تریشەوە هەواڵە دەکرێت بۆ حەج و عومرە، زۆربەی زۆری نازانین بە کێ دەدرێت؟ واتا وەکیل نەناسراوەو، جێی موتمانە نیەو دروستنیە پارەی پێ بدرێت.

بۆیە دەتوانم بڵێم: زۆرینەی ئەو بەدەل حەجانەی ئەمڕۆ نادروستە بەلای هەر چوار مەزهەبەکەوە، وەك روونمان کردەوە، بەڵام بووە بە شتێکی چاولێکەریو کۆمەڵێکیش بازرگانی پێوە دەکەن، لێرەو لەوێ.

ج– لای شافعییەکانو زۆرینەی زانایان: هەرکەس خۆی حەجی فەرزی لەسەربوو ناتوانێ حەج بۆ کەس بکات، ئەگەر کردیشی دەکەوێتە بری فەرزەکەی خۆی، بەبەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەر( ﷺ ):

"عن ابن عباس: أن النبي( ﷺ ) سمع رجلاً يقول: لبيك عن شُبْرُمة. قال: حججتَ عن نفسك؟ قال: لا. قال: حُجَّ عن نفسك، ثم حج عن شبرمة"[٧].

واتا: ابن عەبباس دەڵێت پێغەمبەر( ﷺ ) گوێی لێ بوو پیاوێك دەیوت: (لبَّيك) حەج دەکەم بۆ شوبرومە، پێغەمبەر( ﷺ ) فەرمووی: بۆ خۆت حەجت کردووە؟ وتی نەخێر، فەرمووی: حەج بۆ خۆت بکە، ئینجا حەج بکە بۆ شوبرومە.

بەڵام ئەوەشمان بیر نەچێت مالیکییەکان دەڵێن: لەم چوار حاڵەتەدا:

١– حەجی سوننەت بۆ لەشساغ.

٢– حەج بۆ پەککەوتوو، حەجی فەرزی کردبێت، یان نا؟.

٣– حەج بۆ مردوو، حەجی فەرزی کردبێت، یان نا؟.

٤– عومرە بۆ مردوو زیندووی پەککەوتوو، حەجی فەرزی کردبێت، یان نا؟.

لەهەموو ئەم حاڵەتانەدا، رای مەشهوریان ئەوەیە: حەج و عومرە مەکرووهە، پاداشەکەیشی بۆ ئو کەسەیە ئەنجامی داوە، واتا حەجکارەکە.

حەج بۆ کراوەکەیش ئەجرو پاداشتی ئەوەی هەیە، لەماڵ وسامانی خۆی کەسێکی بەڕێکردووە بۆئەو کاروانە پیرۆزە و، لە دوعاکانیدا بەشدارە.

بەڵگەیشیان ئەوەیە: حەج عیبادەتێکی لاشەیی یەو نادروستە کەس لەجێی کەس بیکا، وەك قورئان دەفەرموێ: ﴿ وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَـٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ﴾ النجم/ ٣٩.

بۆیە مالکییەکان دەڵێن: هەرکەس بەنیازە حەج، یان عومرە بۆ مردووی بکات " با لەجێی ئەوە خێرو قوربانی بۆ بکات.

ئەگەر مردووەکە وەسێتی کردبوو حەجی بۆ بکرێت، وەسێتەکەی جێبەجێ بکەن، واباشە کەسێك حەجی بۆ بکات خۆی حەجی کردبێت[٨].

بۆیە لەپەراوێزی فتوای مالکییەکاندا دەڵێم: ئەو پارانەی زۆرینەی جار دەدرێت بەحەج و عومرەی مردوویەك، کە واجب نەبووە لەسەری، یان حەج و عومرەی زیندوویەك کەچەن جارچووە، گەر ئەو مەبلەغە بەنهێنی بدرێت بەگەنجێکی نەدارا ژنی پێ بهێنێت، یان بە کرێچییەکی داماو، یان بە نەخۆشێك عیلاجی دردەکەی پێ بکات، یان بە مزگەوتیك بێ پارەیی وەستانوویەتی، یان بە مەلایەك کۆمە لێ کتێبی پێ بکڕێت، یان قوتابییەکی موسوڵمان خوێندنی پێ تەواوکات.یان.. یان..، ڕەنگە زۆر خێرتر بێت لەو سەفەرە بۆ مردوو، زیندوو. والله أعلم!.

د- حەج و عومرەی فەرز واجبە بکرێن بۆ مردوو، لەکەلەپورەکەی . گەر خۆی کەلەپوری نەبوو، واجب نیە لەسەر واریس بۆی بکات. بەڵام ئەگەر واریس کردی خێری دەگات. بێگانەیش دروستە بۆی بکات بەبێ پرسی واریس، فەرزەکەیشی لەمل دەکەوێت.

پەککەوتوویش واجبە لەسەری کەسێ بنێرێت حەجی فەرزی بۆ بکات هەرکات توانای ماڵی هەبوو.

پەککەوتوویش ئەوەیە: بەهۆی پیری، یان نەخۆشییەوە خۆی نەگرێت لەسەر ولاخ و، فڕۆکەو ماشێن، یان زۆر بە زەحمەتو مەینەت خۆی بگرێت، بەتەمای چاکبوونەوەیش نەبێت، بەوتەی دوو پزیشکی دادوەر[٩].

ئەگەر پەککەوتوو توانای ماڵی نەبوو، بەڵام کوڕێکی یان کچێکی یان ڕۆڵەیەکی ئەوان، خۆبەخشانە وتی من حەجت بۆ دەکەم، لای شافعییەکان: واجبە قوبوڵی بکات، هەروەهایە ئەگەر کەسێکی بێگانەیش خۆبەخشانە حەجی بۆ بکات بەلای وتەی (أصح)ەوە، چونکە منەتی تیا نیە.

بەڵام ئەگەر ئەو منداڵە، یان ئەو بێگانە، پارەیان دایە حەجی فەرزی پێ بکات، واجب نیە قوبوڵی بکات، چونکە منەتی تیایە[١٠].

هـ- بەلای وتەی (أصح)ی شافعییەکانەوە: دروستە حەجو عومرەی سوننەت بکرێت بۆ مردوو، ئەگەر خۆی وەسێتی کردبوو بۆی بکەن. واتا: ئەگەر وەسێتی نەکردبوو دروست نیە حەج و عومرەی سوننەتی بۆ بکەن.

لای حەنەفیەکانو حەنبەلییەکان دروستە حەجو عومرەی سوننەت بۆ مردوو با وەسێتیشی نەکردبێ[١١].

بەڵگەیشیان ئەم فەرموودەیە:

"عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّـهُ عَنْهَا أَنَّ رَجُلًا قَالَ لِلنَّبِيِّ صلَى الله عَلَيه وسلم إِنَّ أُمِّي افْتُلِتَتْ نَفْسُهَا وَأُرَاهَا لَوْ تَكَلَّمَتْ تَصَدَّقَتْ أَفَأَتَصَدَّقُ عَنْهَا قَالَ نَعَمْ تَصَدَّقْ عَنْهَا".

واتا: عائشە -ڕەزای خوای لێ بێت- دەڵێت: پیاوێك پرسی لە پێغەمبەر( a ): من دایکم بەکوت و پڕی گیانی سپارد، من وای دەبینم گەر فریای قسە بکەوتایە خێری دەکرد، ئایا خێری بۆ بکەم؟. فەرمووی بەڵێ.

ئایا باوكو دایکی زۆربەمان وانەبوو، گەر بۆیان بگونجایە حەجو عومرەیان نەدەکرد؟ ئەم فەرموودە بە سە بۆ بەهێزی بۆ چوونی حەنەفیو حەنبەلییەکان. کەوابوو هەر وەك چۆن دروستە دوعاو صەدەقە بۆ مردوو با وەسێتیشی نەکردبێ، ئاوایش دروستە عومرەی بۆ بکرێت.

بینا لەسەر ئەم بۆ چوونە دروستە ئەوانەی سەفەری حەج و عومرە دەکەن عومرەیش بکەن بۆ مردوانیانو، لەم کارە دوودڵ نەبن.

هەروەها پەککەوتوویش: دروستە جیگرێك بنێرێت حەجو عومرەی سوننەتی بۆ بکات[١٢].

هەر لەم باسەدا شافعییەکان دەڵێن: ئەگەر مردوو حەجی نەکردبوو، لەسەریشی واجب نەبووبوو بەهۆی هەژارییەوە، وەسێتیشی نەکردبوو، دوو وتەی دەربارە هاتووە :

یەکەمیان: دروست نیە حەجی بۆ بکرێت، چونکە واجب نەبووە لەسەری.

دووەمیان: دروستە حەجی بۆ بکرێت، چونکە بری (حجة الإسلام) دەکەوێت، وەك چۆن بۆ سوننەتی وەسێت پێکراو(أصح) وابوو دروستە[١٣].

ج- لای حەنەفییەکان و حەنبەلییەکان: دروستە بۆکەسێکی زیندوو، لەشساغ وەکیل بگرێت بۆ حەجو عومرەی سوننەت، چونکە درگای سوننەت فراوانترە، ئینجا سوننەت دەگونجێ هەر نەکرێت، کەوابوو بەجێگر کردنیشی هەر دروستە[١٤].

شافعییەکان دەڵێن: دروست نیە کەسێکی زیندوو، لەشساغ، وەکیل بگرێت حەج و عومرەی بۆ بکات، فەرز بێ، یان سوننەت؟.

(١) أخرجه البخاري، باب وجوب الحج، ح١٥١٣، ومسلم، باب الحج عن العاجز، ح ١٣٣٤.

(٢) بڕوانە: الهداية، ٢١٦/١، الإختيار لتعليل المختار، ٢١٩/١.

(٣) بڕوانە: المحرر في الفقه، ص١٤٦، منارالسبيل، ص٢١١.

(٤) الهداية ،٢١٦/١، المحرر في الفقه، ص١٤٦ .

(٥) بڕوانە: حواشي الشرواني وابن القاسم على تحفة المحتاج، ٥٠/٤.

(٦) بڕوانە: حاشية الهيتمي على الإيضاح، ص ١٠٩، حواشي الشرواني وابن القاسم على تحفة المحتاج، ٤٠/٤.

(٧) رواه أبو داود (١٨١١)، وابن حبان، (٢٩٨٨)، والطبراني (١٢٤١٩). بڕوانە: منارالسبيل، ص٢١١.

(٨) بڕوانە: التوضيح، ٤٩٦/٢، مدونة الفقه المالكي وأدلته، ٩٠/٢.

(٩) بڕوانە: حاشية الهيتمي على الإيضاح، ص١٠٩، حاشية اعانة الطالبين، ٢٨٦/٢.

(١٠) بڕوانە: روضة الطالبين، ٢٩٠/٢، مغني المحتاج ٤٦٩/١.

(١١) بڕوانە: المبسوط لشمس الأئمة محمد بن احمد السرخسي، (ت٤٨٣هـ) ١٤٩/٤، ط دار إحياء التراث العربى، ١٤٢٢هـ-٢٠٠٢م، الفروع، ٥٩١/١، ١٥٠/٢.

(١٢) بڕوانە: المجموع للنووي، ٨١/٧، مغني المحتاج، ٤٧٠/١، اعانة الطالبين، ٢٨٦/٢.

(١٣) بڕوانە: روچە الطالبين، ٢٨٨/٢، المجموع للنووي، ٨١/٧.

(١٤) الهداية، ٢١٦/١، المحرر في الفقه، أبو البركات عبدالسلام بن تيمية (ت ٦٥٢)، تح عبدالعزيز بن صالح، احمد الجماز، ص١٤٦، سبل السلام، ٨٢/٢.



# کورتەیەك لە ژیانی
# مەلا عبدالسلام حەیدەری

**محمد صابر محمد**



مەلا سەلام کوڕی مەلا محمدی کوڕی مەلا نەبی "سەلام محمد نبی" ناسراو بە (مەلا عبدالسلام حەیدەری)، لە ساڵی (١٩٢٧) لە ناحیەی (بێتواتە)ی بناری چیای (ماکۆك) لە خێزانێکی ئایین پەروەرو هەژار لە دایك بووە.

مەلا محمدی باوکی زانایەکی شارەزاو بە ناوبانگ بووە لە بواری زانستی ئایینیو بنەما شەرعیەکان.

مامۆستا مەلا سەلام هەر زوو رێچکەی باوکی دەگرێتو شان بە شانی دەیان سوختەو فەقێی تر دەست دەکات بە خوێندنی وانەی ئایینی لای باوکی، سەرەتا فەرهەنگی (ئەحمەد)ی کە فەرهەنگێکی کوردی–عەرەبییە دەخوێنێت، پاشان بە هۆی زیرەکیو لێهاتوویی خۆیەوە توانیویەتی لە ماوەیەکی کورتدا قورئانی پیرۆز بە تەواوی ئەزبەر بکاتو کتێبی (عوامل الجرجاني)ی لای باوکی تەواو بکات.

دوای ئەوە لە تەمەنی (١٣)ساڵان لە گەڵ مەلا(مەولود)ی چیوەیی دەچێتە لای مەلا (فتح الله) لە گوندی (هەرتەل)و لە وێ لەلای مامۆستا (ئەبوبەکر) شەڕکانی، کە ئەویش هەر فەقێ بووە دەست دەکات بە دەرس خوێندن.

یەکێك لە ئارەزووە هەرە دیارەکانی مامۆستا بە دەست خستنی زانیاری بووە، بۆیە لە دوای هەرتەل روو دەکاتە گوندی (سوێرە)و لە لای مەلا (عبدالرحمان) دووبارە دەست دەکاتەوە بە خوێندنو کتێبی (جامی) رێزمانی عەرەبی دەخوێنێت.

دوای ئەوە راستەوخۆ روو دەکاتە گوندی (سەردۆڵ) بۆ لای مامۆستا مەلا (سید محمد)ی شارویرانیو لەوێ زانستی (المنطق) دەخوێنی.

مامۆستا بەردەوام دەبێت لە گەشتە زانستیەکانیو ئەمجارە روو لە گوندی (نێوە) دەکاتو لە لای مەلا (ئەسعەد) درێژە بە خوێندن دەدات، جەنابیان ئەوەندە خولیای زانست بوون بۆیە بێ ماندوو بوون لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر لە مامۆستایەکەوە بۆ مامۆستایەکی تر گوزەر دەکات، ئەم جارە زیاتر دوور دەکەوێتەوە روو دەکاتە گوندی (هیران) لەلای مامۆستا مەلا (عەزیز) کە دەکاتە کوڕی (صافی) هیرانی شاعیر چوار ساڵ بە بێ وچان وانەی ئایینی دەخوێنێ، زۆر جار لە خزمەت (صافی) شاعیردا بووەو زۆر لە شیعرەکانی ناو براوی ئەزبەر کردووە.

مامۆستا کەسێکی خۆشەویستی ناو بنەماڵەی (صافی) شاعیر بووەو پەیوەندیەکی پتەویشی لە گەڵ شێخ مەلا (کاکە)ی کوڕی (صافی) هەبووە.

یەکێك لەو شیعرانەی صافی کە مامۆستا زۆر حەزی لێبوو ئەم شیعرە بوو:

**ئەی موتریبی حەریفان دەست کە بە نغمە خوانی**

**ئاوازی تۆیە بۆ دڵ وا دەفعەکا غەمانی**

مامۆستا کۆڵ ناداتو ئەم جارە سنوری ناوچەی خۆشناوەتیو تەکیەی صافی هیرانی بەجێ دەهێڵێتو بەرەو شارۆچکەی (کۆیە) بەڕێ دەکەوێتو دەچێتە خزمەت (مەلای گەورە)ی کۆیە، لەوێ لە لای جەنابی مامۆستا دەست بە خوێندن دەکات.

لەبەر زیرەکیو لێهاتویی مامۆستا، جەنابی مەلای گەورە زۆری خۆشویستووە بایەخی زۆری پێداوە من (نوسەر) رۆژێك لە خزمەتی

بووم باسی جەنابی مەلای گەورەی بۆ کردم وتی: کاتێك کە چووم بۆ کۆیە ماوەیەك لە وێ مامەوە ڕۆژێکیان مامۆستا (مەلای گەورە) لە باخچەی مزگەوت بە دەوری گوڵەکان دەسوڕایەوە منیش وەکو ئەوم دەکرد، دوایی بانگی کردم فەرمووی تۆ فەقێی لێرە؟ وتم: بەڵێ. وتی: گۆرانی دەزانی؟ یەکسەر دەستم کرد بە گۆرانی، فەرمووی: کوڕی کێی؟ وتم: کوڕی مەلا (محمد)ی بێتواتەم، ئینجا جەنابی فەرمووی: نیوەڕۆ لای مـن نـان بخـۆ بـەڵام ئێستا بـڕۆ بـۆ لای ئـەو مامۆستایەو(دەستی درێژ کرد بۆ کابرایەك) پێی بڵێ (حەمەدۆك) گوتی: نیوەڕۆ دوای نوێژی هەینی لای ئەو نان دەخۆین، منیش چووم وتم: مامۆستا حەمەدۆك وتی: نیوەڕۆ لای ئەوم ئەویش وتی: حەمەدۆك کێیە؟!

منیش دەستم درێژ کرد بۆ لای جەنابی مەلای گەورە، وتی: کوڕە ئەو قسانە چییە دەی کەی؟ ئەوە مەلای گەورەیە، منیش وتم: بۆ خوی وتی: حەمەدۆکم.

مامۆستا مەلا سەلام زۆر خولیای عیلمو عیرفان بووە بۆیە لە ساڵی (١٩٤٩) لەگەڵ مامۆستا مـەلا (حەسـەن) ئـەنگۆزی ڕوو دەکەنـە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ تەواو کردنی خوێندن دەچنە هەرێمی (مامە شان)و لەلای مامۆستا مەلا (محمد)ی بیرمەند لە گوندی (سەروکانی) دەست دەکات بە خوێندن پاشان دەچێتە گوندی (پەسوێ) بۆ لای مامۆستا مەلا (صالح)ی بادینیو هەر لەلای ئەویش مەلایەتی تەواو دەکاتو بڕوانامەی مەلایەتی (الإجازة العلمیة) وەر دەگرێت.

مامۆستا بە هۆی هەڵسوڕاوی لە ناو خەڵكو تێکەڵاوی لە گەڵ سیاسەت دەبێتە گەنجێکی لێهاتوو، دوایی دەچێتە (مهاباد)و لەوێ دەبێتە ئەندامی ژمارە (٧) کۆمەڵەی (ژ، ێ، ك).

بەهۆی لێزانیو زانایی لە ڕادەبەر پێشەوا (قازی محمد) دەیکاتە یەکەم سکرتێری خۆی لە بەڕێوەبردنی کارەکانی لە کۆماری (مهاباد)، جێگەی باسە مامۆستا هەر لەوێش ژیانی هاوسەری پێك دەهێنێت.

لە دوای ڕووخانی کۆماری (مهاباد) ڕوو دەکاتە ڕوسیاو ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە، پاشان دەگەڕێتەوە زێدی بابو باپیرانی کە بێتواتەو ناوچەی خۆشناوەتی دەکات.

لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا دەبێتە قازی شۆڕش، هەستی نیشتمان پەروەریو کوردایەتی بە تەواوی لە ناخیدا ڕیشەی دا کوتاوەو هەمیشە لە خزمەتی خاكو وڵاتەکەی دابووە، جگە لە خزمەتی زانستی ئایینی زیاتر لە (٣٥) ساڵیش خزمەتی مامۆستایەتی لە قوتابخانەدا بە ئەنجام گەیاندووە، منداڵانی کوردی لە سەر خۆشەویستی بۆ خاكو وڵات ڕاهێناوە.

زیاتر لە (١٥) ساڵیش بەڕێوەبەری قوتابخانە بووەو کەسایەتی بەر چاوی کوردستانو ناوچەکە بووە.

مامۆستا سەرەڕای ئەوەی شارەزاییەکی زۆری لە شەرعو زمانی عەرەبیدا هەبووە، لە هەمان کاتدا گەنجینەیەکی لە بن نەهاتوو بوو بۆ گەلەکەمان، چەندەها سوختەو فەقێی پێگەیاندووە.

جگە لە زمانی دایك زمانی (عەرەبیو فارسی) بە باشی زانیوە، هەروەها شارەزایی لە زمانی تورکیو ڕوسیشدا هەبووە،

بێجگە لە ڕووخۆشیو قسە خۆشیەکەی لە هەمان کاتیشدا خاوەنی توانایەکی بەرز بووە لە وتاربێژیو بەلاغەدا، بۆیەشە مامۆستا لە هەر مزگەوتێك وتاری هەینی هەبوایە خەڵکانێکی زۆر ئامادە دەبوون.

بە هۆی زیرەکی لێهاتوویی خۆی دۆستایەتی لە گەڵ چەند ناوچەو کەسایەتیەکی بەناو بانگ دروست کردووە، کە دیارترینیان خوا لێخۆش بوو (محمد باقر حکیم)و حەوزەی عیلمی (قوم)و (نەجەف) بووە، یەکێکیش لە خووڕەوشتە هەرە جوانەکانی مامۆستا بە سەرکردنەوەی خەڵکی هەژارو نەخۆشو پەککەوتەکان بووە، زیاتر لە (٢٥) بەرهەمی نوسراویشی هەیە، هەروەها زۆر لێکۆڵینەوەی لە بوارەکانی ئایینو مێژوو لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردۆتەوە.

بایەخێکی زۆر تایبەتی بە مێژووی گەلەکەمان داوە بەشێکی زۆری کاتەکانی سەر قاڵی توێژینەوە بووە، چەندان دیمانەی تەلەفزیۆنیو ڕادیۆیی لە گەڵدا ئەنجام دراوە بە تایبەت لە زۆر بواری کۆمەڵایەتیو مێژوو و فیکرو ئایین...هتد.

چەند نووسراوێکی مامۆستا:-

١- خەون نامەی کوردی.

٢- لایەنێکی ون بوو لە مێژووی گەلی کورد.

٣- میرانی خدر بەگ.

٤- شەوێك لەگەڵ خەیام (چوارینە).

٥- گوڵشەن چۆن فێری ئەم زمانە سێ ئەبێت (کوردی، عەرەبی، فارسی).

٦- سورمە خان (چاپ نەکراوە).

٧- شەوانی پیشاوەر (خەریکی وەر گێڕان بوو تەمەن ڕێگەی نەدا).

٨- میعراج نامە.

٩- مەولود نامە.

١٠- شێخی صەنعان.

١١- یوسفو زولەیخا.

١٢- تەفسیری قورئانی پیرۆز (تەواوی نەکرد).

چەندان بڵاو کراوەو بابەتی تری مامۆستا لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان بە تایبەت لە گۆڤاری زانایان بڵاو کردۆتەوە.

بە داخەوە مەرگ لەوە زیاتر ڕێگەی نەدا خزمەت بە نیشتمانو نەتەوەو ئایینەکەی بکات، لە ڕۆژی یەك شەممە ٢٠٠٧/٧/١٥ گەڕایەوە بەردەم بارەگای پەروەردگار.

**ژیانی دونیا دوو هەناسەیە**

**ئەویش پەژارەو دەردو تاسەیە**

**هێمای یا ودود بۆ ئەم باسەی**

**زاهید تێ ناگا هەر بۆ خاسەیە**

**لادە لە وێنە بگرە حەقیقەت**

**بڕۆرە دەریای نوری تەریقەت**

**ئەوسا تێدەگەی سڕڕی شەریعەت**

**دەبیە ئوستادی عیلمو مەعریفەت**

**چەندان سوقراتو ئەفلاتون هاتن**

**لە بەردەم کاری گەردوون هەڵاتن**

**یەك لانەبوەوە نهێنی گەردوون**

**لەم بارە ئێستا لە گۆڕیش ماتن**

سەرنج: بەسوپاسەوە وێنەی مامۆستای کۆچکردوو لەلایەن بەڕێز (صالح حەیدەری) بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان گەیشتۆتە دەستمان.

# لقی سۆرانی یەکێتی زانایان پێشوازی لەعەباس غەزالی دەکات



**راگەیاندنی لقی سۆران :** رۆژی ٢٠١٣/٨/١٩ بەئامادەبوونی بەرێز مامۆستا مەلا خالد مەلەکی بەرپرسی لقو ئەندامان وئامادەبوونی بەرێوەبەری ئەوقافی سۆران بەرێز مەلاوەیسی مەلاسەعید لقی سۆرانی یەکێتی زانایان پێشوازی بەرێز عەباس غەزالی کەسایەتی ناودارو پیاوماقولی سنورەکەو کاندیدی پەرلەمانی کوردستانی داهاتوو کرد.

ئەمەو لەدانیشتنێکدا باس لەرۆلو پێگەی مامۆستایانی ئاینیو مێژووی رابوردووی خەباتی نەتەوییان کراو، بەرهەمو ماندوبونیان بەبایەخەوە لەمەڕ پێش خستنی گیانی نەتەوەیو وشیارکردنەوەی خەلك هەلسەنگێنرا.

هەروەك هەلبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستانو، چالاکی پالێوراوەکان بۆگەشەکردنی بواری ئاینیو نەتەوەی لەکوردستانو بواری خزمەتگوزاریەکان سەبارەت پەڕلەمانێکی کاراخرایە بەرباس ولێکۆلینەوە.

شایەنی باسە دانیشتنەکە لە کەش وهەوایێکی برایانە کۆتای هاتو بوە جێگەی خۆشحالی هەردوولا.

# چالاکیێن ئێکەتیا زانایێن ئایینیْ ئیسلامیْ لقی زاخو



لروژا ٢٠١٣/٨/٧ یْ و لدەمژمێر (١١) سبێدیْ و لبارەگیْ رەوشەمبیری لزاخو لقامە پشکدار بی ل کومبونا هاتی ئەنجام دان ب ئادەبونا (٢٧) ریکخراوێن جڤاکی و پێشەیی و سەندیکاێن ل دەڤەرا زاخو و ل دوماهیا کومبینیْ بەیان نامەیەك راگەهاندن بو هەمی جهێن پەیوەندی دارو دەزگایێن راگەهاندنیْ، کوتێدا دیار کرن (ب توندی ئەو هێرشێن لسەر روژ ئاڤاییْ کوردستانیْ ژ لایێ (جبهە النصر)و گوروپێن توندرەو ب ناڤیْ ئیسلامیْ ئەم رسواو شەهمزار دکین)، و داخاز هاتە کرن ژ لایێ دەست هەلاتدارا ئەڤان کارێن تیرورستی بنبر بکن.

# ٦٠ مامۆستایین ئایینی ل ئاکری خەلاتکران




ل زنجیرا چالاکیان دهەیڤا رەمەزانا پیرۆزدا یین ریڤەبەریا ئەوقافا ئاکری ولقی ئاکری یا ئێکەتیا زانایین ئاینی ئیسلاما کوردستانی وە بهەفکاریا ریڤەبەریا گشتی یا ئەوقاف وکاروبارین ئایینی ل پاریزگەها دهوك (٦٠) مامۆستایین ئایینی هاتنە خەلاتکرن وەك ریزلینان بۆ رۆلی وان یی گرینگ وە ماندیبونا وان یا زیدە بتایبەتی دڤی هەیڤی دا دریورەسمەکیدا بئامادەبوونا ریزدار قائمقامی قەزا ئاکری وبەرپرسین حکومی وحزبی یین دەڤەری وە لئەنجامدا بۆ ب دلخوشیا مامۆستایان.

# لقی ڕانیە بەشداری ئێوارە خوانێکی لقی (١١)ی پارتی دەکات

**ڕاگەیاندنی لـق/** بەرواری (٢٠١٣/٨/٤)

ئەندامانی لقی ڕانیەی یەکێتی زانایان و بەرپرسی ناوچەکان و زۆرێك لەزانایانی دەڤەرەکە بەشداریانکرد لە ئێوارە خوانێك کە لقی (١١)ی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکی خستبوو بە بۆنەی شەوی قەدری مانگی ڕەمەزانی پیرۆز شایەنی باسە لقی (١١) خۆشحاڵی خۆی نیشاندا بە بەشداری لقی رانیەی یەکیتی زانیان.

هەر هەمان ڕۆژ شاندێکی لق بەشداری کرد لە پرسەی ماتەمینی (احمد حاجی زاهیر) کە دەکاتە برازای (ملاغفور) کە بە کارەساتی سەیارە کۆچی دوایی کردبوو.

# ناوچەی خەلیفانی زانایان هاوکاریو کۆمەکی بەسەر ٣٠٠ منداڵی بێ باوك دابەش دەكات




**راگەیاندنی لقی سۆرانی یەکێتی زانایان:** سەر لە بەیانی رۆژی ٢٠١٣/٨/٤ / لە ڕێوڕەسمێکدا ناوجەی خەلیفانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان هاوکاری بەسەر ٣٠٠ مندالی بیناز دابەشکرد.

لە رێورەسمەکەدا کە ژمارەیەك مامۆستای ئاینی وخەلکێکی زۆری سنورەکەو نوێنەرانی دام و دەزگا حزبی و ئیداریەکانی ئەو دەڤەرە ئامادەی بوون، وتاری ناوچە لەلایەن مەلا کامەران سەلام بەرپرسی ناوچە پێشکەش کراو، تیایدا چۆنیەتیو دەستپێکی بیرۆکە خێرخوازیەکەی بۆ ئامادەبوان خستەروو، هەروەها سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ خەلکی خێرومەندی سنورەکە دووپات کردەوە.

دواتر هەر بەو بۆنەوە لەلایەن مەلاوەیسی مەلا سەعید بەرێوەبەری ئەوقاف سۆران وتەیەك پێشکەش کرا کە بە یاوەری شاندێکی لق ئامادەی مەراسیمەکە بوون.

لە وتارەکەیدا رۆلی ناوچەی خەلیفانو زانایانی ناوچەکەی بە بایەخەوە لە مەڕ کارە خزمەتگوزاریو خێرخوازیەکانی ناوچەکە وەسفکرد.

شایەنی وتنە هەر لە ڕێوڕەسمەکەدا بڕی هاوکاریەکە کە بریتی بوو لە ٢١٠٠٠٠٠ بیستو یەك ملیۆن دینار بەسەر منالە بێنازەکان دابەش کرا، کە بووە مایەی خۆشحالی و جێگەی دوعای خێر بۆخێرو مەندەکان.

# چالاکیێن ئێکەتیا زانایێن ئایینیێ ئیسلامیێ لقی زاخو



ب هاریکاریا لقامەو رێڤەبەریا ئەوقافا زاخو ل شەڤا (٢٧) یێ ژ رەمەزانا پیروز ل ساخ کرناو بیرەوەریا شەڤا (لیله القدر) ل مزگەفتا جودی ل شاریێ زاخو و لدەمژمێر (١٠ ) یێ شەف، و ب ئامادەبونا ژمارەکا زور ژ دینداریێن جەماوەریێ زاخو و پشتی خواندنا چەند ئایاتێن قورئانا پیروز بەرپرسیێ لقامە جەنابی ( ملا احمد شرنەخی ) پەیڤەك پیشکێش کرو تێدا دیار کر بهاییێ و قەدرگرتنا ڤیێ شەڤیێ دمسلمانەتییێ داو گرنگیا ئێك گرتنا مللەتیێ کوردستانیێ دڤان کاودانادا..

# لقی سۆران سالیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆز دەکات

**راگەیاندنی لقی سۆران:** بەمەبەستی پیرۆزبای لەسالیادی تێپەڕبوونی ٦٧ سال بەسەر دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ،شاندێکی لقی سۆرانی یەکێتی زانایان بەسەرۆکایەتی مامۆستامەلاخالد مەلەکی بەپرسی لقو،ئامادەبوونی کارگێرو ئەندامانی لقو، هەروەهالێژنەناوچەکانی سۆرانو دیانای یەکێتی زانایان ،بەیاوەری مەلاوەیسی مەلاسەعید بەرێوەبەری ئەوقافی سۆرانو ژمارەیەك مامۆستای ئاینی، سەردانی بارەگای لقی ١٠ی پارتیانکردو بەگەرمی لەلایەن دکتۆر عەلی تەتەر بەرپرسی لق وئەندامانەوە پێشوازیان لێکرا.

ئەمەو بەوبۆنەوە شاندی لق پیرۆزبای خۆی ئاراستەی لقی ١٠ی پارتی کردو هیوای خواست سالیادی دامەزراندی حیزبێکی وەك پارتی خاوەن مێژوو وخەباتی نەپساوەی کوردایەتی ،ببێتە هێمای برایەتی و پێکەوە کارکردن لەپێناوسەرخستنی مافو داخوازیەکانی گەلی کوردو هەنگاونان بەرەو ئایندەیەکی روونترکەخۆی لەدەولەتێکی سەربەخۆ دەبینێتەوە کە ئەویش ئاواتی سەرجەم گەلی کوردە.

هەروەك شاندەکە دووپاتی پالپشتی و پشتگیری




زانایانیشی بۆکۆنگرەی نەتەوەی دووپاتکردەوە کەگرنگیوبایەخی خۆی هەیە لەیەکدەنگیو یەك هەلوێستی بۆسەرخستنی پرۆسەی سیاسی نەتەوەی لەسەرجەم پارچەکانی کوردستان.

شایەنی وتنەلەلایەن خۆیانەوە لقی ١٠ی پارتی سوپاسی سەردانەکی کردو هیوای سەرکەوتنی بۆلقی سۆرانی یەکێتی زانایانو مامۆستایانی ئاینی سنوورەکە خواست.

# بەبۆنەی مانگی پیرۆزی رەمەزانەوە لقی چەمچەماڵ خەڵاتی رێزلێنان دەبەخشێتە کۆمەڵێك کەسایەتی

سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠١٣/٧/٩ لەمەراسیمێکی شایستەدا وهاوکات لەگەڵ هاتنی مانگی پیرۆزی رەمەزاندا، بەئامادەبونی ژمارەیەکی زۆرلەزانایانی ئایینی و کەسایەتی و بەرپرسی دام ودەزگاکانی حیزبی و حکومی و کە نالّەکانی راگەیاندن لقی چەمچەماڵی یەکێتی زانایان خەڵاتی رێزلێنانی بەخشیە (٣٠) کەسایەتی لەسەرجەم چین و توێژە جیاوازەکان کەلە رابوردودا هەڵویستی جوان و جوامێرانەیان هەبوە لەبەرامبەر چینی زانایان و هاوکارو پشتیوانی لقی چەمچەماڵ بونە



# لقی سۆران ئامادەی سیمینارێکی تایبەت بەژینگە دەبێت




**راگەیاندنی لقی سۆران:** ئێوارەی ٢٠١٣/٧/٢٤ لقی سۆرانی یەکێتی زانایان بەسەرۆکایەتی بەرپرسی لق بەرێز مەلا خالد مەلەکی، لەخواردنگەی کۆشکی ئاراس لەقەزای سۆران بەشداریکرد لەسیمینارێکی تایبەت بەژینگە، کە دەستەی پاراستنو چاککردنی ژینگەی کوردستان بەهەماهەنگی بەرێوەبەرایەتی ئەوقاف سۆران بۆ ژمارەیەك مامۆستای ئاینی سنورەکە رێکیخستبوو.

شایەنی باسەلەدوای خوێندنەوەی چەندئایەتێك لەقورئانی پیرۆز، هەریەکە لەبەرێزان مەلا وەیسی مەلا سەعید بەرێوەبەری ئەوقاف سۆرانو، هەروەها حاکم جمال سەرۆکی دەستەی پاراستنو چاککردنی ژینگەی کوردستانو، م مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەد شێرکاوەی بەرپرسی ناوچەی چۆمانی یەکێتی زانایان، وتاریان پێشکەشکردو، تیایدا بەرێزیان تیشکیان خستە سەر گرنگی پاراستنی ژینگەو چۆنیەتی بایەخدانی ئیسلام بەو بوارەو، هەروەهابەرز نرخاندنی رۆڵی وتاربێژانو مامۆستایانی ئاینی بەگشتی سەبارەت بەپاراستنی ژینگە بەشێکی تری وتارەکەیان سەبارەت بەدروستکردنی هۆشیاری تاکی کوردبۆباشترکردن و ئاگابوون لەپاراستنی ژینگەی کوردستان لەپێناو بەرجەستەبوونی ژیانێکی تەندروستر بەو هۆیەوە.

دواتر چەندخەلاتێك بەوبەرێزانە بەخشرا کە چالاکیان لەوبوارەوە نواندوە ،هەرلەدوای کۆتای هاتنی سیمینارەکەش لەسەرئەرکی بەرێوەبەرایەتی ژینگە ئێوارە خوانێك وفتارکردنەوە بۆ بەشداربوان بەرێوەچوو.

# لقی چەمچەماڵ دیاری جەژنانە دەبەخشێتە ( ٨٠ ) زانای ئایینی سنورەکەیان




**راگەیاندنی لق: مەلامژدە شوانی:** سەر لە ئێوارەی رۆژی ٢٠١٣/٨/٧ لە مەراسیمێکی شایستەو کەم وێنەدا، وەك نەریتێکی ساڵانەی خۆی، ئەمساڵیش لقی چەمچەماڵی یەکێتی زانایان بە هاوکاری قایمقامیەتی قەزای شار دیاری جەژنانەی بەخشیە (٨٠) مامۆستای ئایینی سنوری لق، لە بەرامبەر رۆڵ و ماندوبونیان لەمزگەوتەکانیان لەمانگی پیرۆزی رەمەزاندا،هەر لەو مەراسیمەدا خەڵاتی رێزلێنان لەلایەن مامۆستا شێخ وەهاب سەنگاوی لێپرسراوی لقەوە بەخشرایە بەرێزان قایمقامی چەمچەماڵ و سێ راگەیاندنکاری شارەکە وەك سوپاس گوزارێك لە بەرامبەر هاوکاریکردنیان بۆ کارەکانی لقی چەمچەماڵی یەکێتی زانایان.

# لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان ڕێز لە مامۆستایانی ئاینی دەگرێت




**ڕاگەیاندنی لقی هەولێر مەعروف مەلا عولا روستایی:** بەبۆنەی مانگی رەمەزانی پیرۆزو، بەمەبەستی بەرز ڕاگرتنی شەوانی قەدر، وەك وەفاییێك بۆ (٧٠) مامۆستای ئاینی بەساڵاچووی خاوەن خزمەتی دوورودرێژ بەمزگەوتو موسڵمانان لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، ئاهەنگی بەخشینی خەڵاتی ڕێزلێنانیان بۆ ساز کردن .

سەرەتای ئاهەنگەکە بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکردو، دواتر وتەیەك لە لایەن شێخ نیاز راغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان پێشکەش کرا، تیایدا ئاماژەی بەئەرکی یەکێتی زانایانو، داموو دەزگا حکومیەکانی هەرێمی کوردستان کرد، بۆ خزمەت کردنی زانایانی ئاینیو بەرز ڕاگرتنی ڕۆڵاو پێگەیان لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواری موسڵمان .

پاشان سەرۆکی یەکێتی زانایان مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی وتارێکی پێشکەش بە ئامادەبوان کردو، سوپاسی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی کرد بۆ ڕێکخستنی ئەم مەراسیمەو هەروها ئاماژەشی بەرۆڵی مێژوی زانایانی ئاینی کردو گوتی: مامۆستایان ئێوەی بەرێز بوون، کە ئێمەتان فێری ئەوە کرد کە رێز لە کەسانی لە خۆمان گەورەتر بنێین، کە بێگومان ئێوەش خۆشەویستو چاو ساغی ئێمەنە، ئەرکە لەسەر شانی ئێمە کە رێزێکی تەواو لە ئێوەی بەرێز بگرینو لە خزمەتتان دابین، چونکە ئێوەی ماندونەناس هەردەم لە خزمەت خەڵکی ستەم دیدەی خۆتان دابووینە، بەتایبەت لە ساڵانێك کە ئێوە لەوپەری هەژاریو دەردەسەری دابوون، کەچی ئامادە نەبوون خۆتان جیا بکەنەوە لە خەڵکی خۆتان، ئێستا ش کە تەمەنێکتان بەرێکردوە، واجبی سەرشانی ئێمەیە، هەردەم خزمەت بە ئێوەی بەرێزو خۆشەویست بکەین، وە بەڵێنیشتان پێدەدەین کە ئەو ئەمانەتە گەروەی سەرشانمان کە لە ئێوەمان وەرگرتووە بە جوانترین شێوە پارێزگاری بکەینو، بە هەمان شێوە ببەخشینە نەوەی دوای خۆمان، هەروەك سەرەخۆشیشی لە بنەماڵەی ئەو مامۆستا بەرێزانە کرد کە ماوەیەکە پۆلێك لە مامۆستایان وەفاتیان کردوە.

هەر لە درێژەی قسەکانیدا مامۆستا مەلا عبدلا گووتی: یەکێتی زانایان ماڵی گشت مامۆستایانی ئاینییە بە تایبەت مامۆستایانی بەتەمەن پێم خۆشە ئێوەش بە ماڵی خۆتان بزانِنو رێنمایمان بکەن، کە بێگومان بە رێنماییکردنی ئێوە گەورە دەبینو بەرەو پێش دەچین، لە دوا وتەشیدا سەرۆکی زانایان دەستخۆشیەکی گەرمی لە لقی هەولێری یەکێتی زانایان کرد بۆ رێکخستنی ئەم مەراسیمە خنجیلانەیە.

پاشان وتارێك بەناوی مامۆستایانی خەڵاتکراو لەلایەن مامۆستا مەلا محمد وەرتی پێشکەش کراو، سوپاسو پێزانینی ئاراستەی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان کرد .

دواتر خەڵاتی رێز لێنان بەخشرا بە مامۆستایانی ئاینی شاری هەولێرو دەوروبەری

# چالاکیەکانی لقی ڕانیە

١- بەرواری (٢٠١٣/٨/١٣) لەبارەگای لق پێشوازی کرا لە چەند زانایەکی دەڤەری بیتوێن کە سەردانی لقیان کردبوو، گفتوگۆ لەسەر چەند شتێکی هەنووکەیی کرا، لەوانە دڵخۆشی زانایان بەبەشداریەکی بەرچاوی خەڵك لە ڕەمەزاندا بۆ بەندایەتی لە مزگەوتەکان تایبەت شەوانی قەدر کە زۆربەی مزگەوتەکان واڵا بوون و خەڵك عیبادەتی تێدا دەکردوو بێ هیچ گرفتێك مانگی ڕەمەزان بەڕێکرا و جەژن بە خۆشیەوە هات و خەڵکی بە ڕوحێکی برایانە جەژنە پیرۆزەیان لەیەکتر کرد .

٢- بەرواری (٢٠١٣/٨/١٥) شاندێکی لق بەشداری کرد لەو بانگهێشتەی کە مامۆستا شێخ لە بناری قەندیل ئەنجامی دابوو هەر لەو بانگهێشتەدا سەردانی چەند کەسایەتیەك کرا و مەقەڕێکی پەکەکەش بەسەر کرایەوە، شایەنی باسە لەو بانگهێشتەدا ئەوقاف و زانایانی بیتوێن و پشدەر تێیدا بەشدار بوون، کە ساڵانە مامۆستا شێخ ئامادەی دەکا.

٣- بەرواری (٢٠١٣/٨/١٧) شاندێکی لق پێشوازی کرد لە بەڕێز (د.محسین عبدالحمید) کە جەنابیان لە لایەن بەڕێز (م.عبدالقادر) ی هەڵۆنەیی بانگهێشت کرابوو بە بۆنەی تەواو بوونی لە خوێندنی بەکالۆریۆس لە موصل، شایەنی بەسە ئەم بانگهێشتە زۆرینەی زانایانی ئایینی دەڤەری بیتوێن و پشدەری گرتبۆوە، کە هەر لەم بانگهێشتە چەند ووتەیەکی تێدا پێشکەش کرا کە ڕاگەیاندنی لق سەرپەرشتی دەکرد لەوانە بەڕێز (م.عبداللە)ی زەنگڵ وتەی هەردوو لقی پشدەر و ڕانیەی پێشکەش کرد ، ئەمە و تەواوی میوانەکان نیوەڕۆ لەبەر خوانی (م.عبدالقادر) نانی نیوەڕۆیان خوارد .

٤- پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لقی ڕانیە و پشدەر بەیەکەوە سەردانی لقی (١١) پارتی دیموکڕاتیان کرد بە بۆنەی (١٦)ی ئاب، یادی دامەزراندنی پارتی دیموکڕاتی کوردستان .

# جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان سەردانی لقی سۆران دەکات

**ڕاگەیاندنی لقی سۆران:** ڕۆژی ٢٠١٣/٨/١٣ جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان بەرێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی بە مەبەستی جەژنە پیرۆزانە سەردانی بارەگای لقی سۆرانی یەکێتی زانایان کرد، ئەمەو لەلایەن بەرپرسو ئەندامانی لق بە گەرمی پێشوازی لێکرا.

لە دانیشتنێکی نێوانیاندا وێرای گۆرینەوەی پیرۆبای جەژن، رۆل وکاریگەری مامۆستایانی ئاینی بە گشتیو کاروچالاکیەکانی یەکێتی زانایان گفتوگۆی لەبارەوە کرا، هەروەك پەنجەش خرایە سەر ئەو بوارانەی کە پێویستە مامۆستایانی ئاینی زیاتر رۆلی خۆیان تێدا ببیننو خزمەتی زیاترو بەرهەمی زیاتر لەمەڕ پێشوەبردنو چالاککردنی بواری رۆشنبیری ئاینی لە کوردستان بەرهەم بێنن.

ئەمەو کۆتای دانیشتنەکە بەخۆشحالیو سوپاسگوزاری لقی سۆران بۆسەردانی بەرێزیان کۆتای هات

# مامۆستا مەلا نەجمەددین قەڵاتی کۆچی دوایی کرد



ڕۆژی ٢٠١٣/٧/٢٩ مامۆسا مەلا نەجمەدین قادر عەلی ناسراو بە مەلا نەجمەدین قەڵاتی کۆچی دوایی کرد.

بەو بۆنەوە لیژنەی ناوچەی چۆمانی یەکێتی زانایان پرسەنامەك ئاراستەی بنەماڵەی خوالێخۆش بوو دەکاتو ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا (مەلا نەجمەدین قەڵاتی)مان پێگەیشتو بەو بۆنەوە دڵگرانو بە پەرۆش بووین، چونکە دەزانین مامۆستا لە مەوقعی خۆی خزمەتێکی زۆری کردووەو لەچەند گوندێکی سنووری ناحیەی قەسرێ کارو پیشەی مەلایەتی ئەنجام داوە، وێڕای ئەوەش مامۆستا کەسێکی سادەو قسەخۆشو تێکەڵو بەهەڵوێست بووەو لە کاری رێکخراوەیش کەمتەرخەمی نەنواندووەو بگرە لە دوای دامەزراندنی یەکێتی زانایان مامۆستا ئەندامی ناوچەی گەڵاڵەی ئەو یەکێتیە بووە.

بەداخەوە ڕۆژی ٢٠١٣/٧/٢٩ بە نەخۆشیەکی کتوپڕ کۆچی دوایی کرد، بەوبۆنەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەکەیان دەکەینو لەخوا دەخوازین جێگەی بەهەشتی بەرین بێتو سەبریش بەکەسو کاری بدات.

(إِنَّا لِلّٰهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ)

**ناوچەی چۆمانی یەکێتی زانایان**

**٢٠١٣/٧/٢٩**

# چەند سمینارەکێ ئایینی ل دهۆکێ

**راگەهاندنا لقێ دهوك زانایان:** هەر بەردەوامیدان ب‍ـ وان سمینارێـت ئـایینی ئـەوێت رێڤەبـەریا گـشتی ورێڤەبـەریا ئـەوقافا قـەزا دهـوکێ بـ‍ـ هـەڤکاری دگـەل ئێکەتیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ لقێ دهوك ئامادەکرین ل چـەند مزگـەفتێن دهـوکێ ل شـەڤێن دوماهیا مـەها رەمەزانا پیروز پشتی تەراویحان بێنە ئەنجامدان..

لـ روژا ٢٠١٣/٨/٣ێ ماموستا (ملا خالد صابر) پێش نڤێـژێ مزگـەفتا (التقـوى) ل کومەلگـەها دومیـز.. سمینـارەك پێـشکێش کـر ل مزگـەفتا (سـید محمـد وەرمێلی) ل مالگا خارێ..

بابـەتێ سمینـارێ (ئـەم بوچـی هاتینـە ئافرانـدن)، دڤێ سمینارێدا ماموستای مـەرەم و ئەگـەرێ چێکرنا خودێ تەعالا بو مروڤایـەتیێ دیارکر، ئـەو مـەرەم ژی هـەر بـو پەرسـتنا ویـە بـتنێ بـێ شـریك وبـێ هـەڤال هەروەکی خودایێ مەزن کەرەم دکەت ودبێـژیت: {وَمَا خَلَقْت الجِنّ وَالْإِنْس إِلّـا لِيَعْبُـدُونِ}، ئـەڤجا هـەر کـارەك وکریارەك وبەرستنەکا هەبیت دڤێت بـتنێ بـو خـودایێ مـەزن بیـت.. ول دومـاهیێ خـەلکێ ڤـێ گـەرەکێ سوباسی ودەسـت خوشـی ل ماموسـتای کـرن بـو ڤـێ سمینارا گرنك و بـ مفا..




هەر بەردەوامیدان ب وان سمینارێت ئـایینی ئـەوێت رێڤەبـەریا گـشتی ورێڤەبـەریا ئـەوقافا قـەزا دهـوکێ بـ‍ـ هەڤکاری دگەل ئێکەتیا زانایێن ئـایینێ ئیـسلامێ لقـێ دهـوك ئامـادەکرین لـ‍ـ چـەند مزگـەفتێن دهـوکێ لـ‍ـ شـەڤێن دوماهیا مـەها رەمـەزانا پـیروز پـشتی تەراویحان بێنە ئەنجامدان..

لـ‍ـ روژا ٢٠١٣/٨/٢ێ ماموسـتا (مـلا سمیر عارف) پێش نڤێژ و وگوتـارخینێ مزگـەفتا (سـعید پـیران) ل تـاخێ رونـاهی.. سمینـارەك پێـشکێش کـر ل مزگەفتا (کومەلگەها بەروشکێ) هەر ل کومەلگەها بەروشکێ..

بابـەتێ سمینـارێ (بەختـەوەری)، دڤـێ سمینارێـدا ماموستای بەحسی نهێنی وکلیلکا بەختـەوەریێ کـر و کا چەوا مروڤێ موسلمان دێ شێت بەختەوەر ژیت وب دەسـت خوڤـە ئینیـت ل سـەر دونیـاییێ بـەری مـرن ل سەردا بێت داکو یـێ بەختـەوەر بیت دەمـێ دکەنـە د گورێ تاری و تەنك دا ودیسا یێ بەختەوەر بیت ل روژا دومـاهیێ ژی، ئـەو نهێنـی ژی ئەنجامـدان وگوهـداریا فـەرمانێت خـودایێ مەزنـە ول دیـف چـونا رێکـا بێغەمبـەرێ ویـە (محمد)ی سلاڤ لـێبن.. ول دوماهیێ ماموسـتای چـەند دوعـا کـرن بـو موسـلمانان گـشت ودوبـات ل هنـدێ کـر کـو چـجارا رێکـا خـودێ تـەعالا بەرنـەدەین ژبـەرکو هـەر ئـەوە موسـلمان پـێ بەختەوەریێ دبینیت وتام دکەتێ..

# لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان کۆدەبێتەوە

راگەیانـدنی لقـی هـەولێری زانایـان: بەمەبەسـتی هەڵـسەنگاندنی کاروبارەکـانی خۆیانیـان لـە مـانگی رەمـەزانی پـیرۆزو، تـاو تـۆی کردنـی بەرنامـەی کـارو چالاکی یەکانی بەرز ڕاگـرتنی شـەوانی قـەدری پـیرۆز، سەر لە بەیانی ئەمرۆ بەسەرپەرشتی شێخ نیاز راغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئـاینی ئیـسلامی کوردسـتانو، بـەئامادەبوونی کـارگێڕو، ئەندامانی لقو، بەرپرسـی ناوچـەکانی یـەکێتی زانایـان کۆبوونەوەی لق بەڕێوەچوو، هاوکات لەم کۆبوونەوەیـە ئیدانەی ئەم فەتوا شازانەکرا کە لەلایەن هەندێك بـەناو




مامۆستاو، لایەنی ئاینی لە سوریا دەرکراون سـەبارەت بـە حـەلاڵا کردنـی خـوێنو، مـاڵی کـوردانی رۆژئـاواو، هەروها ئیدانەی رۆویشتنی گەنجانی کوردستانی باشور کرا بۆ بەشداری کـردن لـە جـەنگی سـوریا لـە بـەرەی ئۆپۆزسیۆنو بەنادروستیان لە قەلەم دا، لەبەر ئـەوەی ئـەم گروپـە ئیـسلامیانە شـەر لـە دژی موسـڵمانانی کـوردی سـوریا بـەڕەوا دەزانـن، بۆیـە بڕیـاردرا هەڵمەتێکی وشیار کردنەوە لەلایەن مامۆستایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لەمزگەوتـەکان بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەست پـێ بکرێت .

# لقی شه قلاوەی یەکیتی زانایان بەشداری سمیناریکی سه نتەری ژینگەی شه قلاوه دەکات




**راگه یاندنی لقی شه قلاوه ی یـه کـیتی زانایـان:** کاتـژمێر ٦ ی ئێـوارەی ٢٠١٣/٧/٢٨ کـه هاوکـات بـوو لەگـەل ١٩ رەمـەزانی ١٤٣٤ ی کۆچـی لـەنێو باخـچەی چێـشتخانەی کوردسـتان لەشـەقلاوه فەرمانگـەی هووشیاری ژینگه بـه هەماهـەنگی سـەنتەری ژینگـەیی شەقلاوه و بەرێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی شەقلاوەو لقی شه قلاوه ی یـه کـیتی زانایـانی ئـایینی ئیسلامی کوردستان به سه رۆکایه تی ریزدارم تحسین خۆشناو به رپرسی لق به شداری کـرد لـه سمینـاریکی تایبـه ت بـه بـواری ژینگـه یـی لـه ژیرناونیـشانی (کاریگەری مامۆستایانی ئایینی له پاراستنی ژینگەدا ) بۆ بەرێز (عبدالله محمد عبـدالله) بەرێوەبـەری ژینگـەی هەولێر سازکرد تیادا بەرێزیان بەوودری تیشکی خـستـه سـەر پاراسـتنی ژینگـه و نـاوەرۆکی بابەتەکـه لای خۆشیانەوه مامۆستایانی ئایینی سوپاسی ئـەم جۆره چـالاکیانەیان کـرد کـەوا لـەپێناو خزمـەتی زیـاتر بـه ژینگەی کوردستان هەنگاو دەنێن شایه نی وتنه ژماره یه کی به رچاو له زانایانی ده ڤەره که به شداربوون و لـه لایـه ن لقـی شـه قـلاوه ش نامیلکـه یـه کـی بـه ناونیـشانی (ژینگـه پـاریزی لـه روانگـه ی ئیـسلامه وه دابه ش کرد به سه رئاماده بوان.

جێگەی ئاماژه پێدانه دوای بەکۆتا هاتنی سیمینار ئێـواره خوانێـك بـۆ مامۆسـتایانی ئـایینی و میوانـان سازکرا



# لقی شارەزوور کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەست

سەر لە بـەیانی رۆژی ٢٠١٣/٧/٣١ بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز بەرپرسی لق و کـارگێڕان و بەرپرسـی ناوچـەکان کۆبونـەوەی ئاسای مانگانەی لق ئەنجامدرا دوای خوێندنی قورئـانی پـیرۆز بـەڕێز بەرپرسـی لـق لەسـەرە ئـەم تەوەرانـە دووا سـەرەتا پیرۆزبـایی لـە بەرپرسـی ناوچـەی هـەورامان کـرد بـە بۆنـەی دامەزراندنی ناوچەکەیانەوە پاشـان کـارو چالاکییەکانی لـق و نوسـراوو ڕاسـپاردەکانی مەکتـەبی تـەنفیزی خوێندرایـەوە و وەباس لـە ئـەرکو ڕۆڵـی مامۆسـتایان کـرا لـە مـانگی پـیرۆزی ڕەمەزاندا پاشان بە خوێندنەوەی چـالاکی ناوچـەکان کۆتـایی بە دانیشتنەکە هات

# سۆران : سەرۆکی یەکێتی زانایان بەشداری ئێوارە خوانێکی ئەوقافی سۆران دەبێت

**راگەیانــدنی لقــی سـۆران**: ئێوارەی ٢٠١٣/٧/٢٧ بەرامبــەر١٨ رەمــەزانی پــیرۆز ،بەرێزمەلاعەبـدوللا مەلاسەعیدسـەرۆکی یـەکێتی زانایـان بـەیاوەری لقـی سۆرانی یەکێتی زانایان لە خواردەمەنی کۆشکی ئاراس لەسۆران ئامادەی ئێوارە خـوانێکی بـەربانگ شـکاندن بوو،کە بەرێوەبەرایەتی ئەوقافی سۆران بەبۆنەی مـانگی رەمــەزانی پــیرۆز بۆمامۆسـتایانی ئـاینی سـنورەکەی سازکردبوو.

شایەنی وتنەئێوارە خوانەکە بوەجێگەی خۆشحالی مامۆسـتایانی ئـاینیوسـەرجەم بەشـداربوان ،بۆئـەم مەبەســتەش سوپاســگوزاری خۆیــان ئاراســتەی بەرێوەبــەری ئــەوقاف ســۆران بەرێزمەلاوەیــسی مەلاســەعیدکردکەهەموو ســالێك بەوبۆنــەوە ئێـوارە خــوانێکی بــەربانگ شـکاندن بۆمامۆسـتایانی ئـاینی سنورەکە سازدەکات .

# ئیدارەی گەرمیان ئیوارە خوانیك بۆ زانایانی ئاینی دەڤەری گەرمیان ڕێکدەخات

**دانا مەلا حەمەئەمین- گەرمیان :** بەبۆنـەی مـانگی ڕەمەزانی پیرۆزو بەلەبەرچاوگرتنی ئەرك و ماندوبونیان ئیــوارەی رۆژی ٢٠١٣/٧/٢٤ ئیــدارەی گــەرمیانی حکومەتی هەریمی کوردستان ئیوارە خوانیکی بەربانگ کردنەوەی بۆ تەواوی زانایانی ئـاینی سـنوری گـەرمیان ڕێکخست ... لـەو ئیـوارە خوانـەدا کـە صـلاح کویخـا سەرپەرشتیاری ئیدارەی گـەرمیان و مامۆسـتا سـەلام تاوگۆزی بەرپرسی لقـی یـەکیتی زانایـان بەوەکالـەت و ستاف لق و بەرپرسانی ئـەوقاف لـە ناوچـەکە ئامادەی بوون دیاری تایبەت پیشکەش بە زانایانی ئـاینی کـرا و پاداشت کران

لەو بارەیەوە بەڕێز مامۆسـتا مـەلا سـەلام تـاوگۆزی لێپرسراوی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان بەناوی خـۆی و لقەکەیــەوە سوپاســی سەرپەرشــتیارو ئیــدارەی گەرمیانی کرد بۆ پشتیوانیە بەردەوامەکانی لە زانایانی ئاینی و بایەخ پێدانیان .



# سۆران : لەژێر چاودێری سەرۆکی یەکێتی زانایان ڕێورەسمێك بەڕێوەچوو



**ڕاگەیاندنی لقی سۆران:** پێش نیوەڕۆی ٢٠١٣/٨/٣ بەبۆنــەی ڕۆژانــی کۆتــای مــانگی رەمــەزانو هــاتنی شەوانی قەدری پیرۆز، لقی سۆرانی یەکێتی زانایـان لـە ژێر چاودێری بەرێز مەلاعبداللە مـەلا سـەعید، سـەرۆکی یــەکێتی زانایــانو، ئامــادەبوونی بەرپرســی لــق بــەرێز مەلاخالد مەلەکیو مەلاوەیسی مەلاسەعید بەرێوەبەری ئــەوقاف ســۆرانو، هەنــدێ لەنوێنــەرانی دامو دەزگائیداریــەکانی سنورەکە، لقــی سـۆرانی یــەکێتی زانایــان بەمەبەســتی دەرخــستنی بەهرەمەنــدی تواناکانیــان، ڕێــوڕەسمێکی ڕیزلێنــانی بۆکۆمــەلێك مامۆستاو قوتابی دەنگخۆشی قورئانی پیرۆز سازکرد.

شــایەنی باســە ســەرتای ڕێورەسمەکــە بەچــەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز دەستی پێکردو دواتـر وتـەی بەخێرهاتن پێشکەشکرا.

پاشــان لەوتەیەکیــدا ســەرۆکی یــەکێتی زانایــان گرنگیو بایەخی دەنگ خۆشی لەخوێندنەوەی قورئانو ڕازاندنــەوەو خوێندنــەوەی بەشــێوەیەکی ڕێــك وپێــكو پێدانی مافی قورئان لـەکاتی خوێندنیـدا بـۆ ئامـادەبوان خستەروو، هــەروەك ئاماژەشــی بــەرۆلی مامۆســتایانی ئـاینی کردسـەبارەت بەپێگەیانـدنی ئـەوجۆرە قوتابیـە دەنگخۆشـــانە، کەدەبنـــە مایـــەی ســـەربەرزی ولاتەکـەمانو، پێشخـستنی زانـستی خوێنـدنی قورئـان کەهەمیشە لەجیهانی ئیسلامیدا بایەخی تایبەتی خـۆی هەیە.

دواتــریش خــەلاتی ڕێزلێنــان بەســەرئەو مامۆســتاو قوتابیانــە دابەشـکرا کـە خـاوەنی دەنگـی خۆشـبوون لەخوێنــدنی قورئانــداو رێورەسمەکــەش بەخۆشــحالی ئامادەبوان کۆتای هات.

# ریڤەبەریا ئەوقافا ئاکری ولقی ئاکری یی زانایان فتاریٚ بۆ ( ٧٠٠ ) هاوەلاتیان ئامادەدکەن



پیرۆز بۆ جهی دل خوشیا خەلکی دەڤەری.

**حاجی جابر– راگەیاندنی ئــەوقافی ئــاکریٚ:** لـژیر چاڤدیریا ریزدار (سمیان عبدالخالق سعدی) ریڤەبـەری گـشتی یـی ئـەوقاف وکاروبـارین ئـاییني ل پاریزگـەها دهوك ریڤەبەریا ئەوقافا ئاکری بهەماهەنگی دگـەل لقـی ئاکری یا ئیکەتیا زانـایین ئـاییني ئیسلاما کوردسـتانی وبهەلکەفتا بـەرز راگرتنـا شـەڤین قـەدر فتـارەك پـیش کەشـی هـەمی تـەخ وچـینین دەڤـەرا ئـاکری کـر وە ل دیوانا ریڤەبەریا ئـەوقافا ئـاکری بریڤەچـوو وە یاهـەژی گوتنی یە کە زیاتر ل (٦٠٠) هاوەلاتیان ئامادەبوون وە بۆ (١٠٠) هاوەلاتیین دی هاتە ڤریکـرن کـە ئـەڤ کـاری

# لقی چەمچەماڵ داوا لە زانایانی سنوورەکەی دەکات خۆیان لە بابەتە خیلافیەکان دوورخەنەوە



**راگەیاندنی لــق: مەلامــژدە شــوانی:** ســـەرلەبەیانی رۆژی ٢٠١٣/٧/٣٠ بـــــە سەرپەرشــــتی مامۆســـتا شـــێخ وەهــاب ســەنگاوی لێپرســـراوی لــق و بـــــەئامادەبونی ســەرجەم کــارگێرانی لــق و بەرپرســـی ناوچـــەکان لقـــی چەمـچەماڵی یـەکێتی زانایــان کۆبونــەوەی ئاســـایی مانگانـــەی خـــۆی بەئــــەنجام گەیاند،ئەمـــــەو لەوکۆبونەوەیـەدا چـەندین بابـەت و تـەوەری گـرنگ تیـــشکی خرایەســـەرو گفتوگـــۆو تـــاوتویێ کـــران کەگرنگترینیان بریتیبون لە:

١– گـەورەیی وپـیرۆزی دەشـەوی کۆتـایی مـانگی رەمەزان و هەڵسانی مامۆستایانی ئـاییني بـە چـاکترین رۆڵی بەرچاو لەم شەوانەدا بەپێشکەش کردنی جۆرەها چالاکی هەمەچەشن و وتارو ئامۆژکاری پێویست لـەنێو مزگەوتەکاندابۆخەڵکی موسلمانی سنورەکە.

٢– مامەڵــەکردنی مامۆســتایانی ئـاییني زۆر بــە لێــزانین و ژیرانــەوە لەبەرامبــەر بابەتــە خیلافیــەکانی نێوزانایــانی ئیــسلام ودورکەوتنــەوە لــەدەمارگیری بــۆ فەتواو بۆچونی هەر مەزهەب و زانایەك.

٣– پاراســـتنی قودســـیەتی مزگەوتـــەکان و بەکارنەهێنانی بۆهیچ مەرامێکی تایبـەتی و بانگەشـەی حیزبــی هــەر لایــەنێکی سیاسـی گۆرەپـانی کـوردی لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا.

# رســالة العلماء

العـدد ( ٩٥ )

شوال/ ١٤٣٤

خەرمانان/ ٢٧١٣

آب/٢٠١٣

مجلّة ثقافية دينية شهرية يصدرها المكتب التنفيذي لاتحاد علماء الدين الاسلامي في كوردستان

صاحب الامتياز

ملا عبدالله ملا سعيد گرتكى

رئيس التحرير

ملا جعفر الگواني

مدير التحرير

ملا عبدالله الشيركاوي

المستشارون

ملا حمدامين الكلاري

ملا عبدالله الآكري

ملا نجم الدين وادي

غلاف وتصميم

كۆمپيوتەر دەريا


## اتّحاد علماء الدّين يناشد المنظمات الخيرية لإغاثة النّازحين السّوريّين في إقليم كوردستان




يناشد اتحاد علماء الدّين الإسلامي في كوردستان في نداء له المنظمات والهيئات الخيرية والمؤسسات الإنسانية في الدول العربية والإسلامية للاسراع إلى تقديم الدعم اللازم لإغاثة هؤلاء المهجرين والمنكوبين وإنقاذهم من الوضع المأساوي الذي يعيشه أكثر من مئاتي ألف لاجىء.

وإليك نصّ النداء:

(بسم الله الرحمن الرحيم)
